خەبات XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5720) یەک شەممە 31ی ئادار 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆک بارزانی پێشوازیی لە زانای کورد کۆچەر بیرکار کرد

دەستکەوتەکانی دکتۆر کۆچەر سەلێنەری ئەوەیە لاوانی کورد دەتوانن لە بواری زانست و داهێناندا سەرکەوتن بەدەست بهێنن



رۆژی پێنجشەممە 2019/3/28 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە زانای کورد و خاوەنی مەدالیای فیلدز، دکتۆر کۆچەر بیرکار کرد.

لە دیدارەکەدا سەرۆک بارزانی سوپاسی دکتۆر کۆچەر بیرکاری کرد و رایگەیاند کە کۆچەر بیرکار جێگەی شانازییە بۆ هەموو تاکێکی کورد و هیوای خواست کە نموونەی وەک دکتۆر کۆچەر لەناو لاوانی کورد زیاتر بن. هەروەها ئەوەیشی خستەڕوو کە دەستکەوتەکانی دکتۆر کۆچەر لە بواری زانستدا سەلێنەری ئەوەیە کە ئەگەر لاوانی کورد دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت وەک گەنجانی دیکەی جیهان دەتوانن لە بواری زانست و داهێناندا سەرکەوتن بەدەست بهێنن. سەرۆک بارزانی پشتیوانی خۆی بۆ هەوڵەکانی ئەو زانایەی گەلی کوردستان ڕاگەیاند لە یارمەتیدانی ئاستی زانستی و پێگەیاندنی قوتابیانی کوردستان و هیوای سەرکەوتن و تەمەندرێژیی بۆ خواست. هەر لەو دیدارەدا دکتۆر کۆچەر بیرکار وێڕای سوپاسگوزاری بۆ پشتگیرییەکانی سەرۆک بارزانی، باسی لە کۆمەڵێک پرۆژە و بیرۆکەی خۆی کرد کە بە نیازە بە هاوکاری لەگەڵ زانکۆی سەلاحەددین بۆ یارمەتیدانی قوتابیانی کوردستان پێشکەشی بکات.



کۆڕەو.. ڕەتکردنەوەی ژیانی ژێردەستەیی بوو



دوای ئیسماعیل بێشکچی و مستەفا زەڵمی

زانکۆی سەلاحەددین دکتۆرای شانازی بە کۆچەر بیرکار بەخشی

ڕۆژی چوارشەممە 27ی ئادار لە هۆڵی مامۆستا سەعد عەبدوڵڵا لە هەولێری پایتەخت، زانکۆی سەلاحەددین دکتۆرای شانازی بەخشییە پرۆفیسۆر دکتۆر کۆچەر بیرکار، زانای ناوداری کورد لە بواری بیرکاریدا. لە مەراسیمەکەدا نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆک وەزیران و د. ڤالا فەرید سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و وەزیرانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و پەرلەمانتارانی کوردستان و نوێنەرانی بەشێک لە کونسوڵخانەکان و پارێزگاری هەولێر و سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین و ژمارەیەکی لە مامۆستایان و قوتابیانی زانکۆ ئامادەبوون. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

پێشنیازی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا

سەرۆکی کوردستان بە هەمان دەسەڵاتەکانی پێشوو لە ناو پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت

دوێنێ پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پرۆژە یاسای هەمواکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کرد، دوای کۆبوونەوەکەش ئومێد خۆشناو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاسای هەمواکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم کرا، دواتر پرۆژە یاساکە ئاڕاستەی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان کرا. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

لێگەڕێن با حکوومەت دەست بە کاری خۆی بکات

سەلام عەبدوللا

بەڵگە نەویستە کە هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردن لە ولاتاندا بۆ زانینی پێگە و قەبارەی حزبە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن دەکرێ کە بەپێیە لەمەودوا بەپێی دەنگەکانی لە دامەزراندنی حکوومەتدا بەشداری بکات.

هەروەک حزبی براوەی یەکەمیش داوای لێدەکرێت کابینەی حکوومەت دروست بکات و گەر توانی بە تەنیا ئەو کارە ئەنجام بدات و دەنگی پێویستی هەبێت، ئەوا دەیکات، دەنا پەنا دەباتە بەر هاوپەیمانی لەگەڵ حزبەکانی ترو دەنگی پێویست دەستەبەر دەکات و بەپێیە حکوومەت دادەمەزرێنی و پلەو پۆست بەسەر خۆی و حزبەکانی تری بەشداربووی حکوومەت دابەش دەکات و ئەوانی دیکەش کە بەشدار نابن لە حکوومەتدا ئەو دەتوانن ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن ببینن لە پەرلەماندا و چاودێری وردی کارەکانی حکوومەت بکەن و کەموکوڕییەکانی دەستنیشان بکەن بۆ خەڵکی و لە هەڵبژاردنی داهاتووشدا وەکو چەکێکی کاریگەر دژی ئەو حزبانەی دەسەڵات بەکاری بهێنێن و دەنگی پێ پەیدا بکەن.

لەبەرئەوەی لە یەکەمین هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستاندا تەنها دوو حزب توانیان دەنگی پێویست پەیدا بکەن و بچنە نێو پەرلەمانەوە و بەهۆی نزیکی- تا ڕادەیەک- دەنگەکان لە یەکدییەوە و پاراستنی بارودۆخی هەرێم وا بە باش زانرا کە سیاسەتی پەنجا بە پەنجا پەیڕەو بکرێ و ئەو دوو حزبە وڵات پێکەوە بەڕێوە ببەن.

بەڵام لەوە دوا، لە هەڵبژاردنەکانی تردا، کۆمەڵێک حزبی تر مۆڵەتی لە هەڵبژاردندا بۆ ڕەخسا کە ئەوانیش بچنە نێو پەرلەمان و داوای بەشداری لە حکومڕانی وڵاتدا بکەن و هەروەک هەندێ حزبی نوێش هاتەکایەوەو توانیان بچنە نێو پەرلەمان، بۆیە ئەو هاوکێشەیەی دەسەڵات لە وڵاتدا تەنیا لە ڕێی دوو حزبەوە بەڕێوە ببرێ ئەو گرنگییەی نەما، بەتایبەتی کە دواتر حزبەکان بەسەربەخۆیی بەشداری هەڵبژاردنەکانیان دەکردو بەوپێیەش سەنگ و پێگەیان دیاری دەکراو ئیدی هیچ پاساوێک بۆ سیاسەتی پەنجا بە پەنجا نەما.

ئێستا کە پاش دوایین هەڵبژاردن هەموو حزبەکان قەبارەی خۆیان و سەنگیان لای دەنگدەران بۆ ئاشکرا بووە، پێویستە ئیتر گوێرایەڵی دەنگدەران بن و پاساو نەدۆزنەوە بۆ پێگەو میژووی کۆنی خۆیان و خەباتیان، چونکە ئەمە پرۆسەیەکی دیموکراتییەو دەبێت پەیڕەو بکرێت.

سۆسیال دیموکراتەکانی سوید 44 ساڵ حوکمڕان بوون، بەڵام کە لە هەڵبژاردنی 1982دا دۆڕان زۆر بە دلێکی گەورەوە کورسی دەسەڵاتیان بۆ حزبی براوە بەجێهێشت کە پێویستە هەموو ئەو حزبانەی بڕوایان بە هەڵبژاردن و مافی دەنگدەر هەیە ئەم ڕاستییە سادەیە بێ چەندو چوون قبوڵ بکەن بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانیشەوە، ئیدی حکوومەت دوای 181 ڕۆژ با دەست بە کاری خۆی بکات.

57 ملیۆن دەنگدەر بەڕپرسی ئیدارە خۆجێییەکان هەڵدەبژێرن

ئەمڕۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە باکووری کوردستان و تورکیا بەڕێوەدەچێت



ئەمڕۆ یەکشەممە 2019/3/31 لە باکووری کوردستان و سەرجەم شار و شارۆچکەکانی تورکیا هەڵبژاردنی شارەوانییەکان بەڕێوەدەچێت، کە هاوواڵتیان بۆ ماوەی 5 ساڵ نوێنەرانی خۆیان دیاری دەکەن. لە هەڵبژاردنی ئەمڕۆ 31ی ئازاردا 57 ملیۆن دەنگدەر بەڕپرسانی ئیدارە خۆجێییەکان هەڵدەبژێرن کە بۆ ماوەی 5 ساڵ لە ئەرکەکانیاندا دەبن. هەروەها 12 پارتی سیاسی بەشدارن لە کێبرکێکەدا و لە سەرتاپای تورکیادا 57 ملیۆن دەنگدەر ناویان تۆمار کراوە و لەسەر 194 هەزار و 390 سندوق دەنگ دەدەن. یەک ملیۆن و 156 هەزار دەنگدەریش کە 18 ساڵیان تەواو کردووە بۆ یەکەمجارە بەشداری دەکەن لە هەڵبژاردندا. 38 ملیۆن و929 هەزار و 732 دەنگدەر مێ، 28 ملیۆن و 128 هەزارو 904یان نێرن، کە سەرجەم 57 ملیۆن و 58 هەزار و 636دەنگدەرن و دەچنە سەر 194 هەزار و 390 سندوق.

تۆمەتبارانی ژێرئاوکەوتنی بەلەمەکەی مووسڵ لە هەولێر دەستگیرکران

تۆمەتبارانی ژێرئاوکەوتنی بەلەمەکەی مووسڵ لە شاری هەولێر دەستگیرکران و بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێریش سەبارەت بە دەستگیرکردنی 3 گومانلێکراوی ڕووداوی ژێرئاوکەوتنی بەلەمەکەی شاری مووسڵ، کە نزیکەی120 کەس خنکان، ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

پەکەکە بە گوشاری هێز نەبێت شنگال چۆڵ ناکات

قایمقامی شنگال ڕایگەیاند: حکوومەتی عێراق مۆڵەتی کشانەوەی لە شنگال داوەتە پەکەکە، بەڵام پەکەکە پابەندی بڕیارەکانی بەغدا نابێت و تاوەکو بە زەبری هێز دەرنەکرێت، **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

گوتەبێژی هۆزە عەرەبەکان هۆشداریی گەڕانەوەی داعش بۆ ناو خاکی عێراق دەدات

مزاحم ئەلحویت گوتەبێژی هۆزە عەرەبەکانی ناوچە سوننییەکانی عێراق بۆ مالپەڕی شەفەق نیوز ڕایگەیاندووە: کۆمەڵێک هۆزی عەرەبی سوننە ڕەتیان کردەوە ڕێگەبدەن دووبارە داعش بگەڕێتەوە ناوچەکانیان لە عێراقدا. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

مەکتەبی سیاسیی پارتی 85 ساڵەی دامەزراندنی حزبی شیوعی کوردستان پیرۆز دەکات

حزبی شیوعی بەدرێژایی کاروانی خەباتی سیاسیی خۆی داکۆکیکارێکی دڵسۆز بووە لە مافە رەواکانی خەڵک و ستەملێکراوان

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی دامەزراندنی 85 ساڵەی حزبی شیوعی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی بڵاوکردەوە، لە بەشێکی پەیامەکەدا هاتووە: حزبی شیوعی یەکێکە لەو حزبە رەسەنانەی بە درێژایی کاروانی خەباتی سیاسی و مێژووییی خۆی داکۆکیکارێکی دڵسۆز بووە لە مافە رەواکانی خەڵک و ستەملێکراوان و شانبەشانی هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکە دژ بە رژێمە سەرکوتکارەکان رۆڵی کاریگەر و گرنگی خۆی بینیوە و لەو ڕێگایەشدا قوربانی و شەهیدی زۆری داوە، کە مایەی شانازییە بۆ مێژووی خەباتی ئازادیخواز و دیموکراسیخوازانەی عێراق. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێزان/ سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی
لە حزبی شیوعی کوردستان..

بە بۆنەی 85 ساڵەی دامەزراندنی حزبە تێکۆشەرەکەتان حزبی شیوعی کوردستان، پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و تێکڕای کادیر و ئەندام و لایەنگرانی حزبەکەتان دەکەین، ئومێدەوارین هەمیشە لە پێشکەوتن و سەرکەوتندا بن لە پێناو بەدیهێنانی گشت مافە نیشتیمانی و نەتەوەیی و دیموکراسییەکان و بونیاتنانی دواڕۆژێکی ئاسوودە و بەختەوەر بۆ گەلەکەمان.

حزبی شیوعی یەکێکە لەو حزبە رەسەنانەی بەدرێژایی کاروانی خەباتی سیاسی و مێژووییی خۆی داکۆکیکارێکی دڵسۆز بووە لە مافە رەواکانی خەڵک و ستەملێکراوان و شانبەشانی هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکە دژ بە رژێمە سەرکوتکارەکان رۆڵی کاریگەر و گرنگی خۆی بینیوە و لەو ڕێگایەشدا قوربانی و شەهیدی زۆری داوە، کە مایەی شانازییە بۆ مێژووی خەباتی ئازادیخواز و دیموکراسیخوازانەی عێراق. ئاواتەخوازین ئەو دەرفەتە هەوێنی زیاتر یەکڕیزیی و تەبایی نێوان حزب و لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانەکە بێت.

لەم یادەدا دووبارە جەخت دەکەینەوە سەر هاوپەیمانیی و دۆستایەتی بەهێزی نێوانمان و سووربوون لەسەر پتەوکردنی بنەما راست و دروستەکانی خەبات و تێکۆشانی مەدەنیانە و دیموکراسییانە و بەدیهاتنی ئامانجە هاوبەشەکانمان، هاوکات ئاواتەخوازی زیاتری یەکڕیزی و تەبایی نێوان سەرجەم حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانین..

بە هیوای بەردەوامیی و، هەر سەرکەوتوو بن..

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/3/30

سەرۆک بارزانی پێشوازیی لە کونسوڵی ڕووسیا لە هەولێر کرد

لە کوردستان ڕەغبەتێکی زۆر هەیە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیی گەلی کوردستان و ڕووسیا

ئۆڵگ لێقین: ڕووسیا دەیەوێ پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان فراوان بکات



ڕۆژی پێنجشەمە 2019/3/28 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە ئۆڵگ لێقین کونسوڵی ڕووسیا لە هەولێر کرد.

لە دیدارەکەدا کونسوڵی ڕووسیا لە هەولێر سڵاوی وەزیر و جێگری وەزیری دەرەوەی ڕووسیای بە سەرۆک بارزانی گەیاند و ویژای جەختکردنەوە لە پەیوەندییە میژوویییەکانی نێوان هەردوولا و ڕۆڵی بارزانیی نەمر لە قوڵکردنی پەیوەندیی میژوویی نێوان گەلی کوردستان و گەلی ڕووسیا، پێگەی هەرێمی کوردستانی بۆ وڵاتەکەی بە گرنگ وەسف کرد و هەروەها ئاماژەی بە ویستی ڕووسیا دا لە فراوانترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا بە تایبەت لە بواری وزە و بیناسازی و خوێندن و چالاکییە کولتوورییەکان. لە بەشێکی تری وتەکانیدا کونسوڵی ڕووسیا لە هەولێر ڕۆڵی گەلی کوردستانی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و تووندڕەویی بەرزنرخاند. لای خۆیەوە سەرۆک بارزانی سوپاسی وەزیر و جێگری وەزیری دەرەوەی ڕووسیای کرد و پێزانینی بۆ هەڵوێستەکانی حکوومەتی ڕووسیا هەبوو لەمەڕ دۆزی گەلی کوردستان. ئەوەیشی دووپاتکردەوە کە پەیوەندییەکانی گەلی کوردستان و ڕووسیا مێژووین و لە کوردستان ڕەغبەتێکی زۆر هەیە بۆ پەرەپێدانی ئەو پەیوەندییانە.

هیوای سەرکەوتنیشی بۆ کونسوڵی ڕووسیا لە کارەکانی خواست. پەیوەست بە شەڕی تیرۆر سەرۆک بارزانی ئەوەی دووپاتکردەوە کە بە شانازییەوە یەکەم هەنگاوی تێکشکاندنی هەیبەتی داعش لەسەر دەستی پێشمەرگەی کوردستان بووە. باروودۆخی سیاسیی ناوچەکە و پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا تەوەرێکی تری ئەو کۆبوونەوەیە بوو.

سەنتیڤن مانسفیلد بۆ «خەبات»:

بەهۆی ڕیفراندۆمەوە جیهان تێگەیشت کە کورد هەتا نەگاتە ئامانجە نەتەوەییەکانی ناوەستێت

لە ئایندەیەکی نزیکدا گۆڕانکاریی گەورە لە بەرژەوەندیی کورددا دێتە ئاراوە



خەبات-مەریوان نەقشبەندی

نووسەرێکی گەورەی جیهان لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات، باسی ئایندەی کوردستان و ڕووداو پێشهاتەکانی سەردەمی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان و تا ئێستا دەکات و دەڵێت ئەوەی لە ڕیفراندۆم بەرهەمهات کۆمەڵێک دەستکەوتی نزیک و دوورە بۆ خەڵکی کوردستان و گرنگترینیان شکاندنی قوفڵی دەرگا داخراوەکانی بەردەم سەربەخۆیی گەلی کوردستان و دروستبونی دەوڵەتی کوردستانە.

د.ستیڤن مانسفیلد نووسەر و بیرمەندی گەورە و خاوەنی پرفرۆشترین کتێبەکانی جیهان لە لێدوانە تایبەتەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات، دەڵێت: من تێدەگەم لە ترسی ئەوکاتەی ئەمەریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەمەڕ سەربەخۆبونی کوردستان لەکاتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە ساڵی2017 چونکە ئەوان حیساباتی فراوانتر و بەرژەوەندی گەورەتریان لەبەرچاوگرتبوو، بەڵام هەموو دنیا بە سەرکەوتنی ریفراندۆمەکە گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە گەلێکی زوڵملێکراو هەیە و تەنها شاخەکان دۆستیانن و ناوەستن هەتا نەگەنە ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیان و ئێستا وڵاتێک، هێزێک، کەسایەتییەکی خاوەن ویژدان نەماوە، نەزانێت کورد کێیە و چی دەوێت.

د.ستیڤن مانسفیلد کە پێشتر دووجار سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە و لەگەڵ چەندین کەسایەتی سیاسی و ڕوناکبیری کوردیش دیدار و گفتوگۆی کردووە، کتێبە بەناوبانگەکەشی (موعجیزەی کورد) بە زمانی ئینگلیزی نووسیوە و دەیەوێ بۆ زمانەکانی فەرەنسی و ئەڵمانی و عەرەبی و کوردیش وەربگێڕێت لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: سەرۆک بارزانی دانپنەمۆی شکاندنی گەمارۆی سیاسی و فیکری سەر کوردستان بوو کاتێک وڵاتانی ناوچەکە و جیهان گوشاریان لێ دەکرد بۆ ئەوەی لە بڕیاری ئەنجامدانی ڕاپرسییە میژوییەکەی ساڵی 2017 پاشگەزبێتەوە، بەڵام ئەو وەک سەرۆکێکی خاوەن ئەزموون بە هەموو جیهانی گوت: ئەو کەسەی دەستی لەناو ئاودایە وەک ئەوە نییە کە دەستی لەناو ئاگردایە، بۆیە بە ئەنجامدانی ریفراندۆم هەموو ئەو قوفڵانەی شکاند کە بە دەرگای ئامانجە سەرەکییەکەی گەلی کوردستانەوە هەبوون . دڵنیاشم لە ئایندەیەکی نزیکدا گۆڕانکاری گەورە لە بەرژەوەندی کورد دێتە ئاراوە.


دەمانەوێ ناوچە سوننەنشینەکانی مووسڵ لەژێردەسەڵاتی پێشمەرگەدا بمێننەوە

گوتەبێژی هۆزە عەرەبەکان هۆشداریی گەڕانەوەی داعش بۆ ناو خاکی عێراق دەدات

خەبات: کەنعان پەهادین

مزاحم ئەلحویت گوتەبێژی هۆزە عەرەبەکانی ناوچە سوننییەکانی عێراق بۆ مالپەڕی شەفەق نیوز ڕایگەیاندووە: کۆمەڵێک هۆزی عەرەبی سوننە ڕەتیان کردەوە ڕێگەبدەن دووبارە داعش بگەڕێتەوە ناوچەکانیان لە عێراقدا.

ئەلحویت گوتیشی داوامان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کردووە کە ناوچە گوندنشینەکانی ناوچەی ئەنبار و سنووردارەکانی مووسڵ لەگەڵ سووریا کە لە حاڵی ئێستادا لەژێر ئیدارە و فەرمانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، با بەمشێوەیە بەردەوام بێت و حکوومەتی هەرێم ئیدارەی بکات. هەروەها گوتیشی: زۆرێک لە چەکدارانی داعش لە ڕێگەی سنوورەکانی سووریا و عێراق، خۆیان خزاندووەتە ئەو ناوچانە، بێگومان ئەمانەش لەناو بەشێک لەو هۆزانە هاوکاری کراون تا دووبارە بێنەوە نێو خاکی عێراق و چالاکییان دژی هێزی پێشمەرگە ئەنجامداوە و بەشێک لەو هۆزە عەرەبانە هاوکاری داعشیان کردووە و زانیاری و داتایان دەربارەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان داوەتە داعش لەکاتی هەبوونی شەڕی دژ بە ڕێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلام لە عێراق و شام.



ئەلحویت گوتیشی: ئەوە زۆر مەترسیدار دەبێت کاتێک خەڵکی ئەو گوند و شارۆچکانە بگەڕێنەوە، چونکە ئەوان دەبنە بەشێکی سەرەکی ئەو هێزی گەورەیە بۆ ئەنجامدانی کردەی تیرۆریستی، ناوبراو گوتیشی: دانیشتووانی ئەو ناوچانە ئێستا ئاوارە نین، بەڵکو زۆربەیان لە مووسڵ دەژین، بۆ ئەمە لێژنەی دیاریکردنی ڕاستییەکان بۆ دوای شەڕی داعش کە حکوومەتی هەرێم لە ڕێگەی دیندار زێباری دروستیکردووە، ئەوەی پشتڕاستکردووەتەوە کە بەشێک لە هۆزە عەرەبەکانی سەر سنووری عێراق سووریا لە پشتی دووبارە زیندووکردنەوەی داعش دەبن لەو ناوچانە.

مۆڵەتەکەی حکوومەتی عێراق بۆ کشانەوەی پەکەکە لە شنگال تەواو بووە

مەحما خەلیل: پەکەکە بە گوشاری هێز نەبێت شنگال چۆڵ ناکات



بەهۆی بوونی پەکەکە ئاوارەکانی شنگال ئامادە نین بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانیان

قایمقامی شنگال ڕایگەیاند: حکوومەتی عێراق مۆڵەتی کشانەوەی لە شنگال داوەتە پەکەکە، بەڵام پەکەکە پابەندی بڕیارەکانی بەغدا نابێت و تاوەکو بە زەبری هێز دەرنەکرێت، ئەستەمە پەکەکە شنگال چۆڵ بکات. مەحما خەلیل، لە لێدوانێکدا بە مالپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: حکوومەتی عێراق مۆڵەتی دابوو پەکەکە کە لە شنگال بکشێنەوە، بەڵام مۆڵەتەکە تەواو بووە و هێشتا پەکەکە ئامادە نییە بکشێتەوە، چونکە ئەوان نە گفتوگۆ دەزانن و نە یاسا جێبەجێدەکەن، بۆیە بە ڕای من بە زەبری هێز نەبێت، پەکەکە شنگال چۆڵ ناکات، چونکە جگە لە شەڕکردن هیچی تر نازانن. خەلیل گوتیشی: بە هۆی شەڕەکانی ئەم دواییەی نێوان پەکەکە و سوپای عێراقەوە، ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆر لەناو خەڵکی شنگالدا دروستبووە، چونکە هێشتا برینەکانیان سارێژ نەبوون و پەکەکە خەریکە تووشی کارەساتێکی دیکەیان دەکات. قایمقامی شنگال باسی لەوەشکرد: ئاوارەکانی شنگال ئامادە نین بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکە تاوەکو پەکەکە لەو شارەدا بوونی هەبێت، بۆیە پێویستە حکومەتی عێراق هەوڵی جیددی بۆ دەرکردنی پەکەکە لە شنگال بدات.

ئومێد خۆشناو: سەرۆکی هەرێم بە هەمان دەسەڵاتەکانی پێشوو لە ناو پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت

پڕۆژەیاسای سەرۆکایەتیی هەرێم تەنیا هی پارتی نییە و مولکی سەرجەم لایەنەکانە



دوێنێ شەممە 2019/3/30 پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پڕۆژە یاسای هەمواركردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کرد، دوای کۆبوونەوەکەش ئومێد خۆشناو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: خوێندنەوەی یەکەم بۆ پڕۆژە یاسای هەمواركردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم کرا، دواتر پڕۆژە یاساکە ئاڕاستەی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان کرا. هەروەها گوتیشی: داوا لە لیژنەی یاسایی کراوە کە بە زووترین کات ئامادەکاری بکرێت و ڕاپۆرتی خۆیان لە بارەی ئەو پڕۆژە یاسایەوە ئامادە بکەن بۆ ئەوەی دواتر خوێندنەوەی دووەم و سێیەم بۆ پڕۆژە یاساکە بکرێت.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی گوتیشی: کۆی پڕۆسەی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم و شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم پڕۆسەیەکی نیشتیمانییە و پێویستە کۆدەنگی نیشتمانی لەسەری دروست بێت.

گوتیشی: تا ئێستاش هیچ فراکسیۆنێک بەرهەڵستی خۆی بۆ ئەو پڕۆژەیە نیشان نەداوە و هەر فراکسیۆنێکیش کە سەرنج و تێبینییان لەسەر ئەو پڕۆژە یاسایە هەیە، لە کۆبوونەوەی لیژنەی یاسایی دەتوانن تێبینییەکانیان بخەنە بەرچاو.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی گوتیشی: ئەم پڕۆژەیە تەنیا هی پارتی نییە و پڕۆژەیەکی نیشتیمانییە و مولکی سەرجەم لایەنەکانە. گوتیشی: ناکرێت ئێمە لە میدیاکانەوە ئەو پڕۆژە یاسایە بە پڕۆژەیەکی نیشتیمانی نیشان بدەین و لە واقیعیشدا هەنگاوێک بە پێر ئەو پڕۆژەیەوە نەنێین و گرێ و لەمپەر بخەینە بەردەمی. ئەو پڕۆژە یاسایە سێ خاڵی گرنگ دەگرێتەوە، ئەوانیش: کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم و ڕاگرتنی یاسای دابەشکاری دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و هەموارێ شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە سەرۆک لەناو پەرلەمان بە هەمان ئەو دەسەڵاتانەی کە پێشوو هەیبوون هەڵدەبژێردرێت، تا ئەو کاتەی دەبینە خاوەنی دەستووری خۆمان. خۆشناو لە کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکەدا ڕاشیگەیاند: ئێمە وەک فراکسیۆنی پارتی هەرگیز نەمانویستووە بەبێ هیچ فراکسیۆنێک سەرۆک و ئەندامانی لیژنەکانیش هەڵبژاردن بکرێن، بەڵام ڕێککارە یاساییەکان بۆ ئەو مەبەستە ڕاناگیرێن. ئاشکراشیکرد، بۆ ئەم خولە سەرۆکی هەرێم لەناو پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت تا ئەو کاتەی دەبینە خاوەن دەستوور، ئەو کات دەستوور ئەوە دیاری دەکات، ئاخۆ سەرۆکی هەرێم لەناو گەل یانیش پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت.

ئاسایشی هەولێر دەستگیرکردنی تۆمەتبارانی ژێرئاوکەوتنی بەلەمەکەی مووسڵی ڕاگەیاند

د. تاریق نووری: بە فەرمانی دادوەر دەستگیرکراون و بەگوێرەی یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت

تۆمەتبارانی ژێرئاوکەوتنی بەلەمەکەی مووسڵ لە شاری هەولێر دەستگیرکران و بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێریش سەبارەت بە دەستگیرکردنی 3 گومانلێکراوی ڕووداوی ژێرئاوکەوتنی بەلەمەکەی شاری مووسڵ، کە نزیکەی 120 کەس خنکان، ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە. بەگوێرەی ڕاگەیاندراوەکەی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی هەولێر کە وێنەیەکی بەدەست خەبات گەیشتووە، تێیدا هاتووە: دوای ڕووداوی نغرۆبوونی بەلەمێکی پەڕینەوە لە شاری مووسڵ لەسەر فەرمانی دادوەری لێکۆڵینەوەی هەولێر، هەڵساین بە بەدواداچوون و دەستگیرکردنی سێ گومانلێکراوی ئەم کارساتە، بە ناوەکانی (ڕەیان مەجید ئیبراهیم، عبید ئیبراهیم، ئەحمەد فەتحی) کە خاوەنی شوێنە گەشتیارییەکەن. هەروەها بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر لە ڕاگەیەندراوەکەیدا ڕوونیشکردووەتەوە: لە لایەن ئێمەوە بەسەرپەرشتی دادوەری لێکۆڵینەوەی هەولێر لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت و لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکانی حکوومەتی فیدراڵ هەماهەنگی دەکرێت و دەستی هاوکاریمان کراوەیە لەسەر ئەم بابەتە. ئاسایشی هەولێر ڕاشیگەیاندووە: هەر کەسێکی تر لەم کەیسی کارساتەدا لەلایەن دادگاوە داوا کرابێت و لە سنووری چالاکیمان بێت و ئامادەین دەستگیری بکەین و بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

لەمبارەیەوە تاریق نووری، بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی پارتی گوتی، خاوەنی پڕۆژە گەشتیارییەکەی مووسڵ، لە شاری هەولێر بە فەرمانی دادوەر دەستگیرکراون و بەپێی یاساش مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. گوتیشی: دوای ئەوەی ئەو کەسانەی کە خاوەن پڕۆژە گەشتیارییەکەی مووسڵن کە بووە هۆی نوقمبوونی بەلەمێکی گەشتیاران و ژمارەیەکی زۆریان خنکان و ژمارەیەکیش ون بوون، هاتبوون بۆ شاری هەولێر، هێزەکانی ئێمە بە بڕیاری دادوەر دەستگیرکردن و ئێستا دەستبەسەرن.

بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر، گوتیشی، ئەو کەسانەی کە دەستگیرکراون، بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و هەر کاتێک دادگای مووسڵ داوای لە دادگای هەرێم کرد ڕادەستیان بکەین، ئێمەش ڕادەستیان دەکەین، بۆیە لە ڕێگەی دادگاوە و بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

لە 21ی ئەم مانگە بەلەمێک بە 200 سەرنشینەوە لە دوورگەیەکی گەشتیاری لە ڕووباری دیجلە لە شاری مووسڵ ژێرئاو کەوت و بە هۆیەوە 103 کەس گیانیانلەدەستدا و هێشتا دەیانی دیکەش بێ سەروشوێن.



شێخ محیەدین مزووری:

مووسڵ شاری بێحاکمە و فەرمانگەکان دەوام ناکەن

هیچ پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاریی تێدا نییە و چەندین دەست لەنێو مووسڵدا هەن



بەرپرسێکی پارتی لە مووسڵ پێیوایە، ئێستا مووسڵ شاری بێحاکمە و لە بوشایی یاساییدایە و فەرمانگەکانی حکوومەت وەک پێویست دەوام ناکەن.

شێخ محیەدین مزووری، کارگێڕی لقی چواردەی پارتی لە مووسڵ دەڵێت: دانانی شانەی قەیرانەکان لە مووسڵ هەنگاوێکی هەڵەیە، چونکە ئەنجوومەنی پارێزگا هەیە و دەتوانێت کارەکانی بەڕێوەبەرێت، پارێزگار و جێگرەکانی لادراون، واتە ئێستا ئیدارەی مووسڵ لە بوشاییی یاسایی دایە و فەرمانگەکانی حکوومەت وەک پێویست دەوامی خۆیان ناکەن، چونکە حکوومەت لەو شارە نەماوە. بەرپرسەکەی پارتی بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: مووسڵ شاری بێحاکمە و دوای ڕووداوەکەی هەفتەی ڕابردوو خەڵکی نیگەرانن لە دەسەڵاتدارانی عێراق، لەبەر ئەوەی هیچ پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاری نییە و چەندین دەست لەنێو مووسڵدا هەن.

لەبارەی دەستگیرکردنی پارێزگار و ژمارەیەک بەرپرسی حکوومەت، مزووری ڕوونیکردەوە: دادگای تێهەڵچوونەوەی مووسڵ فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ پارێزگاری مووسڵ و یەکێک لە جێگرەکانی و بەڕێوەبەری تاپۆ و ژمارەیەک فەرمانبەری دیوانی پارێزگا دەرکردووە، بەڵام تا ئێستا دەستگیرنەکراون، هەروەها چوونەدەرەوەیان لێ قەدەغە کراوە تا ئەو کاتەی دادگایی دەکرێن.

لە دوای ڕزگارکردنی مووسڵ و بەتایبەتی پاش ژێرئاوکەوتنی بەلەمەکە و خنکانی نزیکەی سەد و بیست کەس لە ئاوی دیجلەدا، کێشەکانی شارەکە جارێکی دیکە سەریانهەڵدایەوە و خەڵکی شارەکە بە هەموو شێوەیەک دژی حکوومەت و کاربەدەستانی بەغدا ناڕەزایی دەردەبڕن.

بەرپرس بووە لە چەکدارکردنی منداڵان و ئامادەکردنی خۆکوژان

عێراق.. گەورە تیرۆریستێکی داعش کوژرا

گرووپی سەرایا سەلام، بااڵی سەربازی ڕەوتی سەدر، کوژرانی گەورە تیرۆریستێکی داعش و لەگەڵ چوار یاریدەدەری ڕاگەیاند، سەرایا سەلام ڕاشیگەیاندووە، گەورە تیرۆریستەکەی داعش لەگەڵ چوار یاریدەدەری لە سنووری پارێزگای سەاڵحەددین کوژراون.

گوتەبێژی گرووپی سەرایا سەلام، سەفا تەمیمی ڕاگەیەندراوێکی بااڵوکردەوە و تیادا ئاماژەی بەوەداوە کە هێزی هەواڵگری لیوای سێی سەر بە سەرایا سەلام، ئۆپەڕاسیۆنێکیان دژ بە پاشماوەکانی داعش لە سنووری پارێزگای سەاڵحەددین ئەنجامدا. سەفا تەمیمی ڕایگەیاندووە کە لە میانی ئۆپەڕاسیۆنەکەدا، والی داعش و بەرپرس لە چەکدارکردنی منداڵان و ئامادەکردنی خۆکوژان، هەروەها بەرپرسی هێڵی گواستنەوەی نێوان بەناو ویلایەتی سەاڵحەددین و باکووری بەغدا، محەممەد ئینتیخاب لەگەڵ چوار یاریدەدەری کوژراون. ناوبراو باسی لەوەشکرد کە هەر لە میانی ئۆپەڕاسیۆنەکەدا، سێ چەکداری سەرایا سەلام بریندارببوون.





هەزاران کارمەندی گواستنەوە لە بەڵژیکا لە دژی کەمیی کرێ خۆیان نیشاندا

نێچیرڤان بارزانی: گەلی کوردستان لە هەر شوێنێک بێت شانازی بەو کەسایەتییە زانستییانەوە دەکات

زانکۆی سەڵاحەدین دوای ئیسماعیل بێشکچی و مستەفا زەڵمی، دکتۆرای شانازی بە کۆچەر بیرکار بەخشی



خەبات/عەلی بانیشاری

ڕۆژی چوارشەمە 27ی ئادار لە هۆڵی مامۆستا سەعد عەبدوڵڵا لە هەولێری پایتەخت، زانکۆی سەلاحەدین دکتۆرای شانازی بەخشییە پرۆفیسۆر دکتۆر کۆچەر بیرکار، زانای ناوداری کورد لە بواری بیرکاریدا. لە مەراسیمەکەدا نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆک وەزیران و د. ڤالا فەرید سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و وەزیرانی پەروەردە و خوێندنی بالا و پەرلەمانتارانی کوردستان و نوێنەرانی بەشێک لە کونسوڵخانەکان و پارێزگاری هەولێر و سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین و ژمارەیەکی لە مامۆستایان و قوتابیانی زانکۆ ئامادەبوون.

لەسەرەتای مەڕاسیمەکەدا د.ئەحمەد دزەیی، سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین گوتی" زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، وەک گەورە زانکۆو دێرین و پێشەنگەکەی کوردستان، هەردەم شانازی بە هەموو گەنجێکی کوردی داهێنەر کردووە جا لە هەر شوێنێکی کوردستان یا هەر کونجێکی جیهان بێت، ئەمە جگە لەوەش دەستی هەموو گەنجێکی کوردی گرتووە لە گەیشتن بە ئامانجەکانی و پاڵپشتیکردون بۆ داهێنان لە پسپۆڕی جیاوازدا، سالانە خەڵاتی ژمارەیەکی زۆر تۆپژەر دەکات کە ئاستی تۆپژینەوەکانیان بەرزە، ئێستاش بە شانازییەوە لەم کەرنەڤاڵە زانستییەدا بڕوانامەی دکتۆرای فەخری دەبەخشینە کۆچەر بیرکاری زانای پسپۆڕی ماتماتیک".

دزەیی گوتیشی" زانکۆی سەلاحەدین، لە مێژووی هاوچەرخی خۆیدا ئەوە سێیەمین بڕوانامەی دکتۆرای فەخریبە دەبەخشێتە کەسانی ناوازە وەک پێزانینێک بۆ هەنگاوو کارە نمونەییەکانیان، لە ساڵی 2014 بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بەخشییە دکتۆر ئیسماعیل بێشکچی بیرمەندی تورک و دۆستی گەلی کورد و پاشتر لە ساڵی 2015 بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بەخشرایە دکتۆر مستەفا زەڵمی هزرمەندی کورد، ئەمە ڕەنگە سێیەم و کۆتا نەبێت هەر کاتێک کەسانێک خزمەت بە دۆزی کورد بکەن لە ڕووی زانستی و سیاسییەوە و بگەینە ئەو بڕوایە کە دکتۆرا بەو کەسانە ببەخشین ئەوا ئەو هەنگاوە هەڵدەگرین بۆ هاندانی کەسانی دیکەی هاوشێوە".

دواتر نێچیرڤان بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کاتی بەخشینی دکتۆرای شانازی بە کۆچەر بیرکار گوتی: ئەوەی ڕاستی بێت، لەبەر دوو هۆ هەست بە خۆشحاڵی دەکەم. بێگومان یەکەمیان بوونی دکتۆر کۆچەرە لێرە کە ئەم بۆنەیە تایبەتە بە ئەوان. دووەم: لەوانەیە کاتی هاتبێ ئێمەش ڕایبگەینین، کەوا «پێویستە ڕووبکەینەوە بواری ژیانی شارستانییانەی ئاسایی کە سالانێکە بەهۆی گرژییەکان و ئاڵۆزی و شەڕەوە، کەمێک دوور کەوتبوونەوە».

سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئەوەشی گوت" گەلی کوردستان لە هەر شوێنێک بێت شانازی بەو کەسایەتییە زانستییانەوە دەکات کە دەتوانن لە بواری جۆراجۆردا ناوی کوردستان ببەنە پێشەوە و لە ناوخۆشدا ببنە هاندەری گۆڕانی بیر و هزری کۆمەڵگە، ئەمە خەباتێکی گەورەیە لە پاڵ خەباتی سیاسیدا". هەروەها گوتیشی" کوردستان پێشمەرگە و کەسی چاونەترسی زۆرە، ئەمڕۆ پێویستیمان بە کەسانی لێهاتوو و زانای بوارەکانی زانستە کە بتوانن پەرە بە بیر و مێشک بدەن". ئاماژەی بەوەشدا دکتۆر کۆچەر خۆی خۆی پێگەیاندووە و تەنیا بنەماڵەکەی پشتیوان و هاندەری بوون تاگەیشتە ئەوەی کە خەڵاتی ناوداری (فیلدز) لە بواری زانستی ماتماتیکدا بەدەست تێکچوو". گوتیشی" لەو کاتەدا خوێندن لە گوندەکەم پێشینە و مێژووی نەبوو، بەهۆی بارودۆخی ناوچەکەوە سەرەتای خوێندنم بە قۆناغێکی سەختدا تێپەڕی، بەشێک لە قوتابیانی گوند نەیاندەتوانی تا کۆتایی دڕێژە بە خوێندن بدەن".

کۆچەر بیرکار وەکو خۆی دەڵێت"25 ساڵە لە بواری بیرکاریدا خەریکی لێکۆڵینەوە بووە". دەشڵێت" ئەگەر بتەوێت کەسی داهێنەر دروست ببێت ئەبێت خۆت ماندوو بکەیت". هەروەها گوتیشی" هەموو ولاتێک زانای داهێنەری پێویستە، بەڵام تەنها زانین و بڕوانامە وەرگرتن کێشەکانی ئێمە و هیچ ولاتێک چارەسەر ناکات". ناوبراو لە درێژەی وتارەکەیدا سوپاسی مامۆستاکانی و دایک و باوک و براکانی کرد کە هاوکاریان کردووە تا درێژە بە خوێندن بدات.

فەریدوون دەرخشانی، ناسراو بە کۆچەر بیرکار لە ساڵی 1978 لە بەشێک لە قوتابیانی گوند نەیاندەتوانی تا کۆتایی دڕێژە بە خوێندن بدەن".

کۆچەر بیرکار وەکو خۆی دەڵێت"25 ساڵە لە بواری بیرکاریدا خەریکی لێکۆڵینەوە بووە". دەشڵێت" ئەگەر بتەوێت کەسی داهێنەر دروست ببێت ئەبێت خۆت ماندوو بکەیت". هەروەها گوتیشی" هەموو ولاتێک زانای داهێنەری پێویستە، بەڵام تەنها زانین و بڕوانامە وەرگرتن کێشەکانی ئێمە و هیچ ولاتێک چارەسەر ناکات". ناوبراو لە درێژەی وتارەکەیدا سوپاسی مامۆستاکانی و دایک و باوک و براکانی کرد کە هاوکاریان کردووە تا درێژە بە خوێندن بدات.

فەریدوون دەرخشانی، ناسراو بە کۆچەر بیرکار لە ساڵی 1978 لە گوندی(نێ)ای سەر بە شاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە، وەکو خۆی باسی دەکات لەسەرەتای چوونی بۆ قوتابخانە بیرکاری زۆر پێخۆش بووە. لە زانکۆی تاران بەکالۆریۆسی لە بیرکاریدا وەرگرتووە. پاشان لە زانکۆی نۆتینگهامی بەریتانیا ماستەر و دکتۆرای لە هەمان بواردا خوێندووە. لە 2006ەوە لە زانکۆی کەمبریج مامۆستای زانکۆیە. ساڵی ڕابردوو لە بواری بیرکاریدا لە ڕێو دی جانێرۆ خەڵاتی جیهانی فیڵدزی وەرگرت.





جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ستایشی ڕۆڵی مامۆستایانی کوردستان دەکات

هێمن هەورامی: سەرەڕای بوونی قەیرانەکان مامۆستایان نەیانهێشت پرۆسەی خوێندن بوەستێت

لە دیدارێکیدا لەگەڵ بەڕێوەبەرو مامۆستایانی دوانەوەندیی هەولێری تێکەڵاو کرد.

لە دیدارێکدا هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ڕۆڵی مامۆستایانی کوردستانی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و پێگەیاندنی ڕۆڵەکانی کورد لە خوێندنگەکان بەرزنرخاند و ستایشی خۆڕاگریی مامۆستایانی کوردستانی کرد کە سەرەڕای بوونی قەیرانەکان نەیانهێشت پرۆسەی خوێندن بوەستێت، کە ئەمەش نیشانەی دڵسۆزی و نیشتیمانپەروەریی مامۆستایانە بۆ نیشتیمانەکەیان.

هەر لەدیدارەکەدا جێگری سەرۆکی پەرلەمان، کورتەیەکی سەبارەت بە ئەرک و ڕۆڵی پەرلەمان لە چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت و دەرکردنی یاساو بەدواداچوونی کێشەکانی هاوواڵتیان بەسەرجەم چین و توێژەکانیانەوە.

سەبارەت بەپرۆسەی پەروەردە و خوێندنیش، هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند: "کە لە پەرلەمانی کوردستان لیژنەیەکی تایبەت بە پەروەردەو خوێندنی بالا هەیە کە بەدواداچوون بۆ کێشەو گرفتەکانی پرۆسەی خوێندن و پەروەردە و پێشخستنی دەکات لە ڕێگەی یاسا بەرکارەکان و هەموارکردنەوەیان و پێشکەشکردنی پڕۆژەیاسای تر کە خزمەتی زیاتر بە پرۆسەکە و ڕەوشی مامۆستایان بکات.

لە کۆبوونەوەی پێنجشەمە 2019/3/28هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بە ئامادەبوونی مونا نەبی قەهوەچی، سکرتێری پەرلەمان، لەگەڵ سەرۆک و جێگرو بڕیاردەری سەرجەم لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، تێڕوانینی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی سەبارەت بەشێوازی کارکردنی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان خستەڕوو لەکاتی گفتوگۆکردنی ئەو پڕۆژەیاسایانەی کەئاراستەی لیژنەکانیان دەکرێن بۆڕێکەوتی زۆر بەوردی تاووتوێیان بکەن و لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت و کەسانی شارەزا لەبوارەکەدا هەماهەنگیی تەواویان هەبێت بۆ دەوڵەمەندکردنی زیاتری پڕۆژەیاساکە و هەروەها مادەو بڕگەکانی پڕۆژەیاساکە بەشێوەیەکی یاسایی و دیموکراسییانە و بەدەنگدانی ئەندامانی لیژنەکە یەکلایی بکرێنەوە.

هەروەها بەرچاوڕوونیی دایە دەستەی سەرۆکایەتیی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان بۆ چۆنییەتیی چاودێری و بەدواداچوون بۆ کارەکانی حکومەت بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و بەدواچوون بۆ ئەنجامەکانی.



ئەردۆغان بەڵێنی گۆڕینی ناوی یەکێک لە دێرینترین شوێنەوارە ئایینییەکانی وڵاتەکەی دەدات

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە ئەردۆغان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن و دەنگی زیاتر ئەو کارە دەکات

خەبات-مەریوان نەقشبەندی: ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری لەگەڵ لایەنگر و دەنگدەرانی حزبەکەی لە شاری ئیستەنبوڵ، بەڵێنی ئەوەیدا کە دوای هەڵبژاردنەکانی ئێستای تورکیا ناوی مزۆزەخانەی ئایەسۆفیا کە یەکێکە لە دێرینترین شوێنەوارە ئایینییەکانی تورکیا، دەگۆڕێت بۆ مزگەوت، بەڵام وردەکاری لەسەرکات و ئالیەتی گۆڕانکارییەکە ئاشکرا نەکرد.ئەم بەڵێنەی ئەردۆغان ئەگەرچی چاودێرانی سیاسی پێیانوایە بۆ دەستکەوتنی دەنگی زیاتری موسڵمانانی تورکیایە لەم هەڵبژاردنەدا، بەڵام کاردانەوەی توندی پەیوەندیدارانی نێودەوڵەتی بە ئازادییە ئایینییەکان و پاراستنی شوێنەوارە ئایینییەکانی بەدوای خۆیدا هێنا و هەڕەشەی سزادانی زیاتری تورکیایان کرد، ئەگەر ئەم بڕیارە بدرێت لەلایەن ئەردۆغانەوە.بەپێی زانیارییەکان ئایەسۆفیا کە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەستەنبوڵ و سالانە ملیۆنان کەس لە تورکیا و جیهانەوە بەپارە سەردانی دەکەن وەک مۆزەخانەیەکی ئایینی مەسیحی و موسڵمانەکان لە ساڵی 532ی زایینی لەلایەن ئیمپراتۆری ڕۆمانی جۆناسان دەست بە دروستکردنی کراوە و دوای پێنج ساڵ تەواوبووە و کراوەتەوە و نزیکەی 900 ساڵ کەنیسە بووە تا ئەوکاتەی لەسەردەستی سوڵتانی عوسمانی محەمەد فاتیح گۆڕاوە بۆ مزگەوت و هەتا ساڵی 1935 بە مزگەوتی ماوەتەوە، واتە ماوەی 500 ساڵیش وەک مزگەوت بەکارهاتووە.ڕێکخراوی یونسکۆ ئەم شوێنەی وەک کەلەپوورێکی جیهانی تۆمارکردووە و بەڵێنەکەی ئەردۆغانیش لەلای مەسیحییەکانی تورکیا و جیهان و لەلای ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و شوێنەوار و ئازادییە ئایینییەکان بە ئیستیفزازی لە قەڵەمدراوە.

پێشنیازی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا



لە دانیشتنی دوێنێیدا پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پێشنیازی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تا پەسندکردنی دەستوور کرد.

کاتژمێر 3ی پاشنیوەڕۆی دوێنێ 2019/3/30 بە سەرۆکایەتیی د.ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمان و مونا نەبی قەهوەچی، سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (3)ی ئاسایی خولی بەهارە لە سالی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن بەڕێوەچوو.

سەرەتای دانیشتنەکە، لەلایەن مونا نەبی قەهوەچی، سکرتێری پەرلەمان بەرنامەی کاری دانیشتنەکە خوێندرایەوە کە بریتی بوو لە خوێندنەوەی یەکەمی (پێشنیازی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان-عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تاپەسندکردنی دەستوور)، هەروەها کۆنووسی دانیشتنی پێشوو و ناوی ئەندامانی ئامادەنەبوو و مۆڵەتپێدراو خوێندرایەوە.

پاشان فراکسیۆنەکانی کۆمەڵی ئیسلامی و نەوەی نوێ و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان خاڵی پەیڕەوییان هەبوو بەرامبەر بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەوەی کە ئەوانیش چەند پرۆژە یاسایەکیان بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان بەرزکردۆتەوە، بەڵام نەخراونەتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکەوە.

لەبەرامبەردا سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئەو (پێشنیازی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان-عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تاپەسندکردنی دەستوور)، بە دوای خوێندنەوەشی لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە ئاراستەی لێژنەی کاروباری یاسایی کرا بۆ ئەنجامدانی ڕێکارە یاساییەکان و بەمجۆرە کۆتایی بە دانیشتنەکە هێنا.

شایەنی باسە پێشنیازی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تاپەسندکردنی دەستوور، بەئیمزای 68 پەرلەمانتار پێشکەش بەسەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان کرا و سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستانیش بەنووسراوی ژمارە 26 لە 2019/3/28 ئاراستەی لێژنەی کاروباری یاساییی پەرلەمانی کرد و لێژنەی یاسایی-یش لەهەمان ڕۆژ کۆبۆوەو لەکۆبوونەوەکەدا بەزۆرینەی دەنگ سیفەی موستەعجەلی پێدراو بەدەنگی بەڵێی حەفت ئەندام ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کرا بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان بەمەبەستی گفتوگۆکردن و پەسندکردنی.



نەزهەت حالی

با حکوومەتێکی نیشتمانیی کارا پێکبهێنین تا کوردستان پارێزراوتر بێت

براوەی یەکەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، بە پێی یاساکانی هەرێمی کوردستانیش ئەرکی پێکهێنانی حکوومەت لەسەر شانی پارتی دیموکراتی کوردستانە، یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش بە پێی بارودۆخ و سروشتی سیاسیی کوردستان ئەرکی سەرشانیەتی بەشداری لە حکوومەتی داهاتووی هەرێم بکات، هەڵبەت گەر بیبەوێت بەو ئەرکە هەڵبستێت، ئەو بەشداری کردنە بۆ خودی یەکێتی و گەلی کوردستانیش باش دەبێت، هەر بۆیە برادەرانی سەرکردایەتی ئەو حزبە بە تایبەت خاوەن ئەزموونەکانیان بەرپرسیارێتی زیاتریان دەکەوێتە سەرشان بۆ ئەوەی بە ڕامانێکی دووربینانە و واقعیانە بۆ سەرکەوتنی حکوومەتی داهاتوو کار بکەن.

بزوتنەوەی گۆڕان بە بەشداری کردنیان لە حکوومەتی هەرێم پایەکانی حکوومەتی داهاتوو بەهێز دەکەن، گومانیش لەوە دانییە گەر یەکێتی بیبەوێت بەشداربییەکی ڕاستەقینە بکات هەر سێ لایەنی سیاسی (پارتی ،گۆڕان و یەکێتی) پێکەوە دەتوانن سێ پایەی سەرەکی بن لە پێکهێنان و بەڕێوەبردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام ڕەچاوکردنی بەشی هێزی یەکەم کە پارتییە لە پۆست و پایەکانی حکوومەت بە پێی ئیستیحقاقی خۆی کارێکی نارەوای نایاساییەو لەگەڵ ئیتیکی سیاسی و پڕەنسیپەکانی دیموکراسی ناگونجێت .

پێم وایە زۆر جار لە هەرێم سیاسەت وەکو هونەر و ئامرازێک بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات بۆ خزمەتکردنی گەل و نیشتمان، کە هەندێ جار بۆ ئەو مەبەستە هەندێ لە پارتە سیاسییەکان پێویستیان بە گرێدانی هاوپەیمانێتی هەبووە بۆ پێکهێانی حکوومەت و گرتنەدەستی دەسەڵات ، ئامانجی خۆی بە دروستی نەپێکاوە و لە خزمەتی بەڕێوەبردنێکی بە دوور لە کێشە نەبووە، لە بەر ئەوەی هەموو هێزە سیاسییە بەشدارببووەکان، وەکو پێویست کارکردن بۆ سەرکەوتنی حکوومەت و هەموو کابینەکەیان بە ئەرکی خۆیان نەزانیوە، تەنانەت ڕۆڵێکی نیمچە ئۆپۆزسیۆنیشیان بینیوە، بۆ ئەوەی بە مەزندەی خۆیان پارێزگاری لە ڕێژەی دەنگەکانیان بۆ داهاتوو بکەن، کە پێم وایە ئەم ئەزموونە نابێت لە کابینەکانی داهاتوودا ڕێگەی دووبارەبوونەوەی پێ بدرێت، چونکە دەبێتە هۆی لاوازبوونی دامەزراوە فەرمییەکان، هەروەها زۆرجار لەبەر بەرژەوەندی پارتە سیاسییەکان و هەندێ جاریش بۆ پاراستنی سەقامگیریی سیاسی چاوپۆشی لە مافی گشتی و حکوومەت و بواری کارگێڕی دەکرێت.

هەرێم بە بێ حکوومەت بەڕێوە ناچێت،بۆ پێکهێنانی حکوومەتیش ڕێکاری یاسایی بە ڕوونی دیاریکراون و ئەرکی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەو پارتانەیە کە دەیانەوێت لە حکوومەت بەشداربن یاسا جێبەجێ بکەن و حکوومەت پێکبهێنن.

بارودۆخی عێراق و ناوچەکە و فرە ڕەهەندی هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان ، لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کە ڕەنگە ڕووبدەن وا دەخوازن یەکگرتوو بین و خاوەن حکوومەتێکی کارا و بەهێزی نیشتمانی بین، هەروەها پارتە سەرەکییەکان بەشداری و هاوبەشییەکی بەرپرسیارانە بکەن لەو حکوومەتە نوێیەی کە جێگەی ئومێدێکی زۆرە کە لە پاڵ کاراکردنەوەی دامەزراوەی فەرمی و گرنگی سەرۆکایەتی هەرێم خزمەتێکی شیاوی گەلی کوردستان بکەن.

هیواخوازم ئەو لایەنانەی کە لە حکوومەتی داهاتوودا بەشدار نابن و لە پەرلەمان وەکو ئۆپۆزسیۆن دەمێننەوە وا باشە حکوومەت بە هی خۆیان بزانن و لە دڵەوە حەز بە سەرکەوتنی بکەن، هەروەها وەکو ئۆپۆزیسیۆنێکی بەرپرسیار بە چاودێری کردنی خۆیان حکوومەت لە هەڵەکان بپارێزن و هەمیشە بیر لە پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بکەنەوە بە تایبەت لە کاتی قەیرانە نەخوازراوەکان.

سەرۆکی پەرلەمان پێشوازیی لە مامۆستایان و قوتابییانی زانکۆی ئەمەریکی لەشاری دهۆک کرد



ڕۆژی پێنجشەمە 2019/3/28د.ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پێشوازیی لە ژمارەیەک لە مامۆستایان و قوتابییانی زانکۆی ئەمریکی لە شاری دهۆک کرد.

لە دیدارێکدا د.ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پوختەیەکی سەبارەت بە ڕۆل و ئەرکی پەرلەمان بەپێی یاسای ژمارە (1) یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە لە ساڵی 1992 دەرچووە و هەروەها بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کە ڕۆل و ئەرک و ڕێکارە یاساییەکانی ناو پەرلەمانی دیاریکردووە لە دەرکردنی یاساو چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت و چۆنیەتیی پێشکەشکردنی پرۆژەیاسا، چ لەلایەن حکومەتەوە بێت یاخود لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە بێت.

هەروەها ڕایگەیاند: "ئەو یاسایانەی کە لەپەرلەمانی کوردستانەوە و بەچەند ڕێکارێکی یاسایی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێشکەشدەکرێن و دواتر خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ دەکرێت و ئاراستەی لێژنە پەیوەندیدارەکان دەکرێن بۆ تاووتوێکردنی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت و بەمەبەستی وەرگرتنی ڕاوبۆچوونیان لەسەر پرۆژە یاساکە بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی زیاتری و ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەسەری، پاشان لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا جەختمان لەسەر پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا کردۆتەوە و لە ئێستادا پەیوەندیی نێوان هەرێم و بەغدا لە ئاستێکی زۆرباشدایەو دەخوازین حکومەتی عێراق پەرلەمان ڕایگەیاند: "لە یەکەمین دانیشتنی خولی پێنجەمی پەرلەمان، کە تیایدا دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا جەختمان لەسەر پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لە ئاستێکی زۆرباشدایەو دەخوازین حکومەتی عێراق هەنگاوەکانیان بۆ جێبەجێکردنی دەستوور خێراتر بکەن، لەنێویشیاندا مادەی 140ی دەستوور کە تایبەتە بەناوچە دابڕێنراوەکان و لەئاساییکردنەوە و سەرژمێری و ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانە و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردوولا بەجۆرێک کە لەبەرژەوەندیی هەموو گەلانی عێراقدا بێت".

لەلایەن خۆشیانەوە مامۆستایان و قوتابییانی زانکۆی ئەمریکی لە شاری دهۆک، وێڕای پیرۆزباییکردنیان لە سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی دەستبەکاربوونی لە پۆستەکەی، سوپاسی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیان کرد بۆ ئەو پێشوازییە گەرمە و ڕوونکردنەوەکانی سەبارەت بە ڕۆل و ئەرک و کارەکانی پەرلەمان لە ڕووی یاسایی و چاودێریکردنەوە.

لە کۆتاییشدا سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لۆگۆی پەرلەمانی کوردستانی وەک دیارییەک بە مامۆستایان و قوتابییانی زانکۆکە بەخشی و ئەوانیش نووسراوێکییان سەبارەت بە میژووی کوردو کوردستان و هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی پێشکەش بە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کرد.

بەبۆنەی یادەکانی ئادار و نەورۆز لە پۆڵەندا

چەندین کەسایەتی و کونسوڵی وڵاتان بەشداربیان لە ئاهەنگی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد

خەبات: هاوار موڕتکەیی

ڕێکەوتی 5ی خاکەلێوی 2719ی کوردی، نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵەندا یادی جەژنی نەتەوەیی نەورۆزی کردەوە، لە یادەکەدا چەندین کەسایەتی بەناوبانگی پۆڵەندی و بیانی بەشداریان کرد، لەوانە (نوێنەرانی حکومەتی پۆڵەندی و وەزارەتەکانی دەرەوە و دارایی و ئابووری، نوێنەرانی حکومەتە خۆجێییەکان، پەرلەمانتارانی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا و پەرلەمانی پۆڵۆنیا، بالۆێز و سەرکونسوڵ و کونسوڵی فەخری چەندین وڵات، دیبلۆماتکارانی ئەوروپی، نوێنەرانی زانکۆکانی پۆڵۆنیا، نوێنەرانی ئەو ڕێکخراوە خێرخوازیانەی کە یارمەتی مرۆیی پێشکەشی ئاوارەکانی کوردستان دەکەن، دۆستانی کورد لە پۆڵۆنیا،...هتد).

نوێنەرانی ڕەوەندی کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستان و قوتابیە کوردەکان بە جلوبەرگی کوردییەوە پێشوازیان لە میوانەکان کرد، میوانەکانیش لای خۆیانەوە پیرۆزبایی ساڵی نوێیی کوردییان کرد و هیوای داهاتوویەکی گەشیان بۆ کورد و کوردستان خواست.

سەرەتای یادەکە بە چەند خولەکێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان لەگەڵ مارشی نەتەوەیی (ئەی ڕەقیب) و مارشی نەتەوەیی پۆڵەندی دەستیپێکرد، دواتر زیاد ڕەئوف، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵۆنیا وتاریکی پێشکەش کرد و تێیدا باسی لە گرنگی مانگی ئادار بۆ نەتەوەی کورد کرد کە هەم ڕووداوی دڵخۆشکەر،هەم ڕووداوی دڵتەزینی تێدایە، لەوانە ڕێککەوتنامەی 11ی ئادارى 1970 و جینۆسایدی هەڵەبجە لە 16ی ئادارى 1988 و سەرهەڵدانی ڕاپەڕینە مەزنەکەی 1991. هەر لەو مێژووی جەژنی نەورۆز و گرنگی ئەو یادە نەتەوەییە کوردییەی بە ئامادەبووان ڕاگەیاند. پاشان ناوبراو باسی لە دوا پێشهات و دۆخی سیاسی و ئابووری و ئاسایشی کوردستان و ناوچەکە بۆ ئامادەبووان کرد و ئاماژەیان بەوەدا کە د. عادل عبدالمهدی وەک سەرۆک وەزیرانی تازەی عێراق کەسێکی گونجاوە بۆ گەڕاندنەوەی سەقامگیری و دیالۆگی نێوان هەولێر و بەغدا و هەندێک هەنگاوی جددی ناوە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان. لە کۆتایی وتەکانیدا، زیاد ڕەئوف سوپاسی حکومەتی پۆڵەندی و وڵاتانی تری ناو هاوپەیمانی نیودەوڵەتی دژ بە تیرۆر کرد بۆ پێشکەشکردنی هەموو جۆرە هەماهەنگییەک لە ڕووی سەربازی و ئابووریەوە لە ماوەی جەنگی دژ بە تیرۆرستانی داعش. هەروەها سوپاسی دەزگا خیرخوازیەکانی کرد کە یارمەتی پێشکەش بەو ئاوارانە دەکەن کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، وە هیوای بەردەوامی و هاریکاری زیاتری بۆ خواستن.

پاشان خاتوو ئەلیکساندرا خانزێل بەڕێرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی مازۆفێتسکی کە وارشۆ پایتەختیەتی، وتارێکی بەناوی سەرۆکی هەرێمی مازۆفێتسکی خوێندەوە و تێیدا پیرۆزبایی خۆیان بۆ یادی نەتەوەیی نەورۆز ڕاگەیاند و هیوای ئاشتی و سەقامگیری زیاتریان بۆ کوردستان خواست و ئاماژەی بە هەوڵەکانیان دا بۆ پتەوتر کردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە هەموو ئاستەکاندا.

پاش کۆتاییهاتنی خوێندنەوەی وتارەکان، میوانەکان لە کەشێکی ئارامدا لەگەڵ قوتابیە کوردەکاندا کەوتنە گفتوگۆ و سەرسامی و خۆشحالی خۆیان بە جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگی کوردی دەربڕی، جێی ئاماژە و دەستخۆشیە کە خاتوو (ماوگۆژاتکا ئۆلاشینتسکا) نوێنەری ڕێکخراوی پزیشکی خێرخوازی پۆڵەندی بە جلی کوردییەوە ئامادەی یادەکە بوو، ئەم هەڵوێستەشیان نیشاندانی دۆستایەتیانە بوو بۆ گەلی کورد.



کۆچەر بیرکار لە ئایندەیەکی نزیکدا دانیشتنێکی فراوان لەگەڵ قوتابیان و مامۆستایانی وانەی بیرکاری ئەنجامدەدات



ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 2019/3/28 پڕۆفیسۆر کۆچەر بیرکار براوەی خەڵاتی فیلدز سەردانی وەزارەتی پەروەردەیان کرد هاوڕا لەگەڵ دکتۆر ئەحمەد دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین، لەلایەن دکتۆر پشتیوان سادق وەزیری پەروەردە و ڕاوێژکاران بەرزانی کۆبوونەوە و پشتوانی پڕۆژە و کارەکانیان کردووم. کۆچەر بیرکار باسی گرنگی ڕۆڵی حکومەت کردو گوتی: ڕاستە دەبێت حکومەت پشتگیری تاکەکان بێت، بەڵام دەبێت تاک خۆی هەوڵی گەورە بدات بۆ داهێنان و پێشکەوتن.

وەزیری پەروەردە سەرەڕای بەخێرهاتنی کۆچەر بیرکار گوتی: جێگەی شانازی هەموو کوردێکی و ئێمە وەک وەزارەتی پەروەردە دڵخۆش دەبین جەنابتان هاوکارمان بن لە پڕۆژەی تایبەت بە ماتماتیک و بوونی قوتابیانی بەهرەمەند لە هەرێم نیشاندەری خواستێکی گەورەی ئێمەیە لە پەروەردەکردنی تاکێکی سەرکەوتوو. هەر لەم چوارچێوەیەشدا بوو کە بڕیار لەسەر ئەنجامدانی دانیشتنێکی بەرفراوان لەگەڵ قوتابیان و مامۆستایانی وانەی بیرکاری لە ئایندەیەکی نزیک درا.

بەرپرسی لقی دوو پیرۆزبایی 85 ساڵەی دامەزراندنی حزبی شیوعیی کوردستان دەکات



سەر لە بەیانی دوێنێ شەممە 2019/3/30 ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری کارگێڕانی لق، بۆ گەیاندنی پەیامی پیرۆزبایی بەبۆنەی 85 ساڵەی دامەزراندنیان، سەردانی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستانی کرد و لەلایەن د.کاوە مەحمود سکرتێری حزب و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پێشوازیان لێکرا.

لەو دیدارەدا بەرپرسی لقی دوو پیرۆزبایی 85 ساڵەی دامەزراندنی حزبی شیوعی کوردستانی لە سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کرد و ئاماژەی بە خەبات و تێکۆشانی بێپسانەوەی حزبی شیوعی کرد لەپێناو داکۆکی کردن لە مافی گەلی کوردستان.

هاوکات ئومێدی کرد بە یەکڕیزی و تەبایی نێوانیان ئەزموون و دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان بپارێزن کە بەخوێنی شەهیدان بونیات نراوە.

پێتەر هاوکنز ستایشی هەڵوێستی مرۆڤدۆستانەی گەل و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات



خەبات- سەید فەخرەدین:

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر لە دیوانی پارێزگادا پێشوازی کرد لە پێتەر هاوکنز بەرپرسی یونیسێف لە عێراق و مەولوود وارفا بەرپرسی یونیسێف لەهەولێر و شانەی یاوەری. لە دیدارێکدا کە بەبۆنەی تەواو بوونی ئەرکی ڕاسپێردراوی پێتەر هاوکنز بەرپرسی یونیسێف لەعێراق ڕێکخراوە، پارێزگاری هەولێر ستایشی کارو خزمەتەکانی بەرپرسی یونیسێفی لە عێراق کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لەکارو پۆستی تازەیدا. پێتەر هاوکنز وێڕای خواحافیزی کردن، خۆشحاڵ بوون بەو هەماهەنگییەی کە لەگەڵ پارێزگای هەولێر لەماوەی ڕابوردوو هەیانبوو، ستایشی هەڵوێستی مرۆڤدۆستانەی گەل و حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ لەخۆگرتنی سەدان هەزار ئاوارەو پەنابەر و لێقەوماوان و هەروەها ستایشی ئەو کارئاسانیی و پشتگیریەی پارێزگا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ کاروبارنامەکانی فریاگوزاری و مرۆیی و تەندروستی و پەروەردەیی کەلەگەڵ ڕێکخراوی یونیسێف لەماوەی ڕابوردوو کردوویانە و هیوای خواست ئەو هەماهەنگی و هاوکاریکردنە بۆ بەرپرسانی ڕێکخراوی ناوبراو بەردەوام بێت.

میرگەسۆر... بودجەی پێویست بۆ چارەکردنی کێشەی کارەبا دابین کراوە

قایمقامی میرگەسۆر ڕایگەیاند، بودجەی پێویست بۆ چارەکردنی کێشەی کارەبا لە میرگەسۆر دابین کراوە، بە ڕاکێشانی هێڵی 132ش لە وێستگەی ڕێزانەوە بۆ وێستگەی کانیەلنج و جیاکردنەوەی هێڵی کارەبا لە نێوان وێستگەی بارزان و وێستگەی میرگەسۆر، کێشەی بارگرانی چارە دەبێت و کاتژمێرەکانی کارەباش زیاد دەبن. غەفوور ئەحمەد، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێ: دوای بە دواچوون و ئەنجامدانی چەند کۆبوونەوەیک لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان سەبارەت بە کێشەی خراپی و کەمیی کارەبا لە سنووری میرگەسۆر، خۆشبەختانە ڕەزامەندی درا لەسەر تەواوکردنی هێڵی 33 کەیڤیی شێروان مەزن _ میرگەسۆر_دۆرێ_یلێ بۆ چارەکردنی بارزۆریی کارەبا لە سنووری شارۆچکەکەمان.

ئەحمەد دەشڵێ: ئەوەی زۆر پێویست بوو، کێشەی کارەبا بوو لە ناوچەکە کە چارە بکرێت، ئەویش خۆشبەختانە بودجەی پێویستی بۆ دابین کراوە، ئەگەر لەبەر کەشوهەوا نەبوایە، هەتا ئێستا دەست دەکرا بە ڕاکێشانی هێڵی132 لە وێستگەی ڕێزانەوە بۆ وێستگەی کانیەلنج و جیاکردنەوەی هێڵی کارەبا لە نێوان وێستگەی بارزان و وێستگەی میرگەسۆر، بێگومان مەبەستیش لێی چارەکردنی بارگرانییە. قایمقامی شارۆچکەی میرگەسۆر تەواوکردنی هێڵی 33 کەیڤی شێروان مەزن _ میرگەسۆر_دۆرێ_یلێ بۆ چارەکردنی بارزۆریی کارەبا لە سنووری شارۆچکەکەمان.

ئەحمەد دەشڵێ: ئەوەی زۆر پێویست بوو، کێشەی کارەبا بوو لە ناوچەکە کە چارە بکرێت، ئەویش خۆشبەختانە بودجەی پێویستی بۆ دابین کراوە، ئەگەر لەبەر کەشوهەوا نەبوایە، هەتا ئێستا دەست دەکرا بە ڕاکێشانی هێڵی132 لە وێستگەی ڕێزانەوە بۆ وێستگەی کانیەلنج و جیاکردنەوەی هێڵی کارەبا لە نێوان وێستگەی بارزان و وێستگەی میرگەسۆر، بێگومان مەبەستیش لێی چارەکردنی بارگرانییە. قایمقامی شارۆچکەی میرگەسۆر گوتیشی: دەمەوێت سوپاسی بێپایانی دانیشتووانی شارۆچکەی میرگەسۆر بکەم، سەرەڕای خراپی و کەمیی کارەبا، هاوکاریی تەواوی ئێمەیان کردووە لەم دۆخەدا، بە تەواوبوونی پڕۆژەکەش، گەیاندنی کارەبا زۆر باشتر دەبێت و هاوواڵتیان لە پێدانی کاتژمێرەکانی کارەبا سوودمەندتر دەبن، هەموو هەوڵێکیش دەدەین تا وەرزی گەرما کارەکانی پڕۆژەکە تەواو بکرێن، هەروەها سوپاسی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گشت لایەنە پەیوەندارەکان دەکەین کە هاوکارییان کردین بۆ دەستپێکردنەوەی پڕۆژەکە.

کارزان عەبدولهادی: قۆناغی دووەمی قیرتاوکردنی شەقامی 100 مەتری دەستپێدەکاتەوە

کارزان عەبدولهادی بەرێوەبەری شارەوانی سێ لە لێدوانێکیدا بۆ کوردستان تیڤی گوتی: بە سوپاسەوە بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی و وەزیری شارەوانی هەولێر و پارێزگای هەولێر کە بڕیاردرا بۆ دووبارە قیرتاوکردنی شەقامی 100 مەتری هەولێر بچێتە بوای جێبەجێکردن، قۆناغی یەکەم لە شەقامی کۆیە بە شەقامی شۆرش دەبەستێتەوە، چووە بواری جێبەجێکردن.

لە هەفتەی داهاتووش چاوەڕێین کەشوهەوا لەبارێت قۆناغی دووەم بچێتە بواری جێبەجێکردن، ئەویش شەقامی شۆرش بە شەقامی کۆیە دەبەستێتەوە. سەبارەت بە تێچووی گوزمەکە بەرێوەبەری شارەوانی سێ گوتی: بڕی 600 ملیۆن دیناری بۆی خەرجکراوە بە هەردوو قۆناغ، 33هەزار مەتر چوارگۆشەیە بۆ هەر قۆناغێکیان.

لێرەوە داوا لە هاوواڵتیانی خۆشەویست دەکەم کە هاوکارمان بن هەروەکو چۆن لە قۆناغی یەکەم هاوکارمان بوون، لە قۆناعی دووەمیش هاوکارمان بن، بۆ ئەوەی بتوانین بڕگەکان بە شێوەیەکی ئەندازەیی سەبارەت بە پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی گەرەکی هەولێری نوێ، بەرێوەبەری شارەوانی سێ گوتی: ئەو بەشانەی کە خزمەتگوزاری بۆ نەچووە ئێمە وەکو بەشی هونەری سەر بە بەرێوەبەرایەتیەکەمان سەردانی ئەو شوێنانەمان کردووە پشکنینمان بۆ کردووە کە خزمەتگوزاری پێویستە بۆ بکرێت لای خۆمانەوە بەرزمان کردۆتەوە بۆ سەرووی خۆمان چاوەڕێن کە بودجەی بۆ تەرخان بکرێت بچێتە بواری جێبەجێکردن.

لە دوای نۆژەنکردنەوەیدا توانای ئەوەی هەیە 25 هەزار هاندەر لەخۆی بگرێت

یاریگای نێودەوڵەتیی کەرکووک بە گوژمەی 20 ملیار دینار نۆژەن دەکرێتەوە



خەبات- ئارام شێرکۆ:

یاریگای نێودەوڵەتیی کەرکووک لە ساڵانی هەشتاکان دروست کراوە، بەڵام لە پاش ڕاپەڕینەکەی ساڵی 1991 کراوەتە سەبارگە، و پاشتر لە لایان فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بۆردومان کراوە، لە ساڵی 2003 دوای پڕۆسەی ئازادی ژمارەیە خێزانی ئاوارەی گەڕاوە تێدا نیشتەجێ بووە. بەڵام پاش ئەوەی بریار درا کە نۆژەن بکرێتەوە ئەو ماڵانە قەرەبوون کران و یاریگاکەیان چۆڵکرد، دەست کراوە بە نۆژەن کردنەوەی. سەبارەت بەم نۆژەنکردنەوەیە حەربی خالید سەرۆکی لێژنەی ئۆڵۆمپی عێراق نوێنەرایەتی کەرکووک، لە لێدوانێکی تایبەتی پێیڕاگەیاندین: کە پاش ئەوەی لە ساڵی2003 ئەو یاریگایە لە لایان ژمارەیەکی خێزانەوە داگیرکراو کردیان بە شوێنی نیشتەجێبوون بۆ خۆیان تێدا مانەوە، ئێمە هەوڵی زۆرماندا بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو یاریگا ئۆڵۆمپیە تاکو گەیشتینە ئەنجام. حەربی گوتیشی: 20 ملیار دینار تەرخان کرا، بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو یاریگا نیودەوڵەتیە و لە قۆناغی یەکەمی نزیکە 11 بۆ12 ملیار دیناری تێدا خەرج کرا، لە ئێستایش لە قۆناغی دووەم و کۆتاییە هەر بۆ ئەم مەبەستەیش وەزیری وەرزش و لاوانی خودی خۆی هاتە کەرکووک و پڕۆژەکەی بەسەرکردەوە، بریاری دا قۆناغی دووەم دەست پێبکاتەوە، لە 2018/8/ 30 دەستکرایەوە بە ئیشکردن لە پڕۆژەکە، کە4 ملیاری بۆ تەرخان کراوە.

حەربی گوتیشی: بە تەواوبوونی نۆژەن کردنەوەی ئەم یاریگا نیودەوڵەتیە کەرکووک هەنگاوێکی زۆر باش دەچێتە پێشەوە، لە هەموو جۆرە وەرزشەکان بە تایبەتی یاری تۆپی پێ، لەگەڵ ئەوەیش بە هۆی گەورەی یاریگاکەوە دەتوانین هەموو یەکێتیە وەرزشیەکان لیژە کۆبکەینەوە و شوێنیان بۆ دەستنیشان بکەین. حەربی گوتیشی: کە کۆمپانیای ڕەشید هاڤانە ئەرکی نۆژەنکردنەوەی ئەم یاریگایەی لە ئەستۆ گرتووە و ئێستا کاری تێدەدەکات بە سەرپەرشتی فەرمانگەی ئەندازیاری وەزارەتی وەرزش و لاوان و فەرمانگەی ئەندازیاری وەزارەتی پیشەسازی. یاریگای نیودەوڵەتی کەرکووک توانای ئەوەی هەیە 25 هەزار هاندەر لەخۆی بگرێت، یەکێکە لە یاریگا ئۆڵۆمپیەکانی لە سەر ئاستی عێراق و کاتێک لە کەرکووک ئەم یاریگایە هەبووە لە بەشێکی زۆر پارێزگاکانی تری عێراق یاریگای وەرزشی نەبووە و لەساڵی 1988یەکەم یاری نێودەوڵەتی لە میانی پاڵەوانێتی لاوانی دوورگەی عەرەبی ئەنجامدرا.



ئەو هاووڵاتیانەی خانووی کۆڕییان کڕیوە مافیان پارێزراوە



خەبات/ سەید فاتیح
بەرزنجی: لەلێدوانێکدا نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر ڕوونیکردەوە: ئەو هاوڵاتیانەی کە خانووی کۆریان کڕیوە دڵنیا دەکاتەوە مافی ئەوان پارێزراوەو پرسی خانووی کۆربەکان لەلایەن دەستەی وەبەرهێنان چارەسەر دەکرێت و پڕۆژەیەکی وەبەرهێنانی کەرتی تایبەتە. شایانی باسە پڕۆژەی گوندی کۆربەکان لە شاری هەولێر نزیکەی پێنج ساڵە بڕەپارەیەک لەهاوڵاتیانی کرێنشین وەرگیراوەو تائێستا تەواو نەکراوەو دوای پێنج ساڵ چاوەڕوانی حکومەت لە مانگی ڕابردوو بڕیاری ڕاگرتنی چوار هەزار خانووی گوندەکەی دا.

بەرپرسێ لقا ئێک ژ بۆ نێزیک هایداریێ ڕێژا بلندبوونا ئاڤا، سەرەدانا سکرێ دهوکێ دکەت



دگەل هاتنا ڤێ شەپولا باران بارینێ کو هەرێما کوردستانێ گرتی و پارێزگەها دهوکێ بێ بەهر نەبۆ ژ ڤێ بەرەکەتێ، بویە ئەگەرێ بلندبوونا ڕێژا ئاڤێ لسکرێ دهوکێ، ژ بۆ نێزیک هایداریێ ڕێژا بلندبوونا ئاڤا سکری، سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجوومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک سەردانا سکرێ دهوکێ کر و دگەل ئەندازیار و بسپورێن ڤێ بابەتی ژ نێزیک ڤە هاتنە دیتن گوهداری کر ل دور ڕەوشا سکری، خوش بەختانە هەمی ئامادەکاری ژ لایێ وان ڤە هاتینەکرن دگەل ڤێ شەپولا باران بارینێ، بەرپرسێ لقێ دەست خوەشی ل وان کر کو شەف و ڕۆژ د ئەرکێ خوە دانە .

هەروسا د ڕێورەسمەکێ هەژی دا ب ئامادەبونا بەرپرسێ لقا ئێک، هژمارەکا کەسایەتیا و مالباتێن قوتابیان و کومەلا جودی ژ بۆ فێرکرن و ژبەرکرنا قورئانا پیروز، ئاهەنگەکا ئولی سازکر. دڤێ ئاهەنگێ دا بەرپرسێ لقێ پەیڤەک ئاراستەیی قوتابیێن سەرکەفتی کر و گوت: دڤێت ئەم هەمی دخزمەتا گەل و نیشتمانێ خوە دا بین، ڤی وەلاتی بپارێزین و ماموستایێن ئولی فاکتەرێن سەرەکینە بۆ ڤێ چەندێ چونکی زۆر خوشتڤیا گیانێ خوە پێش کێشکریە دا کو ئەم ئەڤرو ب ئازادی بژین، دیسان پیروزباهیا قوتابیێن سەرکەفتی یێن ڤێ خولێ کر، چەندین دیاریێن لقا ئێک ئاراستەی وان کرن.

پارێزگەها دهوکێ بۆ ئامادەکرنا پروژێن خزمەتگاری بەرهەڤێن پێشوەخت دکەت

خەبات- دهوک: نیڤرویا ڕۆژا 2019/3/28 فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ سەرپەرشتیا کومبونەکا تایبەت کر دگەل هەردوو جێگرێن پارێزگەری وهاریکارێ پارێزگەری بو کاروبارێن مروڤایەتی وقایمقام وڕێڤەبەرێن گشتی وچەند ڕێڤەبەرێن فەرمانگەهێن خزمەتکاری.

دکومبونێدا پارێزگەرێ دهوکێ ئاماژە دا نوترین پێشهاتێن سیاسی ل هەرێما کوردستانێ وهەول وبزاڤێن دهێنە کرن بو پێک ئینانا حکومەتا نوو یا هەرێما کوردستانێ کو دهێتە چاڤەرێکرن ل دوماهیا مەها نیسانێ بهێتە ئاڤاکرن.

هەروسا پارێزگەرێ دهوکێ بەحسێ پەسەندکرنا بودجا ئیراقێ وجێگیرکرنا پشکا هەرێما کوردستانێ ژمولچەی وبودجا گەشەپێدانێ کر وتەکەزکر کو دڤێت هەر ژنوکە فەرمانگەهێن خزمەتکاری وبێن پەیوەندیدار خوبەرهەڤکەن وپلان وپروژێن فەر وخزمەتکاری بێن گرێدای ب ژیانا ڕوژانە یا وەلاتیانڤە دەست نیشانکەن ودەمێ بودجە دهێتە هنارتن کار وپڕوژە پێ بهێنە ئەنجامدان وژپشکدارێن کومبونێ خواست هەموو بەرهەڤیا بو وێ پلانێ هەروسا بو بودجا وەزارەتا بکەن کو دهێتە چاڤەرێکرن ل سەر نەهێلانا دیاردا خازخازوکێ ل سەر جادا وجهێن گشتی هاتە کرن. پاش گەنگەشێن تێر وتەسەل ژلایێ پشکدارێن کومبونێ ل سەر هەموو بابەتان هاتنە کرن.

لە گەرمیان گۆڕانی کەشوهەوا ژمارەی نەخۆشیی زیاتر کردووە

خەبات- سەربە یوسف: بەپێی ئامارێکی نەخۆشخانەی گشتی کەلار، بەهۆی گۆڕانی کتوپڕی کەشوهەوا لە هەرێمی کوردستان و دەڤەری گەرمیان، ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتیان نەخۆش کەوتوون، ئامارێکی نەخۆشخانەی گشتی کەلاریش ئەو ڕاستیە دەردەخات. بەپێی ئامارێکی نەخۆشخانەی گشتی کەلار، کە وێنەیەکی بە خەبات دراوە،هاتوە: تەنیا لەماوەی هەفتەی ڕابرودا، 2017 نەخۆش سەردانی بەشی ڕاوێژکاری نەخۆشخانەی گشتی کەلاریان کردوە. هەر بەپێی ئامارەکە لە بەشی نەشتەرگەری نەخۆشخانەش 87 نەشتەرگەری جۆر بەجۆر کراوە. سامان حەمید، پسپۆری نەخۆشیەکانی هەناوی بۆ خەبات باسی لەوەکرد گۆڕانی کتوپڕی کەشوهەوا کاریگەری دەبێ لەسەر زیاتر نەخۆشکەوتنی هاوڵاتیان، هەربۆیە ژمارەی نەخۆش ڕووی لە زیاد بوون کردوە لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان.

هەولێر.. کۆگایەکی گەورەی کەلوپەلی جوانکاری دەستی بەسەردا گیرا



خەبات/ سەید فاتیح بەرزنجی: موقەدەم سۆران بەڕێوەبەری بەشی پۆلیسی شارەوانی ڕوونیکردەوە: لەلایەن لیژنەی بەدواداچوون و چاودێری دەرمان بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوانی ڕێکخراوی سەر بە ئاژانسی پاراستن و کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمان و قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر و بەشی پۆلیسی شارەوانی توانرا دەست بەسەر هەزار کارتۆن پێداویستی جوانکاری جۆراوجۆری ئافرەتاندا بگرن، کە ماوە بەسەر چووبوون لە کۆگای سەنتەرێک لە شەقامی 40 مەتری لەژێرناوی سەنتەری بیوتی للجمال و لەلایەن خاوەنەکەی دەستکاری لابردنی بەرواردەکەی کرابوو. لێرەوە داوا لەو کەسانە دەکەین کە ئەو جۆرە کەلوپەلانەی کریوە بیگەڕێنێتەوە، چونکە ماوەکەی بەسەرچووەو کاردانەوەی یاسایش لەگەڵ خاوەنەکەی دەگیرێتەبەر.

ب ئامادەبونا 600 نوشداران دووەمین کونفرانسێ نوشداریا دەڤ ودانا هاتە ئەنجامدان

خەبات دهوک: ل ژێر دوریشمێ نوشداریا ددانا دناڤبەرا داهێنان وپێشڤەچونێ دا ل ڕیکەفتی 2019/3/28 ل هولا کونگرەیان ل باژێرێ دهوکێ و ب ئامادەبونا فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ و سەروکێن چەند زانکویا ل پارێزگەهێ و بەرپرسێن حزبی وحکومی وببەرهەڤبونا نێزیکی 600 نوشدارێن ددانا ژوەلاتێن ئەمریکا هولەندا وهندستان وترکیا ومسر وئیمارات وئیراق وهەرێما کوردستانێ دووەمین کونفرانسێ نیڤ دەولەتی یێ نوشدارایا دەڤ ودانا هاتە ئەنجامدان.



کونفرانسی بەرچاڤکر

پاش پارێزگەرێ دهوکێ پەیڤەک پێشکێشکر وبناڤێ کارگێریا پارێزگەهێ بخێر هاتنا میهڤانان کر ودەست خوشی ل وان هەموو لایەنان کر یێن کونفرانس ڕێکخستی وسەرکەفتن بو کونفرانسی خواست.

پارێزگەرێ دهوکێ تەکەزی ل سەر وێ چەندێ کر کو ساخلەمی ئێک ژبابەتێن گرنگە ل سەر ئاستێ هەر وەلاتەکی وهەرجڤاکەکی هەروسا ل سەر ئاستێ تاکە کەسی تایبەتی پاراستنا ددانا زور یا گرنگە دناڤا جڤاکیدا وزور یا فەرە ئەڤ جورە کونفرانسێن زانستی ل دور ساخلەمیا دەڤ ودانا بهێنە ئەنجامدان بو پێشئێخستنا ڤی کەرتێ گرنگ.

پارێزگەرێ دهوکێ ئاماژەدا وێ گرنگیا حکومەتا هەرێما کوردستانێ دەتە کەرتێ تەندورستی وگوت گەلەک پشتەڤانی بو ڤی کەرتی هاتیە کرن لێ هێشتا نە ل سەر ئاستێ پێدڤی یە یێ کو ئەم حەزدکەین وخواست پتر پشتەڤانی بهێتە کرن تایبەتی ئاڤاکرن وتوماکرنا وان پێنج نەخوشخانێن گشتی ل پارێزگەهێ کو ژبەر برینا بودجێ هاتینە ڕاگرتن.

هەروەسا خواست کو سازیێن تەندورستی پتر دویڤ چون وچاڤدێریا کەرتێ ساخلەمیێ بکەن چ یێ گشتی بیت یان یێ تایبەت بو وێ یەکێ باشتر خزمەتا خەلکێ پارێزگەهێ بهێتە کرن.

پاش جودا پەیڤێن سەروکاتیا زانکویا دهوک وریڤەبەریا گشتی یا ساخلەمیێ ل پارێزگەهێ وسەندیکا نوشدارێن ددانا ل هەرێمێ وپەیڤا سەندیکا نوشدارێن ددانا ل ئیراقێ هاتنە خاندن وگرنگیا ڤان جورە کونفرانسان بەرچاڤکرن.

پاش تابلویا فلکلوری یا پێکڤە ژیانێ ژلایێ تیپا دهوک یا هونەری هاتە نیشان دان.

هەربڤێ هەلکەفتێ پێشانگەها کەل وپەلێن نوشداریا دەڤ ودانا هاتە ڤەکرن و 30 کومپانیا کەلو وپەلێن تایبەت ب نوشداریا ددانا ڤە بەرچاڤکربوون.

ئەڤ کونفرانسە ژلایێ کولیژا نوشداریا ددانا وب هەڤکاریا زانکویا دهوکێ وریڤەبەریا گشتی یا ساخلەمیێ ل پارێزگەها دهوکێ هاتیە ڕێکخستن ودێ دوو ڕۆژا ڤەکێشیت وچەندین ڤەکولین وورکشوب وچالاکییێن زانستی دێ هێنە ئەنجامدان.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای مەزن و دڵۆڤان
بەڕێز دکتۆر سەباح سوبحی حەیدەر
بەدڵگرانیەوە هەواڵی کۆچی دوایی سوبحی حەیدەر حەسەن بەزاز- ی باوکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. هاوبەشی خەمی بەڕێزتان و خانەوادە بەڕێزەکەتانین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین. لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.
ئاللە وانا الیە ڕاجعون
بارەگای بارزانی

***

خانەوادەی خوالێخۆشبوو مەلا ناسیح مەلا عوبێد
بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری کۆمەڵایەتی و ئاینی ناوچەی شوان مەلا ناسیح مەلا عوبێد دانە سۆفی- مان پێگەیشت. هاوبەشی خەمی خانەوادە بەڕێزەکەتانین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و خزم و دۆستانتان دەکەین. لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو مەلا ناسیح مەلا عوبێد بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.
ئاللە وانا الیە ڕاجعون
بارەگای بارزانی

***

بەڕێز کاک فەرمان حاجی محەمەد کوێخا حوسێن
بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی باوکی شەهید سیروان و کەسایەتی دیاری کەڵەر و پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول حاجی محەمەد کوێخا حوسێن کەڵەوڕ- مان پێگەیشت. هاوخەمی بەڕێزتان و خانەوادە تێکۆشەرەکەتانین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و خزم و دۆستانی کەڵەوڕ دەکەین. لە خودای گەورە داواکاری ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.
ئاللە وانا الیە ڕاجعون
بارەگای بارزانی

***

هەڤاڵ و هاوکاری بەڕێزمان هۆگر بایز
خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی ناوادەی کاکە ئەلیاسی کوڕی بەڕێزتان، کە بەهۆی نەخۆشی لە وڵاتی نەرویج کۆچی دواییکرد.
هاوبەشی خەم و پەژارەتانین و سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و خانەوادە و تەواوی خزم و دۆست و هەڤاڵانتان دەکەین. لەخوای گەورە داواکارین سەبووری و بەهەموو لایەک ببەخشێت و جێگای جگەرگۆشەکەتان بەهەشتی بەرین بێن.
ئاللە وانا الیە ڕاجعون
دەزگای ڕێشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

سوپاس و پێزانین

بەناوی بنەماڵەی کۆچکردو تۆفیق نامیق دەلۆ وە سوپاسی هەریەک لە بەڕێزان بارەگای بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتیمان و لقی 15ی خانەقین و لقی 22ی گەرمیان و خزمان و دۆستانمان لە هەولێر و سلێمانی و کەرکوک و، خانەقین، کفری، کەلار، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و جەلەولا و سەعدییە و بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی خانەقین و بنکەی هاتوچۆی خانەقین، کە هەرلە سەرقەبرانەوە هاوخەمان بون و ئامەدەبون هەتاوەکو هەر چوار ڕۆژی پرسەی باوکم لە هەولێر و خانەقین. دەستی یەک بەیەکیان دەگوشین و سوپاسی هاوخەمییان دەکەین و دواکارین لە یەمزدانی مەزن ببیانپارێزی
شێرکۆ تۆفیق نامیق دەلۆ
کارگێڕی لقی 15ی خانەقینی پارتی دیموکراتی کوردستان



زۆری مۆڵەتەکانی نەخۆشی مامۆستایان کێشەی ناوەندەکانی خوێندنن

بەرپرسانی پەروەردە گومانیان لە ناڕاستی ڕاپۆرتە پزیشکییەکان هەیە





بەڕێوەبەرێکی پەروەردە:
لەسنوری یەک پەروەردە 85%ی مۆڵەتەکان فەقەراتی پشتە

بەڕێوەبەرێکی لیژنە پزیشکییەکان:
ئێمەش گلەیی ئەوەمان لەپەروەردە هەیە مادام دەزانن ئەو مامۆستایە بە فیعلی نەخۆش نییە بۆچی نوسراویان بۆ دەکەن؟

بەدواداچوون: ڕۆشنا عەلی

پرسی مۆڵەتی کاتی مامۆستایان لە ناوەندەکانی خوێندندا دەنگی داوەتەوە بە جۆرێک زۆربەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان گلەیی و گازاندەی ناڕاستی ئەم شێوازە لە مۆڵەت پێدان دەکەن کە مامۆستایەک مۆڵەتی 28 ڕۆژ و 45 ڕۆژە دوبارەکردنەوەی چەند جارەی مۆڵەتەکە دەکەن تا تەواو بوونی ساڵێکی خوێندن، پێشییان وایە ڕاپۆرتە پزیشکییەکان گومانییان لەسەرەو بەشێکی زۆری ئەو مامۆستایانەی مۆڵەت دەکەن لە ڕاستییا نەخۆش نین ، ئەم دیاردەیە کێشەی ناڕێکی لە میلاکی قوتابخانەکاندا دروستکردووە بە جۆرێک وەک بەڕێوەبەری پەروەردەیەک ئاماژەی پێدەدات قوتابییەکان بەبێ مامۆستاو وانە خوێندن دەمێننەوە، چونکە جێگرەوەیان نییە و ناشتوانن وانە بێژیان بۆ دابین بکەن ،لاپەڕەی پەروەردە لەبەر هەستیاری ئەم بابەتە بە دواداچونێکی مەیدانی بۆ ئەم پرسە ڕێکخست.

لە قوتابخانەکانەوە

سەرەتا و بۆ ئەم پرسە لەگەڵ مامۆستا هێمن ئەکرەم سابیر یاریدەدەر لە قوتابخانەی زاگرۆسی بنەڕەتی کوڕان بۆ باسکردن لەم کێشەیە لە قوتابخانەکەی خۆیان وتی " نەک قوتابخانەی ئێمە ، زۆربەی قوتابخانەکان بەدەستیەوە ئەنالێن و زەرەر مەندی یەکەم قوتابییە لەم ماوەیە دادەبڕێت لەبابەتەکە.

زۆر بەی جار مامۆستا ئەم مۆڵەتە بەبیانوی ئەوە وەردەگرێت کەوا نەخۆشە لەگەڵ ڕێزم وانیە ، بەڵکو بۆکاری تایبەتی خۆی بەکاری ئەهێنێت و ئیشی تر ئەکات.

بەرپرسیاری یەکەمیش مامۆستایەکەیە خۆی بەبەرپرسیار نازانێت و ویژدانی ڕێگای نەوەی پێ وایە ئەم فێلە لەقوتابخانە و قوتابیەکان بکات ، لەبەرئەوەی هەموو مۆڵەتەکان دێنە بەر دەستی ئێمە **80%** فەقەراتی پشتە بۆیە ئەپرسین بەم ڕادە زۆرە و لەسنوری یەک پەروەردە ئەو هەموو خەڵکە هەمووی کێشەی فەقەراتی هەبێت و فەقەراتی تەواو نەبێت خۆی گومان دروست دەکات بەدەگمەن دەبینی حاڵەتێکی جیاوازتر، حاڵەتێکی تریشمان هەیە بابەتی لە دایکبوون کەبەر لە دایک بوون بە مانگێک بە دوو مانگ یان هەیە مۆڵەتی مانگ و دوو مانگییان بۆ دەنوسرێت بیست و هەشت ڕۆژی بۆ ئەنوسرێت گوایە پێویستی پێیە و کێشەی هەیە کە ئێمە بە دەگمەن پێشتر ئەم حاڵەتانەمان بینیوە چۆن وا بەم جۆرە زۆر بوو بە سەراحەت فرۆفێڵە ، جا لایەنی سۆزە واستەیە هەر شتێکی لەو جۆرەیە .

دەبارەی ئەوەشی کە ئایا ئەو ڕێژەیەی لای ئەوان لە مۆڵەتی لەم جۆرەدان زۆرە ؟ مامۆستا سابیر وتی: بەڵێ بە ڕاستی زۆرە بە بەراورد بە سنوری پەروەردەکە.

مۆڵەتی 28 ڕۆژی

دەربارەی قسەی بەڕێوەبەرایەتی لیژنە پزیشکییەکان کە ئاماژە بەوە دەکەن پەروەردە زیاتر لە ڕەوشی مامۆستا شارەزان با نوسراو بۆ ئێمە نەنێرن کە ڕادەیەک کە ئێمە شک و گومانی ناڕاستی بکەین ، ئەوەشی من تێبینیم کردووە و لەبەرئەوەی هەموو مۆڵەتەکان دێنە بەر دەستی ئێمە **80%** فەقەراتی پشتە بۆیە ئەپرسین بەم ڕادە زۆرە و لەسنوری یەک پەروەردە ئەو هەموو خەڵکە هەمووی کێشەی فەقەراتی هەبێت و فەقەراتی تەواو نەبێت خۆی گومان دروست دەکات بەدەگمەن دەبینی حاڵەتێکی جیاوازتر، حاڵەتێکی تریشمان هەیە بابەتی لە دایکبوون کەبەر لە دایک بوون بە مانگێک بە دوو مانگ یان هەیە مۆڵەتی مانگ و دوو مانگییان بۆ دەنوسرێت بیست و هەشت ڕۆژی بۆ ئەنوسرێت گوایە پێویستی پێیە و کێشەی هەیە کە ئێمە بە دەگمەن پێشتر ئەم حاڵەتانەمان بینیوە چۆن وا بەم جۆرە زۆر بوو بە سەراحەت فرۆفێڵە ، جا لایەنی سۆزە واستەیە هەر شتێکی لەو جۆرەیە .

دەبارەی ئەوەشی کە ئایا ئەو ڕێژەیەی لای ئەوان لە مۆڵەتی لەم جۆرەدان زۆرە ؟ مامۆستا سابیر وتی: بەڵێ بە ڕاستی زۆرە بە بەراورد بە سنوری پەروەردەکە.

مۆڵەتی 28 ڕۆژی

دەربارەی قسەی بەڕێوەبەرایەتی لیژنە پزیشکییەکان کە ئاماژە بەوە دەکەن پەروەردە زیاتر لە ڕەوشی مامۆستا شارەزان با نوسراو بۆ ئێمە نەنێرن کە پێیان وایە ناعەدالەتی هەیە ؟

لەوبارەیەوە مامۆستا سابیر ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان ناتوانن ڕێگا لە مۆڵەت بگرن خۆی ڕێگە پێدراوە ئەو وتی " مامۆستا کە داوای مۆڵەت ئەکات بە مافی خۆی دەزانێت کە نەخۆشەو دەبێت نوسراوی پێبدرێت ئەگەر پێت نەدا و وادەرچوو ئەو مامۆستایە توشی حاڵەتێکی خراپ بوو، لەبەر ئەوە ناچارین کە نوسراوی بۆ بکەین ، بەڵام دەبێت دکتۆر یەکلای بکاتەوە ڕاستە یان نا پێویستە دکتۆر ورد تر بێت ئەگەر مافی مۆڵەتی هەیە پێی بدرێت ئەگەر نا پێی نەدەن ، خاڵێکی گرنگ هەیە کە زۆربەی مۆڵەتەکان بیست و هەشت ڕۆژی بیست و حەوت ڕۆژە بەدگمەن سی ڕۆژیان دەدەنێ ،چونکە دەرمالەیەکیان هەیە لێیان نابڕێت بە بیست و هەشت ڕۆژەکە ، واتە یان موراعاتی دەرمالەی مامۆستاکەش یان نەخۆشەکە خۆی داوا ئەکات کەواتە واقیعی نییە .

دەبارەی ئەوەشی کە ئایا تاچەند ئەم مۆڵەتە بۆ پەروەردە قورسترە و کێشەی زۆرترە وەک لە هەمان مۆڵەت بۆ فەرمانبەرێکی ئاسایی ؟ مامۆستا سابیر لەمبارەیەوە ئاماژەی بەوەدا کە بۆ مامۆستا و پەروەردە زەحمەتترە ئەو لەمبارەیەوە وتی " لەبەر ئەوەی لە ژوورێکدا ئەگەر سێ فەرمانبەر هەبن دوانییان ئەتوانێت ئیشی فەرمانبەری سێیەم بکات ، بەڵام مامۆستا ناتوانێت شوێنی مامۆستایەکی تر بگرێتەوە .

نوێنەری پەروەردە

دەبارەی ئەوەی کە بۆچی وەک پەروەردە یان بەڕێوەبەر خۆتان داوا ناکەن نوێنەرتان هەبێت لە ناو ئەو لیژنەیەی تایبەتە بە پەروەردە ؟ لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێر وتی "ئێمە داوامانکردووە خۆم بە تایبەتی لە کۆبوونەوەی وەزارەت و بە ئامادە بوونی جەنابی وەزیرەش پێش ئەوەی ببمە بەڕێوەبەری ئێمەیە و هیچ کێشەیەکی تەندروستی نییە پێمان وایە مۆڵەتێکی ئاساییە وەرگرتووە ، ئێمە تەنها لە ڕێگای ئیدارەی قوتابخانەکانەوە ئاگادار دەکرێینەوە.

بەرزکردنەوەی نوسراو

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا بۆچی کاتێک بەڕێوەبەرەکان دەزانن کێشەیان نییە بۆ نوسراوی بۆ بەرز دەکەنەوە کە ئەمە قسەی لیژنە پزیشکییەکەیە ؟ مامۆستا دلێر لەمبارەیەوە وتی " لەبەر ئەوەی لایەنی تەندروستی پەیوەندی هەیە بە جەستەی مرۆڤ ئێمە ناتوانین ڕێگا لەوە بگرین و دەستنیشانی بکەین ، چونکە لیژنەی پزیشکیمان نییە کە تایبەت بێت بە وەزارەتی پەروەردە ، مامۆستایەک داوا بکات بڵێ نەخۆشم ئێمە ناتوانین ڕێگر بین ڕەنگە نەخۆش بێت بەشێکی ڕاپۆرتەکانیش تەواو دروستە ئێمە ناڵێین هەمووی هەر ساختە و واستەیە کۆمەڵێکیش بە داخەوە تۆشی ئەم نەخۆشییانەی ئێستا بوون ، وەک یاساش مامۆستا بۆی هەیە داوای پشتگیری بکات و ئێمە ڕەوانەی بکەین بۆ لیژنەی پزیشکی .

هەماهەنگی زیاتر

ئێوە وەک بەڕێوەبەر پێشنیاری ئەوەتان کردووە یان داواتان کردووە ڕێوشوێنێک بۆ ئەم گرفتە دابنرێت یان لانی کەم پەروەردە خۆی نوێنەرێکی لە لیژنەکەدا هەبێت ؟ ئێمە دووساڵ بەر لە ئێستا بە نوسراوی ڕەسمی داوامانکردووە لە لیژنەی پزیشکی کە نوێنەری پەروەردەی تیا ئامادە بێت ، بەڵام بەداخەوە ئەوان دیارە ئەم بابەتەیان ڕەتکردەوە کە نابێت پەروەردە بەشێک بێت لە لیژنەی پزیشکی ، پێمان باشە هەماهەنگییەکی زیاتر هەبێت و وردتر کاربکرێت ئەگەر پێیان وایە کەسێک نەخۆش نییە و داوای مۆڵەت دەکات بۆ سەفەرو بۆ مەرامی تر پێم وایە ناتەنروستە ئەگەر ڕێگەی پێبدەن و هاوکاری بکەن.

کاریگەری

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا چەند کاریگەری هەیەلەسەر وتابخانەکان و قوتابی ؟ ئەو بەڕێوەبەرە وتی " بێگومان کاریگەری زۆرە لەسەر فێرکردنی قوتابی پرۆگرام و لەسەر ئیدارە مامۆستایەک کە مۆڵەت وەردەگرێت بۆ کاتێکی دیاریکراو ناکرێت ئێمە بنکەی تەندروستی مۆڵەتەکە دەدەن لە کاتێکدا زۆربەی جار پشکنینی بنکە تەندروستییەکان جێگای گومانن و ئامێرو تاقیگەی ئەوەنە پێشکەوتووەی تیا نییە ورد بێت لە دەستنیشانکردن ؟ ئەو لەمبارەیەوە بۆ خەبات وتی " ئێمە لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆتینیات و واستەو واستە کارییەش نەمێنێت ڕازی نابین بە ڕاپۆرتی پزیشکی نەخۆشخانەی ئەهلی دەبێت تەنها لە بنکە تەندروستییەکانەوە بێت مۆری نەخۆشخانەکەو دکتۆرەکەی پێوە بوو لای ئێمە پەسەند دەکرێت ، ئێمەش کۆمەڵێک کێشەمان لەگەڵ پەروەردە هەیە بۆ نمونە منداڵێک دەستی دەشکێت دایکی مامۆستایە مۆڵەتی چاودێری ئەو منداڵەی پێدەدرێت بۆئمونە دوو مانگ کە نوسراوەکە دەگەڕێنینەوە پەروەدە دەڵێن" نابێت دوو مانگ دەبێت بیکەن بە سالێک ئەی مامۆستاکە دوای دوو مانگ دەگەڕێتەوە دەوامی ئاسایی خۆی.



بەڕێوەبەری پەروەردەیەک:
داوامانکردووە نوێنەری پەروەردە هەبێت لە لیژنە پزیشکییەکان، بەڵام ئەوان ڕەتیانکردەوە



یاریدەدەری قوتابخانەیەک:
بەداخەوە مامۆستا خۆی بەبەرپرسیار نازانێت و ویژدانی ڕێگای ئەوەی پێ ئەدات ئەم فێلە لەقوتابخانەو قوتابیەکان بکات

گرنگی باخچەی منداڵان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن



پەکر کەریم حەسەن

بیرمەند و نوسەرو پەروەردەکاری ئوردنی ماجدعرسان ئەلگەیلانی دەڵێ" منداڵ کاتێک لە کەش و هەوایەکی سەقامگیر دەژی فێری متمانە بەخۆبوون دەبێت".

بێگومان چەندەها توێژینەوە و خوێندنەوە ئەوە دەردەخەن کە ئەو منداڵانەی لە باخچەی منداڵان بوونە و ئینجا چوونەتە قوتابخانە، ئەو منداڵانە خاوەن زیرەکی و ئاستێکی باش بوون وزیاتر لەو منداڵانەی کە پەیوەندییان بە باخچەی منداڵانەوە نەکردووە، هەر ئەوەش وای کردووە ئەوانەی لە باخچەی منداڵانەوە هاتوون زووتر و خێراتر فێر دەبن، چونکە قۆناغی باخچەی منداڵان بە گرنگترین قۆناغ دادەنرێت کە منداڵ لە سەرەتای ژیانیدا پێیدا تێپەڕێت و جیهانێکی تر دەناسێ و بەرە بەرە کەسایەتی منداڵ دروست دەبێت و متمانە و سیقەی بە خۆی زیاتر دەبێت و شەرم و ترس و دڵە راوکێی نامێنێ، بەڵکو منداڵێکی زیرەک و بەتوانای لێ دەردەچێت و لە هەمان کاتیشدا کەمتر پەیوەست و هۆگری منداڵەوە بە تایبەتی دایک و باوک و خوشک و براکانی دەبێت. چونکە لە باخچەی منداڵان مامۆستا دەناسێت و مامۆستا و منداڵەکانی تری خۆش دەوێت، هەست بە ئاسودەیی و دڵنیایی دەکات، چونکە کەش و هەوای باخچەی منداڵان کەش و هەوایەکی ئارام و سەقامگیرە هەر ئەوەش وای لێ دەکات زیاتر متمانەی بە خۆی دەبێت ، چونکە لە باخچەی منداڵان جگە لەوەی خواردن و خواردنەوەیان بۆ دابین کراوە و فێری چەندەها یاری کردن دەبێت و شارەزای نوسین و خوێندنەوەش دەبێت و بەشداری لە چەندەها چالاکی جۆراوجۆر دەکات، کەواتە منداڵ کەسایەتی جیاوازی بۆ دروست دەبێت لە باخچەی لە باخچەی منداڵان کە دەچێتە قوتابخانە منداڵێکی متمانە بەخۆ بوو لە هەموو ڕوویەکەوە حەز و ئارەزووی بۆ قوتابخانە زیاتر دەبێت. بۆیە گرنگە منداڵەکانمان بنێرینە باخچەی منداڵان و ئەو قۆناغە گرنگەی فێرکردن فەرامۆش نەکەین، شارەزایان و پسپۆڕانی بواری پەروەردە جەخت لە سەر گرنگیدان بە دروست کردن و کردنەوەی باخچەی منداڵان دەکەنەوە لە هەموو شارەکان لە شارەکانیش لە هەموو گەرەکەکان، بەڵکو گەر بکرێ لە گوندەکانیش هەوڵی بۆ بدرێ باخچەی منداڵان بکرێتەوە.

هەر لەو ڕوانگەیەوە بە کورتی دەمەوێ تیشک بخەمە سەر وێستگەی کارکردنی پەروەردەیم لە دوای ساڵەکانی (2006) بەدواوە کاتێک بوومە بەڕێوەبەری پەروەردەی خەبات تەنها یەک باخچەی منداڵان هەبوو ئەویش لە ناو قەزای خەبات بوو، بەڵام لە ماوەی (6)شەش ساڵی کارکردنمان توانیمان(14) چواردە باخچەی منداڵان بکەینەوە بە تەنها لە ناو قەزای خەبات کردمانە (3) باخچە لە هەموو ناحیە و کۆمەڵگاکان باخچەمان کردەوە بگرە لە گوندەکانی(سفەیبە و قەرەقاجین و جەرگەزەوی) کە گوندی دوورن باخچەمان کردەوە و مامۆستا و کەلوپەلی باخچەمان بۆ دابین کردن بۆ ئەوەی منداڵەکانی ئەو گوندانە هیچ جیاوازیەکیان لەگەڵ منداڵی شارەکان نەبێت .

بە هەمان شێوە لەو (4) چوارساڵەی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر بووین گرنگی زۆرمان بە باخچەی منداڵان دا بە کردەوە توانیمان نمونەی وڵاتانی کەنداو و ئوردن و لوبنان و تورکیا ببینینە هەولێر ئەویش بە کردنەوەی باخچەی منداڵان لە ژمارەیەکی زۆرلە قوتابخانە بنەڕەتیەکان وەک پاشکۆ بۆ ئەوەی منداڵانی مامۆستاکان و گەرەکەکان بتوانن لەو باخچانە وەربگیرێن کە بریتی بوون لە چەند ژوورێک لە ناو قوتابخانەی بنەڕەتی، بەڵکولایەنێکی قوتابخانە کرابووە باخچە بە شێوەیەکی سەردەمیانە تەرخان و ئامادە کرابوو، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە باخچەی دەوامی ئێوارانمان کردەوە بۆ منداڵانی گەرەک ئەوانەی جێگایان نەبۆتەوە لە بەیانیان، هەروەها لەچەندەها باخچەی منداڵان دەوامان درێژکردەوە بۆ دوای نیوەڕۆ بۆ منداڵانی مامۆستایان و فەرمانبەران کە باخچەی حکومی بوون، لەو چەند نمونەیە هەزارەها منداڵ سوودمەند بوون کە پێشتر بێ بەش ببوون، بۆیە جەخت لەوە دەکەمەوە کە قۆناغی باخچەی منداڵان قۆناغێکی زۆر گرنگە لە قۆناغەکانی پەروەردە و فێرکردن مافی هەموو منداڵێکە بچێتە باخچە، ئەرکی وەزارەتی پەروەردەیە هەموو هەوڵێک بدات ئەو مافە بۆ منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان مسۆگەر و دابین بکات تا لە داهاتوو ئایندەدا نەوەیەکی کارا و ووشیار و متمانە بە خۆ بوو بێتە بەرهەم بۆ کوردستان .


سەرۆک بارزانی گوتاریک ئاراستەی ئاوارەکان دەکات-دیانا 1991/4/3
لە ئەرشیفی کاروان محەمەد سینۆ

28 مین ساڵەی کۆڕەوی خەڵکی کوردستان لە 1991 دا

کۆڕەوی 1991 ڕەتکردنەوەی داگیرکردن و ژێردەستی بوو


سوپای عێراق بەهەموو چەکێک هێرش دەکاتە سەر شاری هەولێر 1991/3/31



کاروان محەمەد سینۆ

زیاتر لە سەدەیەکە میللەتی کورد بەهەموو شێوە و شێوازێک (چەکداری و مەدەنی) خەباتی کردووە لە پێناو وەدەست هێنانی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان. لەم ڕووەوە سەدان هەزار کەس لەپێشمەرگە و خەڵکی سڤیل خۆیان کردۆتە قوربانی ئازادی و سەبەخۆیی. لەچەندین قوناغیشدا مللەت و پێشمەرگە ئاوێتەی یەکتر بوونە و گەیشتوونەتە ئامانج (ئەگەرچی کاتیش بووبێ)، بەڵام هەردەم خواست و بەرژەوەندیەکانی داگیرکەرانی کوردستان و زلهێزانی جیهان یەکیان گرتووە دژی میللەتی کورد و خەڵکی کوردستان و لە ئەنجامدا شۆڕش و بەرخودان و سەرهلدانەکانی خەڵکی کوردستان بوونەتە قوربانی خواست و بەرژەوەندییەکانی داگیرکەران.

زیاتر لە سەدەیەکە میللەتی کورد بەهەموو شێوە و شێوازێک (چەکداری و مەدەنی) خەباتی کردووە لە پێناو وەدەست هێنانی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان. لەم ڕووەوە سەدان هەزار کەس لەپێشمەرگە و خەڵکی سڤیل خۆیان کردۆتە قوربانی ئازادی و سەبەخۆیی. لەچەندین قوناغیشدا مللەت و پێشمەرگە ئاوێتەی یەکتر بوونە و گەیشتوونەتە ئامانج (ئەگەرچی کاتیش بووبێ)، بەڵام هەردەم خواست و بەرژەوەندیەکانی داگیرکەرانی کوردستان و زلهێزانی جیهان یەکیان گرتووە دژی میللەتی کورد و خەڵکی کوردستان و لە ئەنجامدا شۆڕش و بەرخودان و سەرهلدانەکانی خەڵکی کوردستان بوونەتە قوربانی خواست و بەرژەوەندییەکانی داگیرکەران.

شاراوە نییە کە شۆڕشەکانی (ئاگری داخ و دەرسیم و شۆڕش شێخ سەعیدی پیران و شێخ ڕەزا و شۆڕشە یەک لەدوایەکەکانی بارزان و شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید و کۆماری کوردستان لە مەهاباد و شۆڕی ئەیلوولی مەلامستەفای بارزانی و شۆڕشی گوللان و ڕاپەڕینی بەهاری 1991 و ریفراندۆمی 2017 سەربەخۆیی کوردستان بەرێیەرایەتی جەنابی سەرۆک مەسعودبارزانی .. هتد) هەموو ئەم شۆڕشانە و بەرخودان و سەرهەدان و ڕیفراندۆم بە گەلەکۆمی داگیرکەرانی و زلهێزەکان بوونە قوربانی بەرژەوەندی ئەوان و خواست و هیواو ئاواتی میللەتی کورد و خەڵکی کوردستان لەخاچ دراوە.

28ساڵ لەمەو پێش و لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ، پاش ئەوەی لە ڕاپەڕینێ شێرانەدا (بەهاری 1991هەڵمەتی پێشمەرگە و تواوی خەڵکی کوردستان ئاوێتەی یەکتربوون و زۆرینەی خاکی کوردستان لە داگیرکە ڕزگار و ئازاد کرا. بەڵام دووبارە داگیرکەری کوردستان (ڕژێمی بەعسی فاشی بەغدا) بە ئاگر و ئاسن ڕووبەڕووی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان بوویەوە. بەفڕۆکەی سەربازی و تانک و زرێپۆش و بۆمب و تەواوی سوپای عێراق هێرشی کردەوە گرتن و کوشتنی کوردانی شاری کەرکووک (دڵی کوردستان)، لەم ڕۆژەڕەشەدا خەڵکی سڤیلی کەرکووک کە هەوای ئازادییان هەڵمژی بوو ئەوەیان ڕەتکردەوە کە دووبارە لەژێردەستی داگیرکەردا بژین. بۆیە هەر کە ڕژێمی بەعسی شۆڤینی بەنیازی داگیرکردن هێرشی کردە سەر کەرکووک ، خەڵکی شارەکە داگیرکردن و ژیانی ژێردەستەی داگرکەریان ڕەت کردەوە و بە لێشاو ڕوویان کردەی شاری هەولێر و سلێمانی. هەر لەم ڕۆژەدا (27/3/1991بارودۆخی کوردستان ئاڵۆز بوو و بەبەرچاوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی شاری کەرکووکی دڵی کوردستان داگیرکرا و خەڵکەکەی قەتڵوعام و دەربەدەرکران. داگیرکردنی کەرکووک و بێدەنگی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەئاست ئەم ڕووداوە، کاریگەری نەرێنی هەبوو لەسەر هەست و دەروونی خەڵکی کوردستان بەگشتی، دووبارە خەڵکی کوردستان ئەوەی بەبیر هاتەوە کە (بێجگە لە چیاکان کورد هیچ دۆستێکی نییە). دوای داگیرکردنی شاری کەرکووک (دڵی کوردستان) هەر بەهەمان شێوە لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ 11/3/1991 حکوومەتی بەعسی عێراق هێرشی کردەسەر شاری هەولێری پایتەختی کوردستان، لەبەر ئەوەی خەڵکی شاری هەولێریش ژیانی کۆیلەتی و ژێردەستی داگیرکەری ڕەتکردەوە، بۆیە لەم ڕۆژەدا دەتوانم بڵێم زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی شار هەولێریان بەجێهێشت و دەستکرا بە کۆڕەوەی بەرەو شاخ و شار و شارۆچکەکانی دەرەوبەری هەولێر (پیرمام، کۆڕێ، شەقڵاوە ...تاکو سنورەکانی ئیران و تورکیا.

لە شەوی 11/3/1991 شاری هەولێر بەتەواوی لەلایەن ڕژێمی بەعس داگیر کرا. بەڵام وانەبێ داگیرکردنی شاری هەولێر هەروا بێ تۆڵەو بێ پەرچەکردار و بێ وەڵام مایەوە،بەڵکو پێشمەرگەی کوردستان بە سەرۆکایەتی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی، دیسانەوە شانیان دایەوە بەر بارەقورسەکەی پاراستنی خاکی کوردستان و جەنابی سەرۆک بارزانی بڕیاریدا (کوردستان یان نەمان). هەرلە ڕۆژی داگیرکردنی شاری هەولێر لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی بڕوسکەیەک ئاراستەی سوپای بارزان و میحوەری هەولێر دەکات لەو بڕۆسکەیەدا هێزەکان ئاگادار دەکاتەوە کە (بەهەر قیمەتێک بێ نەهێڵن دوژمن بگات بە شەقڵاوە،ئەبێ لە "لەکۆڕێ" مقاومە بکەن). دەم و دەست هەر دوای ئەم بڕوسکەی جەنابی سەرۆک و لەژێر چاودێر و بەشداری ڕاستەوخۆی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی، پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان (محیوەری هەولێر،هێزی بارزان)، کەوتنە خۆڕێکخستن و پلاندانان بۆ ئەوەی نەهێڵن دوژمن و داگیرکەر زیاتر لە سەنتەری شاری هەولێر پێ بنێنە نێو خاکی کوردستان،بۆیە دیسانەوە هەروەک جاران پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان پەنایان بردەوە بە چیاکانی کوردستان (وەک دۆستی دێرین و هەمیشەی کورد) و سەنگەری خۆگوری کردن و فیداکارییان لە (دەربەندی کۆڕی) وەکو شۆێنێکی ستراتیجی سەربازی لە نێوان پیرمام و شەقڵاوە دامەزراندن و پەیمانیان بە گەڵ و نیشتیماندا (کوردستان یان نەمان) و بوونە دڕکی سینگی دوژمنان و ئاستەنگی لەبن نەهاتوو بەرووی پێشڕەوی سوپای ڕژێمی بەعسی عێراق.

لە ڕۆژی 3/4/1991لە (کۆنە فڕۆکەخانەی شارۆچکەی دیانا)، لەپێناو خۆڕاگری و بەرگری کردن لە خاکی کوردستان جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی گوتارێکی ئاراستەی خەڵکی ئاوارەی هەولێر و شارەکان کرد و گوتی:"بۆ کوێ ئەچن؟!، ژیانی پەناهەندەگی لەو وڵاتە یان ئەو وڵاتی تر، ژیانێکی تاڵ و ناخۆشە، مردن لەسەر خاکی کوردستان سەد هەزارجار پیرۆز تر و سەربەرزترە لەوەی ئێستا لە ئەوروپا بی یان لە وڵاتێکی تر ئاوارەبی". لە دریژەی گوتەکەیدا جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی گوتی: "من لێردەم هەتا دوا دلۆپی خوێنم، ئێوەش لەگەڵ ئێمە لێرە بن و لە وڵاتی خۆتان بمێننەوە"....، ئینجا سەرۆک مەسعود بارزانی پەیامی بەخەڵکی ئاوارەبووی کوردستاندا و گوتی: "یەک وەعدتان ئەدەینێ، یان بەسەر لاشەی ئێمەدا (دوژمن) دێن بۆ کوردستان، یان دوژمن ناییێتەوە بۆ کوردستان".

دوابەدوای ئەم گوتارە جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی ڕۆژانە چاودێری ڕاستەو خۆی سەنگەری بەرگری (دەربەندی کۆڕێ)ی دەکرد. لە 7/4/1991واتا هەفتەیەک پاش داگیرکردنی هەولێر، لەداستانێکی خۆگۆڕیکردن و قوربانی بێ وێنەدا پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرپەرشتی و بەشداری ڕاستەوخۆی جەنابی سەرۆک بارزانی لە(شەڕی یەکەمی کۆڕێ)گەورەترین سەرکەوتنیان بەسەر سوپای عێراق بەدەست هێنا،چەندین سەرباز کوژران و چەندی دیکەش بەدیل گیران و چوار تانک و چەند ئۆتۆمبێلێکی سەربازی کەوتە دەستی پێشمەرگە کە چەک و تەقەمەنی تێدابوو و چەندین تڤەنگی کلاشینکۆف و ئارپێچی و فیشەک و کەلوپەلی سەربازی دەسکەوتی پێشمەرگە. هەر خۆیشی (سەرۆک بارزانی) سەرپەرشتیی تێکشکاندنی هێرشی سوپای ڕژێمی کرد لە شەڕی یەکەم و دووەمی (کۆڕێ) کە ئێستاش تانکە تێکشکێندراوەکانی ڕژێمی بەعسی بەغدا لە(کۆڕێ) ماون و شاهێدی قارەمانی و بەرگریی پێشمەرگەی پارتی و بارزانین. ئەم سەرکەوتنەی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و دواتر سەرکەوتنی دووەم لە شەڕی دووەمی (کۆڕێ) لە 11/4/1991بوونە ئەگەری ئەوەی ڕژێمی فاشی بەغدا چۆک دانێ و ملکەچی دانوستان بێت، و ئەمە دواشەڕی ڕژێمی بەعس بوو لەگەڵ پێشمەرگەکانی پارتی و دواتر پاش دانوستانەکان ڕژێمی بەعس بەناچاری و دواجار هەولێر و کوردستانی بەجێ هێشت.

شایانی باسە ئەگەرچی زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان لە داگیر کردنی شار هەولێریان بەجێ هیشت و ئاواره و دەربەدەری سنوورەکان و ئیران و کودرستان بوون. بەڵام کۆڕەویەکەی سااڵی نیسانی 1991پەیامێک بوو بۆ ڕژێمی ئەوکاتی بەغدا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و نەتەوەیەکگرتووەکان کە چیدی مللەتی کورد ئامادە و ڕازی نییە بە ژیانی ژێردەستی و کۆیلەتی. هەروەها (شەڕی کۆڕی) پەیامێکی دیکەی پێشمەرگەی پارتی و بارزانی بوو بۆ ڕژێمی بەغدا و زلهێزانی جیهان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، کە پارتی و بارزانی بەهیچ شێوەیەک و لەژێر هیچ گوشارێک هەرگز سازش ناکات لەسەر خاکی کوردستان و ڕازنییە و ڕازینابێت کە هیچ هێزێک خاکی کوردستان داگیر بکات.

بۆیە کە ئەمڕۆ 28مەمین ساڵیادی کۆڕەوی نیسانی 1991دەکەین، سوپاسی جەنابی سەرۆک بارزانی و پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین کە لەورۆژە چارەنوسسازەدا دیسانەوە بڕیاری (کوردستان یان نەمان)یاندا و گیانی خۆیان کردە قەڵغانی پاراستنی خاکی کوردستان. هەروەها سڵاو لەگیانی شەهیدانی داستانی (دەربەندی کۆڕێ)، سڵاو لەوهێزانەی کە هاوسەنگەری پارتی دیموکراتی کوردستان بوون لەشەڕی دووەمی (کۆڕێ).


خەڵکی کوردستان ڕووەکاتە سنووری حاجی ئۆمەران 1991/4/1

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای خۆران جۆری ئۆتۆمبێل: هیوانـدای النترا- صالون ٤ بستون رەنگ سلفر مۆدێل: ٢٠١٧ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ١٧٧٩٤ کاتی سلیمانی ژمارەی شاسی: 5NPD84LFVHH203256 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان ژمارەی ناسنامە ٦١٧٩ بەناوی رعد مصطفی کریم وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

دائرة التسجيل العقاری فی حلبجه

الرقم / 335

التاريخ/ ٢٦ / ٣ / 2018

اعلان

طلب اعلان تسجيل عقار مجددا

بناء علی الطلب المقدم الی هذه الدائرة بتاريخ/ ٦ / ٣ / 2019 لتسجيل تمام العقار تسلسل 291 محلة ((طويله)) باسم ((پێشڕەو رؤوف مومن)) مجددا باعتباره حائزا له بصفة المالك للمةالقانونية . ولغرض تثبيت الملكية المذكورة تمهيدا لتسجيل وفق احكام قانون التسجيل العقاری رقم ((٤٣)) لسنة 1971 قررنا اعلان هذاالطلب , فعلی كل من يدعی بوجود علاقة او حقوق معينة علی هذاالعقار تقديم مالديه من بيانات الی هذه الدائرة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالی لنشر هذاالاعلان وكذلك الحضور فی موقع العقار فی الساعة العاشرة صباحا من اليوم التالی لانتهاء مدة هذاالاعلان وذلك لاثبات حققه موقعيا فی الكشف الذی سيجری فی اليوم المذكور لهذاالغرض

مدير / دائرة التسجيل العقاری فی حلبجه

عمر محمود محمد

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەگەزنامەی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامە و باری شارستانی سلێمانی (کاروباری شارستانی)

ژمارە : ١٠ / ٢٧٧٨

بەروار : ٢٨ / ٣ / 2019

الی / مؤسسة النشر والاعلانات

اعلان

قدم المواطن (امير علی احمد) طلب فی هذه المديرية لتسجيل لقب (شۆكه) فی قيده لعام (1957) فمن لديه اعتراض مراجعة هذه المديرية خلال عشرة أيام من تأريخ نشره فی جريدة الرسمية و بعكسه سوف تنظر هذه المديرية فی الدعوی وفق أحكام المادة (٢٤) من قانون بطاقة الوطنية رقم (٣) لسنة (2016) ... مع التقدير ..

العميد الحقوقی

محمد سعيد محمد صالح

مدير الجنسية والاحوال المدنية السليمانية

***

الي مساهمي شركة

Isiklar paper sack

الانتاج و تسويق الاكياس الورقيه/ المحدودة استنادا الى احكام قانون الشركات رقم ٢١ لسنة 1997 المعدل يسرنا دعوتكم الى عقد اجتماع الهيئة العامة للشركة المزمع عقده فی الساعة الرابعة عصرا يوم الاربعا الموافق 2019/4/15 فی مقر الشركة فی اربيل و ذلك المناقشة زيادة راسمال الشركة بمقدار (1,200,000,000) مليار و مئتان مليون سهم بواقع دينار واحد لكل سهم و اتخاذ القرارات المناسبة بشانها راجينا الحضور او انابة الغير من المساهمين او الغير بموجب و كالة مصدقة وفقا القانون وفی حالة عدم تحقق النصاب القانونی يوجل الاجتماع الی نفس الزمان والمكان من الاسبوع اللاحق يوم 2019/4/22.

المساهم/ شركة ئيشكلر المساهمة لتسويق مواد التغليف ٥٤٪

مساهم/ شركة karma للاستثمارات الصناعية ٣٠٪

مساهم/ شركة DERF ١٠٪

مساهم/ بانو فاروق اصلان صاری ٥٪

مساهم/ فريت ضاخر ياوز نوزالب ١٪

مدير مفوض/ حسين اوكا

***

فەرمانگەی دادنوسی سلێمانی/١

ئاگاداری

بەپێی ئەو داواية‌ی لەلایەن(فاروق فتاح محمد) پێشکەش بە فەرمانگەکەمان کراوە خاوەنی کارگەی (کارا بۆ دروستکردنی گوێنی پلاستیک) لە بەرواری (/ /2019) داوای تۆمارکردنی ئەو ئامێرانەی کردووە کە لە (ن.پ.٢) دانراون کە ئامێرەکانیان لە خوارەوە دیاری کراوە بەپێی یاسای دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی (1998) بەرکار لە هەرێمی کوردستان بڵاوەدەکەینەوە هەرکەسێ خۆی بە پەیوەندیدار یان خاوەنی هەریەک لەو ئامێرانە دادەنێ لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بەپێچەوانەوە بە ناوی داواکارەوە تۆماری دەکەین و بڕوانامەی تۆماری ئامێرەکانی پێ ئەدرێت،

ئامێرەکان:

١- هێلی بەرهەمهێنانی دەزوو .ژمارە: ١٤١٢١-٢٠١٤ صینی.

٢- تیکسەردەر بۆ دروستکردنی دەزوو ١٣١٢٧-٢٠١٨ صینی.

٣- ئامێری چنینی گوێنی .بێ ژمارە . صینی.

٤- (پرامە) بۆ هاڕینی موادی بەکارهاتوو- ١٣٢٠٤-٢٠١٣.صینی.

دادنووس/ ئاودێر عبدالله عزیز

***

دادگای کەتنی پشدەر

ژمارە: ٨/ك/٢٠١٩

ڕێکەوت:٢٠١٩/٢/١٢

ئاگاداری

سکاڵاکار/ ئازاد خدر عمر

تۆمەتبار/ هونەر رسول قادر

بۆ تۆمەتبار هونەر رسول قادر کە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە.

دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی یەوە ئامادەبوونت لەم دادگایە پێش نیوەڕۆی ٢٠١٩/٤/٢٨ لەکاتی دەوامی فەرمی دا بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت لەداوای ژمارە ٨/ك/٢٠١٩ بەپێی ماددەی (٤٥٣) لەیاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ بەبێ ئامادەبوونت و بەئاشکرا بەگوێرەی یاسا.

دادوەر/ عمر ابراهیم محمود

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٢

ژمارە: ٢٦٢٢/ك/٢٠١٨

ڕۆژ: ٢٠١٩/٣/١٣

بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: مصطفی احمد علی

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ك/ سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٦/٢٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ شیرین علی حمەسور

***

دادگای کەتنی پشدەر

ژمارە: ١٧/ك/٢٠١٩

ڕێکەوت:٢٠١٩/٢/١٧

ئاگاداری

سکاڵاکار/ محمد علی شێخە

تۆمەتبار/ ارسلان عبدالله ابراهیم

بۆ تۆمەتبار ارسلان عبدالله ابراهیم کە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە.

دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی یەوە ئامادەبوونت لەم دادگایە پێش نیوەڕۆی ٢٠١٩/٤/٢٨ لەکاتی دەوامی فەرمی دا بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت لەداوای ژمارە ١٧/ك/٢٠١٩ بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ بەبێ ئامادەبوونت و بەئاشکرا بەگوێرەی یاسا.

دادوەر/ عمر ابراهیم محمود

***

دادگای کەتنی پشدەر

ژمارە: ٤٥٠/ك/٢٠١٨

ڕێکەوت:٢٠١٩/٢/٢٦

ئاگاداری

سکاڵاکاران/ ١- مظفر علی عبدالله ٢- عمر قادر حسن

تۆمەتبار/ ڕێباز صباح عبدالمطلب

بۆ تۆمەتبار ڕێباز صباح عبدالمطلب کە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە.

دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی یەوە ئامادەبوونت لەم دادگایە پێش نیوەڕۆی ٢٠١٩/٦/٣٠ لەکاتی دەوامی فەرمی دا بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت لەداوای ژمارە ٤٥٠/ك/٢٠١٨ بەپێی ماددەی (دووەم) لەیاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ بەبێ ئامادەبوونت و بەئاشکرا بەگوێرەی یاسا.

دادوەر/ عمر ابراهیم محمود

***

دادگای کەتنی پشدەر

ژمارە: ٤١١/ك/٢٠١٨

ڕێکەوت:٢٠١٩/٢/٢٦

ئاگاداری

سکاڵاکار/ عثمان اسماعیل عثمان

تۆمەتبار/ محمد اسماعیل طاهر

بۆ تۆمەتبار محمد اسماعیل طاهر کە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە.

دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی یەوە ئامادەبوونت لەم دادگایە پێش نیوەڕۆی ٢٠١٩/٦/٣٠ لەکاتی دەوامی فەرمی دا بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت لەداوای ژمارە ٤١١/ك/٢٠١٨ بەپێی ماددەی (١/٤٥٩) لەیاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ بەبێ ئامادەبوونت و بەئاشکرا بەگوێرەی یاسا.

دادوەر/ عمر ابراهیم محمود

***

دادگای کەتنی پشدەر

ژمارە: ٤١٢/ك/٢٠١٨

ڕێکەوت:٢٠١٩/٢/٢٦

ئاگاداری

سکاڵاکاران/ ١- رضا علی طاهر و کوبرا محمد حسین و گولی حسن محمد

تۆمەتبار/ امین جلیل پاشا

بۆ تۆمەتبار امین جلیل پاشا کە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە.

دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی یەوە ئامادەبوونت لەم دادگایە پێش نیوەڕۆی ٢٠١٩/٦/٣٠ لەکاتی دەوامی فەرمی دا بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت لەداوای ژمارە ٤١٢/ك/٢٠١٨ بەپێی بەشی (١/٢٣) لەیاسای هاتووچۆ ژمارە (٨٦)ی ساڵی (٢٠٠٤) بەبێ ئامادەبوونت و بەئاشکرا بەگوێرەی یاسا.

دادوەر/ عمر ابراهیم محمود

***

بۆ یەسا پێتان ڕادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانتان الاعتراض و پێداچوونەوەتان هەیە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕوەردەگرێت.

سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٢

ژمارە: ٢٥٠٥/ك/٢٠١٨

ڕۆژ: ٢٠١٩/٣/٣

بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: چۆمان جزاء عمر

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (راپەرین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٦/١٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ شیرین علی حمەسور

***

سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر

ژمارە: ٣٩/ج/٢٠١٧

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٦

بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: عثمان حمد احمد علی و هلمت عثمان حمد احمد

ئاگادارکردنەوەی سزا

دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لە داوای ژمارە ٣٩/ج/٢٠١٧ وە پاش دادگایی کردنی پاشملە غیابی ڕۆژی ٢٠١٨/١٢/٤ بریاری دەرکرد بە سزادانت بە (لەسێدارەدان تاکو مردن) بەپێی ماددە (٤٠٦/١-أ) لەیاسای سزایی بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت ڕادەگەیەنین کە خۆت ڕادەستی ئەم دادگایە یان هەر بنکەیەکی پۆلیس بکە دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بێ ئەوەی نارازی بی، بە پێچەوانەوە بریاری تۆمەتبارکردنت و سزادانت دەبێتە بریاری ئامادە حکم الوجاهی پاڵپشت بە مادەی (١٤٣ و ٢٤٣/ أ) لەیاسای بنەماکانی دادگایکردن (اصول محاکمات الجزائیە).

سەرۆك/ زرار محمود مرادخان

***

سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر

ژمارە: ١٥٦/ج/٢٠١٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٢/٢٨

بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: هاوار فاخر تمو

ئاگادارکردنەوەی سزا

دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لە داوای ژمارە ١٥٦/ج/٢٠١٨ وە پاش دادگایی کردنی پاشملە غیابی ڕۆژی ٢٠١٨/١٢/٢٣ بریاری دەرکرد بە سزادانت بە (لەسێدارەدان تاکو مردن) بەپێی ماددە (٤٠٦/١-أ) لەیاسای سزایی بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت ڕادەگەیەنین کە خۆت ڕادەستی ئەم دادگایە یان هەر بنکەیەکی پۆلیس بکە دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بێ ئەوەی نارازی بی، بە پێچەوانەوە بریاری تۆمەتبارکردنت و سزادانت دەبێتە بریاری ئامادە حکم الوجاهی پاڵپشت بە مادەی (١٤٣ و ٢٤٣/ أ) لەیاسای بنەماکانی دادگایکردن (اصول محاکمات الجزائیە).

سەرۆك/ زرار محمود مرادخان

***

دادگای تاوانی هەولێر/٤

ژمارە: ١٢٧/ج/٢٠١٧

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٢/٢٧

بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو/ شهاب اسعد احمد وە فتاح اسعد احمد

ئاگادارکردنەوە سزا

دادگای تاوانی هەولێر/٤ لە داوای ژمارە ١٢٧/ج/٢٠١٧ وە پاش دادگاییکردنتان بەپاشملە غیابی لەڕۆژی ٢٠١٨/٨/٦ دادگا بریاریدا بە لە سێدارەدانتان بەپێی ماددەی ٤٠٦ بەدەڵالەی ماددەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) لە یاسای سزادانی عیراقی بۆیە بەگوێرەی یاسا پێتان ڕادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانتان الاعتراض و پێداچوونەوەتان هەیە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕوەردەگرێت.

سەرۆك/ تحسین طه رسول

***

دادگای تاوانی هەولێر/١

ژمارە: ٦٦/ج/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/١٩

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ فاضل شاکر عبدالرحمن

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٤٢١ لەیاسای سزا و سەماندنی هەڵاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ناماەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠١٩/٦/١٢ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.

سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

***

دادگای تاوانی هەولێر/١

ژمارە: ٩٨/ج/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٨

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ ئامانج عبدالله عبدالرحمن ابراهیم

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٤٤٤ برگە ٦ لەیاسای سزا و سەماندنی هەڵاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ناماەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠١٩/٦/١٠ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.

سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

***

دادگای تاوانی هەولێر/١

ژمارە: ٨٧/ج/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٨

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ صباح مظهر علی

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٢٨٩- ٢٩٨ لەیاسای سزا و سەماندنی هەڵاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ناماەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠١٩/٦/١١ وە بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.

دادوەر/ زرار محمود مرادخان

***

دادگای تاوانی هەولێر/١

ژمارە: ٩٧/ج/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٨

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ کیفی سعید حمد

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٤٠٥ لەیاسای سزا و سەماندنی هەلاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ناماەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠١٩/٦/١٢ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.

سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

***

دادگای تاوانی هەولێر/١

ژمارە: ٦١/ج/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/١٨

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ یاسین حسین برایم

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٢٨٩-٢٩٨ لەیاسای سزا و سەماندنی هەڵاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێی ڕاگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ناماەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠١٩/٦/١٧ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.

سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

***

دادگای تاوانی هەولێر/١

ژمارە: ٣٤٩/ج/٢٠١٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/١٨

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ شاهین محسن عبدالله

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٤٠٦ لەیاسای سزا و سەماندنی هەلاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ناماەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠١٩/٦/١٩ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.

سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

***

دادگای تاوانی هەولێر/١

ژمارە/٢٧٩/ك/٢٠١٩

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٣/١٠

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ احمد ازاد احمد

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠١٩/٦/١٧ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.

سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

***

دادگای تاوانی هەولێر/١

ژمارە: ٣٤٩/ج/٢٠١٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/١٨

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ شاهین محسن عبدالله

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٤٠٦ لەیاسای سزا و سەماندنی هەڵاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێی ڕاگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ناماەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠١٩/٦/١٩ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.

سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

***

دادگای تاوانی هەولێر/١

ژمارە/٢٧٩/ك/٢٠١٩

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٣/١٠

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ احمد ازاد احمد

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠١٩/٦/١٧ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.

سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

***

دادگای تاوانی هەولێر/١

ژمارە: ٣٠٨/ج/٢٠١٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/١٢

بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو (هەوراز انور عبدالله)

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددە ٢٨٩ لەیاسای سزایی وە سەماندنی هەڵاتنت و نادیاری جیگاکەت لەکاتی ئێستا بۆیە بریاردرا و پاڵپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێی ڕاگەیاندنی لەسەر بەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠١٩/٦/١٩ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.

دادوەر/ زرار محمود مرادخان

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە:٣٦٠/ك/٢٠١٧

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٢/٢٤

ئاگادارکردنەوە

بۆ تۆمەتباری هەڵاتو (عماد اکرم جدوع)

لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٣ لەیاسای (مکافحة بغاء) وە سەماندنی هەلاتنت و نادیاری جیگاکەت لەکاتی ئێستا بۆیە بریاردرا و پالپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێی ڕاگەیاندنی لەسەر بەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠١٩/٦/١٧ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.

سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە:٣/ك/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/١٠

ئاگادارکردنەوە

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (خوشوی عمر کریم)

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارکردنەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠١٩/٦/١٧ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.

سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

***

دادگای کەتن لە کۆیە

ژمارە: ٩٢/ج غم/ ٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/٣/٢٤

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ ئاوات عزالدین جوهر

دادگای لێکۆڵینەوەی کۆیە بەبڕیاری ژمارە (٧٠/ج غم/٢٠١٩) لە ٢٠١٩/٢/١٣ هەوالەی ئەم دادگایە کراوە بۆ دادگای کردنت بەنەهاتووی بەگوێرەی بەشی (٣٢ ف١) لە یاسای هاتووچۆی عیراقی بەژمارە ٨٦ی ساڵی ٢٠٠٤ لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت ئەم دادگایە بڕیاریدا ئاگادارت بکاتەوە لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگانامەیە لەدوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٥ کاتژمێر (٩) سەر لەبەیانی لەم دادگایە ئامادەبی بەپێچەوانەوە بەپاشملە بەگوێرەی یاسا دادگایی دەکریی وە ئەگەر ڕۆژی دادگایەکەبوو بەپشووی فەرمی ئەوا ڕۆژی دواتر دەبێتە وادەی دادگایی کردنەکە، پێویستە ئەو کات ئامادەبن.

دادوەر/ جاسم حمد رضا

***

دادگای کەتن لە کۆیە

ژمارە: ٢١٩/ج غم/ ٢٠١٨

بەروار: ٢٠١٩/٣/٢٤

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ مرتضی محمد سعدی

دادگای لێکۆڵینەوەی کۆیە بەبڕیاری ژمارە (٢٥٣/ج غم/٢٠١٨) لە ٢٠١٨/١١/٤ هەوالەی ئەم دادگایە کراوە بۆ دادگای کردنت بەنەهاتووی بەگوێرەی بەشی (٢٣ ف١) لە یاسای هاتووچۆی عیراقی بەژمارە ٨٦ی ساڵی ٢٠٠٤ لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت ئەم دادگایە بڕیاریدا ئاگادارت بکاتەوە لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگانامەیە لەدوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٥ کاتژمێر (٩) سەر لەبەیانی لەم دادگایە ئامادەبی بەپێچەوانەوە بەپاشملە بەگوێرەی یاسا دادگایی دەکریی وە ئەگەر ڕۆژی دادگایەکەبوو بەپشووی فەرمی ئەوا ڕۆژی دواتر دەبێتە وادەی دادگایی کردنەکە، پێویستە ئەو کات ئامادەبن.

دادوەر/ جاسم حمد رضا

***

دادگای کەتن لە کۆیە

ژمارە: ٨٨/ج غم/ ٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/٣/٢٤

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ بیداء ضیاء محمد

دادگای لێکۆڵینەوەی کۆیە بەبڕیاری ژمارە (٦٢/ج غم/٢٠١٩) لە ٢٠١٩/٢/١٠ هەوالەی ئەم دادگایە کراوە بۆ دادگای کردنت بەنەهاتووی بەگوێرەی (٤٤٦) لە یاسای سزادانی عیراقی بەژمارە (١١١) ی ساڵی ١٩٦٩ لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت ئەم دادگایە بڕیاریدا ئاگادارت بکاتەوە لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگانامەیە لەدوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٥ کاتژمێر (٩) سەر لەبەیانی لەم دادگایە ئامادەبی بەپێچەوانەوە بەپاشملە بەگوێرەی یاسا دادگایی دەکریی وە ئەگەر ڕۆژی دادگایەکەبوو بەپشووی فەرمی ئەوا ڕۆژی دواتر دەبێتە وادەی دادگایی کردنەکە، پێویستە ئەو کات ئامادەبن.

دادوەر/ جاسم حمد رضا

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر

ژمارەی دۆسیە/٤٩٠/٢٠١٩

ڕێکەوت/٢٠١٩/٣/٢٨

جارِدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٢٥/١٠٣ کە کەوتوەتە ك ٤٥ وارش دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار سفین سعدی احمد کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی کریم رسول بابکر بەبڕی/ ٨٩٧٠٠٠٠٠٠ ملیار دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سێ ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەڵالیش لەسەر کڕیارە. جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزه

١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ٢٥/١٠٣ ك ٤٥ وارش

٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو

٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە

٤ – پێکهاتەکەی/ لە بینایەکی (٥) نهۆم نهۆمی (٥) هیکل سەرجەم بینایەکی چۆل

٥ – ڕووبەرەکەی/٢٣٢,٩٩ م٢

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/

٧- نیشتەجێکەی/ بینایەکی چۆل

٨ – نرخی قرساو/ ٣٦٠٠٠٠٠٠٠ ملیار دینار.

***

10ی خاکەلێوە وەبیرهێنەرەوەی غەدرێکی مێژوویی لەگەلی کورد



نووسین و ئامادەکردن: تالب قەیسەری

زۆرن ئەو گەلانەی لەجیهاندا سەردەرای هەوڵی زۆر هێشتا نەبوونەتە خاوەن کیانێکی سەربەخۆ، گەلی کوردیش یەک لەو نەتەوانەیە کە بەدرێژایی مێژوو هەوڵیداوە ببێتە خاوەن دەوڵەتی خۆی و لەو پێناوەشدا زۆر سەرکردەی گەورە و بلیمەتی هەبووە کە هەموو ژیانی خۆیان بەختی ڕێگای رزگاریی نەتەوەکەیان کردووە، یەکێک لەو ڕێبەرانە پێشەوا قازی محەمەد سەرۆک کۆماری کۆمارە ساواکەی کوردستان بوو کە بەداخەوە لەو پێناوەشدا گیانی بەخت کرد.

بۆچوونە ناو باسەکە پێویستە ئاوڕێکی کورت لەدامەزراندنی حزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان بدەینەوە و دواتر ئاوڕێک لەهۆکارە سەرەکییەکانی ڕووخانی کۆماری کوردستان و دواجار لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد و بەرگریی پێشەوا لە سەرانی کۆمار و بارزانییەکان لەدادگای نزامی ئێراندا بدەینەوە.پێش کۆتاییهاتنی شەڕی دووەمی جیهانی حزبی دیموکرات لە 16ی ئاگوستی 1945واتا 25ی گەلاوێژی 1324دامەزرا و بەرنامەی خۆی بڵاو کردەوە و پێشەوا قازی محەمەد بووە ڕێبەری حزبی دیموکرات. دامەزراندنی حزبی دیموکرات نوختە گۆڕانێک بوو لەمێژووی خەباتی لەمێژینەی گەلی کوردا و سەرەتایەک بوو لەپێکهاتنی ڕێکخراو و حزبی سیاسیی پێشکەوتوو و مۆدێرن. لەو کاتەدا حزبی دیموکرات سێ ئەرکی ئەساسی لەسەر شان بوو، یەکەم: ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و کۆکردنەوەیان لەژێر ئاڵای خۆی بەتایبەت لەژێر بەرنامەیەکی ڕێکوپێک و ڕوونی سیاسیدا. دووەم: گرێدانی خەباتی گەلی کورد لەکوردستانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ خەباتی سەرانسەری گەلانی ئێران بۆ دیموکراسی و دژایەتی لەگەڵ فاشیزم. سێیەم: ڕاکێشانی پشتیوانی هێزە ئازادیخواز و دژە فاشیستییەکانی جیهان بۆ مافی ڕەوای گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد. لە 26 سەرماوەزی (132417ی 1945)دا دوا نیشانەی دەسەڵاتی حکوومەتی مەرکەزی کە بریتی بوو لە شارەوانی مهاباد لەنێو چوو، چەکدارەکانی شارەوانی چەک کران و دەسەڵات بەتەواوی کەوتە دەست خەڵکی، کە هەرچی دەچوو خەڵک زیاتر خۆی چەکدار دەکرد، ئەوە بناغەیەک بوو بۆ سوپای میللی کوردستان کە دواجار هەر ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ناسێندرا. پاش ئەو ڕووداوە ئاشکرا بوو کە حزبی دیموکرات بەزوویی کۆماری کوردستان ڕادەگەیەنێت، هەربۆیە لەباکووری شاری سەقزەوە تا دەگاتە ماکۆ دەستی بە چالاکی و تێکۆشان کرد بۆئەوەی خەڵکی ئەو ناوچانە نوێنەری خۆیان بۆ ڕێورەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بنێرنە مهاباد. لەڕاستیدا وەزعی نێوخۆیی ئەو ناوچەیە کە کۆماری کوردستانی تێدا پێکهات واتە ناوچەی مهاباد و دەوروبەری بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە لەبار بوو، زۆر بەڕلە پێکهاتنی حزبی دێموکرات، لە3ی خەرمانانی 1320ەوە خەڵکی گوندەکانی ئەو ناوچەیە بەکردەوە دەستەلاتی ڕژێمی شاهەنشاهییان لەنێو بردبوو و کارەکانیان بەهۆی سەرۆک عەشیرە و شێخ و ئاغاکانەوە بەڕێوەدەچوون. لەلایەکی دیکەوە ئەو ناوچەیە نەک بەهۆی دوورییەوە لە حکوومەتی کوردستاندا ئازادانە ڕێورەسمی ئایینی خۆیان بەڕێوە دەبرد، هەروەها لەکۆتایی تەمەنی کۆماری کوردستاندا کۆمەڵێک کتێب و چاپەمەنی دیکە بڵاوکراوەوە، هەوڵ درا کتێبی دەرسی بۆ منداڵانی قوتابخانەکان ئامادە بکرێ، لەباری پێشخستنی زمانی کوردی و بەرەوپێشبردنی فەرهەنگی کوردەوە شۆڕشێک بوو. بۆپێشخستنی فەرهەنگی کورد بۆ یەکەم جار شانۆی کوردی پێکهات. لە24ی ڕەشەمەی 1324واتا 14ی مارسی 1946یەکێتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان دامەزرا. بێگومان یەکێک لە دەسکەوتە هەرە گەورەکانی سەرکەوتنی کۆماری کوردستان پێکهێنانی سوپای میللی کوردستان بوو کە بە هێزی پێشمەرگە ناوی دەرکرد.

هۆکارەکانی هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان

لە13ی ڕەشەمەی 1324 بەرانبەر بە 2/3/1946 دەوڵەتی بەریتانیا، دوو ڕۆژ دواتر واتا پازدەی ڕەشەمەش دەوڵەتی ئەمریکا بەو هۆکارە کە لەشکری سوور ئێرانی بەجێنەهێشتووە ناڕەزایەتییان دەربڕی، تەنانەت ئەمریکا هەڕەشەی کرد و ڕایگەیاند ئەگەر هێزەکانی سۆڤییەت خاکی ئێران بەجێنەهێڵن، لەشکری خۆی دەنێرێتەوە ئێران. ئەم مەسەلەیە ئەوەندە گەورە بوو کە دەوڵەتی ئێران چەکدارە فیدایییەکانی کردن، گەلێک کردەوەی گرنگ و مێژوویی بوون، ڕۆژبەیان ئاواتی زۆر لەمێژینەی خەڵکی کوردستان بوون، کە بڕ یەکەم جار لەژیانی نەتەوەی کورددا هاتنەدی، زمانی کوردی کرا بەزمانی فەرمی، ڕۆژنامە و گۆڤارێکی زۆر بەزمانی کوردی بڵاو کرانەوە، کەمە نەتەوەکان لە حکوومەتی کوردستاندا ئازادانە ڕێورەسمی ئایینی خۆیان بەڕێوە دەبرد، هەروەها لەکۆتایی تەمەنی کۆماری کوردستاندا کۆمەڵێک کتێب و چاپەمەنی دیکە بڵاوکراوەوە، هەوڵ درا کتێبی دەرسی بۆ منداڵانی قوتابخانەکان ئامادە بکرێ، لەباری پێشخستنی زمانی کوردی و بەرەوپێشبردنی فەرهەنگی کوردەوە شۆڕشێک بوو. بۆپێشخستنی فەرهەنگی کورد بۆ یەکەم جار شانۆی کوردی پێکهات. لە24ی ڕەشەمەی 1324واتا 14ی مارسی 1946یەکێتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان دامەزرا. بێگومان یەکێک لە دەسکەوتە هەرە گەورەکانی سەرکەوتنی کۆماری کوردستان پێکهێنانی سوپای میللی کوردستان بوو کە بە هێزی پێشمەرگە ناوی دەرکرد.

هۆکارەکانی هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان

لە13ی ڕەشەمەی 1324 بەرانبەر بە 2/3/1946 دەوڵەتی بەریتانیا، دوو ڕۆژ دواتر واتا پازدەی ڕەشەمەش دەوڵەتی ئەمریکا بەو هۆکارە کە لەشکری سوور ئێرانی بەجێنەهێشتووە ناڕەزایەتییان دەربڕی، تەنانەت ئەمریکا هەڕەشەی کرد و ڕایگەیاند ئەگەر هێزەکانی سۆڤییەت خاکی ئێران بەجێنەهێڵن، لەشکری خۆی دەنێرێتەوە ئێران. ئەم مەسەلەیە ئەوەندە گەورە بوو کە دەوڵەتی ئێران لە بیست و شەشی ڕەشەمەی هەمان ساڵدا سکاڵای خۆی لەیەکێتیی سۆڤییەتی بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان برد، پاش وتوێژێکی زۆری دیپلۆماسی بەتایبەت پاش سەفەری سەرۆک وەزیرانی ئێران واتا قەوام بۆ مۆسکۆ لەسەرەتای مانگی خاکەلێوەی 1325دا، ڕێککەوتنێک لەنێوان یەکێتیی سۆڤییەت و ئێران لەسەر گیروگرفتی ئەساسی لەتاران پێکهات و لە 1325/1/15 ڕێککەوتنامەیەک بە ئیمزای قەوام و سادچیکۆف بڵاو کرایەوە کە سۆڤییەتی ئەرکدار کرد تا یەک مانگ و نیوی دیکە خاکی ئێران چۆڵ بکات. پاش فڕوفێڵی زۆری قەوام سەرەنجام ئەرتەشی ئێران گەیشتە زەنجان و ڕۆژی 2/9/ 1325 زەنجان بەتەواوی کەوتە دەستی دەوڵەتی مەرکەزی و هێزە چەکدارە فیدایییەکانی لەبەشەکانی دیکەی ئێران کۆنەپەرستی هێرشی توندی کردبووە سەر ڕێکخراوە دیموکراتەکان بەتایبەتی حزبی تودە و بەتەواوەتی هیلاکی کردبوون، بۆیە پێشەوا هیچ هیوایەکی بە تێکۆشان و یارمەتی حزبی تودە و حزبی ئێران و حزبەکانی دیکە نەمابوو و لەڕاستیشدا ئەوحزبانە ورەیان بەردابوو و ڕێکخراوەکانیان لێک بچڕابوون. لەلایەکی دیکەوە وەزعی نێوخۆی کۆماری کوردستانیش ئاڵۆز بوو، سەرۆک عەشیرەتەکان کە زۆربەی هێزی پێشمەرگە لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا بوو بەرەبەرە کۆماری کوردستانیان بەجێهێشت، هەروەها هەندێ لەدەوڵەمەندەکان و مەلاکانی مهاباد چوونە پێشوازیی سەرتیپ هومایونی، تەنیا هێزی بارزانییەکان کە هێزێکی مەشق پێکراو و بەدسیپلێن بوون لەگەڵ هەندێ هێزی دیکەی کۆمار مابوون کە پشتیوانی لە کۆمار بکەن، هەر لەبەر ئەم هۆیانە قازی محەمەد گەیشتووە ئەو قەناعەتەی کە کۆماری کوردستان توانای بەربەرەکانێی بەرانبەر ئەرتەشی ئێران نییە، بۆیە تەنیا شتێک کە پێشەوا پەڕۆشی بوو ڕزگارکردنی خەڵکی مهاباد و هەموو دانیشتوانی کوردستان لەکوشت و کوشتار بوو تا وەک خەڵکی ئازەربایجانیان بەسەر نەیێت. لەڕۆژی 23ی سەرماوەزی 1325ڕۆژێک لە بەڕێوەبەرانی حزبی دیموکرات چوون بۆ مالّی پێشەوا بۆ ئەوەی پێکەوە دوابڕیار بدەن، بەڵام پێشەوا بڕیاری دابوو کە بەربەرەکانێ نەکرێ، بەشێک لە بەڕێوەبەرانی حزب بڕیاریان دابوو خۆیان بەدەستەوە نەدەن کە ئەمە لای پێشەوا کارێکی پەسند بوو، بەڵام پێشەوا پێی گوتن ئێوە بڕۆن بەڵام من لەگەڵ خەڵکی دەمێنمەوە. هەروەها ڕۆژی 25ی سەرماوەز مەلامستەفا بارزانی بۆ دواجار چاوی بە پێشەوا کەوت و داوای لێ کرد کە لەگەڵ بارزانییەکان بچێ و ئامادەیی بارزانییەکانی نیشان دا بۆ ئەوەی تا دواهەناسە بەرگری لە پێشەوا دەکەن و فەرمانەکانی جێبەجێ دەکەن، بەڵام پێشەوا قازی محەمەد وەڵامەکەی هەر ئەوە بوو گوتی دەزانم ژیانم دەکەوێتە مەترسییەوە، بەڵام قەیدی نییە خەڵک بەجێناهێڵم. بەم جۆرە 26ی سەرماوەزی 1325بەرانبەر بە 17ی دیسامبری 1946 واتە ڕاست ساڵێک پاش چەککردنی شارەوانی مهاباد لەلایەن خەڵکەوە دیسان لەشکری ئەرتەشی ئێران هاتەوە مهاباد و شاری داگیر کرد و کۆماری کوردستانیش لەم ڕۆژەدا تێکشکا و کۆتایی بەتەمەنە کورتەکەی هات، بەم جۆرە بیست و هەشت کەس لەبەڕێوەبەرانی حزبی دیموکرات و کۆماری کوردستان لەپێش هەموان پێشەوا قازی محەمەد گیران.

دادگایی کردنی پێشەوا قازی محەمەد

لە 10/25/ 1325واتا 1947/1/15 دادگایی کردنی پێشەوا و سەدری قازی و سەیفی قازی دەستی پێکرد، لەرەوتی دادگایی کردنە فەرمایشیەکەدا پێشەوا تێکۆشا کە خۆی بە بەرپرسی ڕووداوەکان و هەموو هەنگاوەکانی کۆماری کوردستان لەقەڵەم بدا، پێشەوا دەیهەویست بەم جۆرە هەم بە ڕێگا و ئامانجەکانی حزب و گەل وەفادار بمێنێتەوە، هەم ئەوەندەی دەکرێ لەتاوانی هاوڕێیانی کەم بکاتەوە تا بەلکو بتوانێ کەمێک سزایان سووک بکا.

لەرەوتی دادگایی کردنەکەدا کۆمەڵێک تاوان خرانە پاڵ پێشەواوە کە جگە لە سیانیان نەبێت هەموو ئەو تاوانانەی ڕەتکردەوە، ئەوانیش؛ یەکەم: چوونی بۆ باکۆی ئازەربایجان و چاوپێکەوتن لەگەڵ باقرۆف. دووەم: ئاڵای کوردستان بەڵام نەک بەو جۆرەی ئەوان باسیان دەکرد. سێیەم: هاتنی بارزانی بۆ مهاباد، ئەویش نەک کەس هێنابێتی، بەڵکو خۆی هاتووە، چونکو ئەو کوردە و کوردستان مالی هەموو کوردێکە و هەر کوردێک حەز بکا لەهەر بستێک لەخاکی کوردستاندا بژی، حەقی خۆیەتی، چونکو ئەوە مافی خاوەن ماڵە.

ڕۆژی 29/ 3/ 1947 بۆ جاری دووەم دادگایی کردنی قازی محەمەد دەستی پێکرد و هەمان دوازدە تاوانی پێشوویان خستەوە پاڵی، بەڵام پێشەوا جگە لە سیانیان هەموو ئەو تاوانانەی بەتوندی ڕەتکردەوە و بۆ سەلماندنی تاوانەکانیش داوای بەڵگەی لێدەکردن، پێشەوا زۆر ئارام و لەسەرخۆ و بە ڕێز و حورمەتەوە وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە، بەڵام بەهۆی پێداگری پێشەوا لەسەر ڕەتکردنەوەی تاوانەکانی دادگا، دادستان بەسەر قازی محەمەددا نەڕاندنی و زۆر بەتوندی لەگەڵ قازی قسەی کرد کە قازی محەمەدیش کاردانەوەی بەتوڕەبوونی خۆی پیشان دا و گوتی تۆبش هەر قسەی ئەوانی پێش خۆت کاوێش دەکەیتەوە، لانیکەم ئەگەر دینتان نییە و خوداتان قبوڵ نییە تۆزێ جوامێر و پیاو بن، دادستان بەم قسانەی پێشەوا تورە بوو و بە مست لەسەری خۆی دا و گوتی کوردانی سەگ سفەت! ئەم هەڵوێستەی دادستان پێشەوای تورەتر کرد و پێی گوت سەگ و بێ شەرەف و بێ ئابڕو ئێوەن کە هیچ سنووردێک بۆ خۆتان و بۆ خەڵک و یاسا دانانێن.

لەبەرانبەر تاوانێکی دیکەدا کە دراببوە پاڵ پێشەوا لەمەڕ هێنانی بێگانە واتا مەلامستەفا بارزانی بۆ ناو خاکی ئێران، پێشەوا بەتوندی وەڵامی دایەوە و گوتی مەلامستەفا لەکوردستان بێگانە نەبووە و نییە، کوردستان مالی هەر کوردێکە، کەس ئەوی نەهێناوە، بەڵکو بارودۆخ وای کردووە کە ئەو بۆ بەشێکی دیکە لەمالی خۆی بێت، واتە لەبەشێکی ماڵەکەی خۆیەوە هاتووە بۆ بەشێکی دیکەی مالی خۆی و وەسەلام. سەرهەنگ ئەو ئالایەی کە وەک ئالای کوردستان دەیانناسی تفی لێ کرد و لەژێر پێی نا! قازی محەمەد وتی ئەوەی تۆ وەک ئالای کوردستان دەیناسی ئالای کوردستان نییە چونکو ئالای کوردستان داس و چەکوشی تێدا نییە، پاشان ئەم هەڵسوکەوتەتان نیشانەی کەم عەقڵی و بێ شعوری تۆ دەگەیەنێ، دڵنیا بن ئێوە دەستتان بەئالای کوردستان ناگا تا بێتحورمەتی پێ بکەن، ڕۆژێکیش دێ لەسەر ئەو خانووەی کە منی تێدا دادگایی دەکرێم، هەڵدەکرێ و دەشەکێتەوە. ئالای کوردستانم بە مەلامستەفا بارزانی سپاردووە و لەسەر شانی ئەو لەو چیا بۆ ئەو چیا و لەو شار بۆ ئەو شار و لەو ولاتە بۆ ئەو ولاتەی دەبا، تا ڕۆژێک لەتەواوی بەرزایی و بڵندایییەکانی کوردستان هەڵدەدرێ و دەشەکێتەوە، دڵنیا بن ئەو ڕۆژە دێ.

پاشان سەرهەنگ داوای لە پێشەوا کرد کە هەندێ تایبەتمەندی مەلامستەفا بارزانییان بۆ باس بکات، بەڵام پێشەوا گوتی هەرووک خۆتان وتتان ئەوە لەدەرەوەی ئیشوکاری دادگایە، بەڵام سەرهەنگ هەر داوای لێکرد ئەبێ باسی بکات، پێشەوا گوتی: من ناتوانم هەموو تایبەتمەندییەکانی بارزانی بۆ ئێوە باس بکەم، ئێوەش هەرگیز ناتوانن بارزانی بەتەواوی بناسن، ئەگەر منیش بڵێم ئێوە هەرگیز پەسندی ناکەن کە دوژمنەکەتان بەو هەموو کردەوە و تایبەتمەندییە باش و جوانانە بناسن. پێشەوا قازی محەمەد گوتی: ئەوەی لەپیاوەتی و شەرافەت و ئینسانییەت و شەجاعەت و نەبەزیی و سەخاوەت و نەترسی لەمێژوودا کەسانی مەزن بووبێتیان، مەلامستەفاش هەیەتی. لەبەشێکی دیکەی ڕەوتی دادگایی کردنەکەدا پێشەوا پێیان دەڵی مەلامستەفا زۆر هەوڵی دا من لەگەڵی بچم، ئەو بەباشی ئێوەی دەناسی، بارزانی پێی گوتم هیچ گەل ومیللەتێک وەک ئەجەم نییە، عەجەم کاتێک دەسەڵاتی هەبوو لەخۆی بێبەزەیی و بێتویژدان و زاڵمتر نییە، بەڵام ئەگەر ژێردەست بوو، کەس ناتوانێ و نازانێ وەک عەجەم خۆی زەلیل و مەزڵووم بکا و بپارێتەوە. لەکاتی بەهێزیدا هەرچی لەدەستی دێ دەیکات و لەکاتی بێدەسەڵاتیشدا بەهەر چییەک خۆی دەرباز کا، دەیکات و دەیڵێت. پاش دادگاییکردنە فەرمایشیەکە حوکمی لەسێدارەدانەکەیان پێڕاگەیاند، پاشان پێشەوا داوای لێکردن مۆڵەتی پێ بدەن تا وەسیەتنامەکەی بنووسێ. بەم جۆرە ڕۆژی 3ی ڕێبەندانی ساڵی 1325واتا ساڵێک و ڕۆژێک پاش ئەوەی بەسەرۆک کۆماری کوردستان هەڵبژێردرا، پێشەوا قازی و هاوڕێیانی بەئێعدام مەحکوم کران، بەڵام بەجێهێنانی حوکمی ئێعدام دواخرا بۆ شەست و شەش ڕۆژ دواتر واتا لەڕۆژی 10ی خاکەلێوەی 1326 بەرانبەر 30/ 3/ 1947 لەشاری مهاباد پێشەوا قازی محەمەد و سەدری قازی و سەیفی قازی لەسێدارە دران.

سەرچاوەکان:
چل ساڵ خەبات لەپێناو ئازادیدا (دکتۆر قاسملو).
سەرۆک کۆماری کوردستان لەبەردەم دادگای ئێراندا (بەدرەدین سالم).



کاندیدانی پارتی دیموکرات بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمەریکا 2020

ئا : ل. کاروباری نێودەوڵەتی

بڕیارە ساڵی داهاتوو (**2020**) هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا ئەنجام بدرێ ، بۆیە لە ئێستاوە بازاڕی خۆکاندیدکردن بۆ ئەم پۆستە گەرموگوڕیەکی کەم وێنە بەخۆیەوە دەبینێ ، بە تایبەتیش لە نێو دیموکراتەکان کە دەخوازن هەر چۆنێک بێ دۆنالد ترامپ لەو پۆستە دوور بخەنەوە ، ئەمەی خوارەوە لیستی ئەو ئەندامانەی پارتی دیموکراتە کە بە فەرمی خۆیان بۆ ئەم پۆستە کاندید کردووە :

جۆن هیکنلوپەر

حاکمی پێشووی ویلایەتی کۆلۆرادۆی ئەمەریکایە (تەمەنی 67 ساڵە) و لەسەر لیستی پارتی دیموکرات بە فەرمی کاندیدبوونی خۆی ڕاگەیاند ، بۆ ئەوەی ببێتە دووەم حاکم کە خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ترامپ ئامادە دەکات.

بێرنی ساندەرز

ئەو پێشتر خۆی بە کەسێکی سۆسیالیست و سەربەخۆ لە قەلەم داوە و لە هەڵبژاردنی ساڵی 2016ش لەسەر لیستی دیموکراتەکان خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کاندید کرد و پێبشڕکێی لەگەڵ هیلاری کلینتۆن کرد، بەڵام لە کۆتاییدا کشانەوەی خۆی ڕاگەیاند وئێستا لە تەمەنی 77 ساڵیدا دەخوازێ بیرۆکە و لێکدانەوەکانی جێبەجێ بکات، ساندرز دەشزانێ ئێستا لەنێو دیموکراتەکاندا ژمارەیەکی زۆری خەڵک پشتگیریی لە هزری چەپخوازیی دەکەن، بە گوێرەی ڕاپرسیەکانیش ئێستا ئەو لە پێشەوەی کاندیدەکانی تره.

ئێمی کلوبوشار

سیناتۆر ئیمی کلوبوشاری تەمەن **58** ساڵ ، داواکاری پێشوو و نەوەی کرێکارێکی کانەکانە ، بە پشتگیریەکی زۆری خەڵکی ویلایەتی مینیسوتا بۆ جاری سێیەم هەڵبژێردراوەتەوە و خاوەنی جەماوەرێکی زۆرە بە تایبەتی لەنێو کرێکارانی کانەکان .کلوبوشار لە هەموو کاندیدانی دیکەی دیموکراتەکان میانڕەوترە و ڕەخنەی توند ئاراستەی ترامپ دەکات .

ئەلیزابێس وارن

ئەندامی ئەنجومەنی پیرانە و نوێنەرایەتی ویلایەتی ماساتشوستس دەکات، تەمەنی 69 ساڵە و یەکێکە لە کاندیدانی پارتی دیموکرات بۆ پۆستی سەرۆکایەتی. ئەو مامۆستای بواری یاسا بووە لە زانکۆی هارڤەرد و ڕایگەیاندووە کە بە ڕەچەڵەک لە هیندیە سوورەکانە و لە دووی فێبرایەر بە فەرمی کاندیدبوونی خۆی ڕاگەیاند. خاتو وارن سەر بە باڵی چەپی دیموکراتەکانە و توانیویەتی لە ڕێگەی ڕەخنەگرتن لە وۆل ستریت ناوبانگێکی زۆر بۆخۆی پەیدا بکات.

کوری پوکر

ڕۆژی یەکی فێبرایەر، کوری پوکری سیناتۆری ڕەشپێست و خاوەن کەسایەتی بەهێز، بە فەرمی خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کاندید کرد ، ئەو زۆر جار بە باراک ئۆباما دەچوێنرێ و داوای یەکگرتن دەکات لە ئەمەریکایەکی بەش بەش. تەمەنی 49 ساڵە و پێشتر بەڕێوبەری شارەوانی نیوئارکی سەر بە ویلایەتی نیوجێرسی بووە و لە بواری وتاربێژیدا توانایەکی زۆری هەیە و چەند ساڵێکە لە نێو پێشبڕکێی سەرۆکایەتیدا ناوی دەهێنرێ .ساڵی **2016**یش هیلاری کلینتۆن بیری لەوە کردەوە کە بۆ پۆستی جێگری سەرۆک دەستنیشانی بکات .

کامالا هاریس

تەمەنی 54 ساڵە و کچی تۆژەرێکی هیندی بەناوبانگە لە بواری تەندروستی و لە ساڵی 2001 تا 2017 دادوەری گشتی بوە لە سان فرانسیسکۆ، دواتر بۆتە سەرۆکی هەموو دەزگا دادوەرییەکانی ویلایەتی کالیفۆرنیا ، ئینجا بۆتە سیناتۆر لەسەر لیستی هەمان ویلایەت و لە ڕۆژی لەدایکبوونی مارتن لوسەر کینگ لە 21ی کانونی دووەم خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کاندید کردووە و ئەمەریکا پەیدا کردووە، بەر لەوەی بزووتنەوەی می تو پەیدا ببێ کە بەرگری تەواوی لێ دەکات.

جولیان کاسترۆ

تەمەنی 44 ساڵەو سەرۆکی شارەوانی سان ئەنتۆنیۆیە لە ویلایەتی تەکساس، نەوەی پەنابەرێکی مەکسیکیە و لە سەردەمی باراک ئۆبامادا وەک وەزیر کاری کردووە، لە ڕۆژی 12ی کانونی دووەم بە فەرمی و بە هەردووک زمانی ئسپانی و ئینگلیزی کاندیدبوونی خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ڕاگەیاند و دەخوازێ یەکەم کەس بێ لە ئەمەریکای لاتین ببێتە سەرۆکی ئەمەریکا.

پیت پاتیگیگ

تەمەنی 37 ساڵە، سەربازێکی کۆنە و سەرۆکی پێشووی شارەوانی ساوس بیندە لە ویلایەتی ئیندیانا ، ڕۆژی 23ی کانونی دووەم بە فەرمی کاندیدبوونی خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ڕاگەیاند و نامەیەکیشی خستە ڕوو کە تایبەت بوو بە قسەکردن دەربارەی ئایندەی ئەمەریکا.

تولسی گابارد

تەمەنی 37 ساڵە و سیناتۆری هاوایە ، ڕۆژی 11 ی کانونی دووەم کاندیدبوونی خۆی ڕاگەیاند . کۆنە سەربازە و ساڵی 2016 پشتگیریی خۆی بۆ ساندەرز ڕاگەیاند . ڕەخنەی زۆری ئاراستە کراوە چونکە لە گەرمەی کێشەی سوریادا چاوی بە بەشار ئەسەد کەوتووە.

جۆن دیلانی

لە مانگی تەموزی ساڵی **2017** کاندیدبوونی خۆی ڕاگەیاند . ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانە لەسەر لیستی ویلایەتی میریلاند و دەرفەتی سەرکەوتنی کەمە.

ئەندرۆ یانگ

بەڵێندەرێکی نەناسراوە و لەدایکبووی ساڵی 1975ە و لە کۆتایی ساڵی 2017دەوە کاندیدبوونی خۆی ڕاگەیاندووە.

دوودڵەکان

ژمارەیەک لە کەسایەتیەکانی نێو پارتی دیموکرات دوودڵن لە خۆکاندیدکردن بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ، لە نێویاندا : جۆ بایدنی جێگری باراک ئۆبامای سەرۆکی پێشوو و سیناتۆر شیرۆد براون و بیتۆ ئۆرورکی نوێنەری پێشوو و مایکل بلۆمبیرگی ملیاردێر و ستی پڵۆزکی حاکمی ویلایەتی مۆنتانا.

سەرچاوە: AFP

نەتەوە یەکگرتووەکان:


چارەگێکی خەڵکی ڤەنزویلا پێویستیان بە یارمەتی مرۆیی هەیە

بە گوێرەی ڕاپۆرتێک کە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ئامادە کراوە 24٪ ی دانیشتوانی ڤەنزویلا (واتە 7 ملیۆن کەس) پێویستیان بە یارمەتی مرۆیی هەیە و ڕۆژ بە ڕۆژیش باری ئەم وڵاتە لە ڕووی کەمخۆراکی و بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکان بەرەو خراپتر دەچێ . لە ڕاپۆرتەکەدا ئەم زانیارییانەش بڵاو کراونەتەوە:

ساڵی 2019زیاتر لە 94٪ ی دانیشتوانی ئەم وڵاتە لە هەژاریەکی تەواودا ژیاون و 60٪ ی ئەوانە لەژێر هێڵی هەژاری بوون، لە نێوان ساڵانی 2014 و 2017 ڕێژەی بەکارهێنانی گۆشت و سەوزە و شیرەمەنی بە ڕێژەی 77٪ کەمی کردووە. ئەمڕۆ نزیکەی 3.7 ملیۆن کەس بە دەستی بەدخۆراکیەوە دەناڵێنن و دوور نیە 22%ی منداڵانی خوار تەمەنی 5 ساڵی دووچاری نەخۆشی و دەردی جۆراوجۆر بێن. ڕۆژانە نزیکەی 5 هەزار کەس وڵات بەجێ دێڵن و زیاتر لە 3.4ملیۆن کەس وەک پەنابەر لە وڵاتانی تر دەژین.



ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1889:
بە فەرمی تاوەری ئیفڵ لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا لەبەردەمی گەشتیاران کرایەوە .



ساڵی **1931**:
بومەلەرزەیەکی وێرانکەر لە شاری ماناگوای پایتەختی نیکاراگوا ڕوویدا و جگە لە وێرانکردنی شارەکە ، **3000** کەسیش گیانی لەدەست دا .



ساڵی **1962**:
لە سوریا کودەتایەکی سەربازی بە سەرۆکایەتی یەکێک لە ئەفسەرە ناسریەکان شکستی هێنا .



ساڵی **1991**:
جۆرجیەکان دەنگیان بۆ جیابوونەوەی وڵاتەکەیان دا لە سۆڤیەت.



ساڵی **2009**:
دوای شەش ساڵ مانەوە ، هێزەکانی بەریتانیا لە باشووری عێراق کشانەوە .



ساڵی **2014**:
لە ڕۆژئاوای ئەفریقیا زیاتر لە **70** کەس بەهۆی پەتای ئیبۆلا گیانیان لەدەست دا .

www.xebat.net
یەک شەممە 2019/3/31 ژمارە (5720)
خەبات

هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە تورکیا

لەنێوان گوشاری ئابووری و چاوتێبڕینی ئۆپۆزسیۆندا



ئامادەکردنی: ڕەمزی میرەکانی

پێشەکی:

جارێکی دیکە وادەی هەڵبژاردنەکان لە تورکیا تازە دەبێتەوە، کاتێک ڕۆژی 31ئەو مانگە 57ملیۆن دەنگدەر ڕوو لە سندوقەکانی دەنگدان دەکەن، بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی شارەوانییەکانی شار و شارۆچکەکان، کە نزیکەی نیو ملیۆن پاڵێوراو لە 13پارتی سیاسیی بەشداری تێدا دەکەن. ئەو هەڵبژاردنە لە زۆر ڕووەوە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو جیایە، گرنگترینیان ئەوەیە، یەکەم هەڵبژاردنە دوای گۆڕینی سیستمی دەسەڵاتی تورکیا لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی، لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی پێش وەختەدا، ئەوەی لە ڕێکەوتی 24حوزەیرانی 2018 بەڕێوەچوو، لەسەر بنەمای هەمواکردنەوەکانی دەستووریی، کە لە گشتپرسی لەسەر هەمواکردنەوەی دەستوور لە 16نیسانی 2016بڕیاری لەسەر دا.

ڕەوشی ئابووری

ئەگەر چاو بە ڕێڕەوی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بخشێنیت دەبینیت، ڕەوشی ئابووری لە پێشەوەی خشتەی کارەکانی پارتی دەسەڵاتدار و پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن دێت. کەمال کلیچدار ئۆغلۆ، سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری(گەورەترین پارتی ئۆپۆزسیۆن)، لەگەڵ هاوپەیمانەکەی لە هەڵبژاردنەکاندا، میرال ئەکشنار، سەرۆکی پارتی باش، کە پارتەکانیان لە ژێر چەتری (هاوپەیمانی میللەت) بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن، هەوڵ دەدەن، قەیرانی ئابووری بقۆزنەوە، بۆ ئەوەی گوشار بخەنە سەر (هاوپەیمانی گەل)، کە لە پارتی داد و گەشەپێدان و بزاڤی نەتەوەیی پێکهاتووە. چەکی هاوپەیمانی میللەتیش، خۆی لە چاودانە سەر ئیفیلیجی حکومەت لە بەڕێوەبردنی ئەو قەیرانە دەنوێنێت، تاکو ڕادەی ئەوەی پاڵی پێوەنا سەوزە و میوە، لە بنکەی میری و بە نرخێکی هەرزانتر بفرۆشێتەوە، دوای ئەوەی حکومەت باسی پرۆژەی گەورە گەورەی دەکرد. پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتدار، هەوڵ بۆ مسۆگەرکردنی بردنەوە بە ڕێژەی زیاتر لە 50% کورسییەکان دەدات، لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجی ئەردۆغان، بە بنیاتنانی تورکیایەکی تازە، لەگەڵ هاتنی ساڵی 2023کە هاوتایە لەگەڵ یادی سەد ساڵەی دامەزراندنی کۆماری تورکیای تازە، لەسەر دەستی مستەفا کەمال ئەتاتورکدا. ئەردۆغان هەستی بە گوشاری توندی ئۆپۆزسیۆن کرد، دوای ئەو سەرکەوتنانەی بۆی هاتەدی، لە میانی گشتپرسی لەسەر دەستوور لە ساڵی 2017، پاشان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی پێش وەختە لە حوزەیرانی 2018. ئەو سەرکەوتنانەش دانا وە، ئەوانیش محەمەد ئۆزهەسکی، وەزیری ژینگەی پێشوو، بۆ خۆ پاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆکایەتی شارەوانی ئەنکەرە، لەگەڵ نیهاد زیبکەچی، وەزیری ئابووری پێشوو، بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی ئەزمیر. پێشبینی دەکرێت یەڵدرم لە ئەستەمبوڵ سەرکەوتوو بێت، بەڵام ڕاپرسییەکان دەری دەخەن، مەنسوور یاواش، پاڵێوراوی پارتی گەلی کۆماری، لە پێش پاڵێوراوی داد و گەشەپێدان، ئۆزهەسکی لە ئەنکەرە دێت، جەنگی نێوانیشیان هەرگیز ئاسان نابێت. ئۆپۆزسیۆن دەیەوێت بنکەی هەڵبژاردنی پارتی داد و گەشەپێدان بهەژێنێت، دوای ئەوەی دەرکەوتنی پارتی باش، بە ڕابەرایەتی میرال ئەکشنار، کە لە تورکیا بە ئافرەتی پۆڵایین ناسراوە، بۆ هۆی بردنی بەشێک لە دەنگدەرانی داد و پاڵیان پێوەنا لەسەر گوشارخستنە سەر پارتەکەی، لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان بەردەوام بێت، کە لە تورکیا وا سەیری دەکرێت، ئاماژە دەبێت بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی، کە مانگی حوزەیرانی داهاتوو بەڕێوە دەچێت، چونکە دواتر زەمینە بۆ براوەی ئەو هەڵبژاردنە خۆش دەکات.

ڕکابەرێکی توند

لە سۆنگەی هەستکردن بە مەترسی هەڵێستەکان لەو هەڵبژاردنەدا، ئەردۆغان بڕیاری دا، چەند ناوێکی گەورە لە شارەوانی هەر سێ شارە گەورە و گرنگە کە دابنێت، کە ئۆپۆزسیۆن تێیاندا هەرەشەی لە گشتپرسی لەسەر هەمواکردنەوەی دەستوور و هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی لێکرد، ئەوانیش ئەستەمبوڵ، ئەنکەرە و ئەزمیرن، بڕێە بینالی یەڵدرم، دوایین سەرۆک وەزیران پێش سیستەمی سەرۆکایەتی، ئەو هاوپەیمانەی دەیووە سەرۆکی پەرلەمان، دوای ڕەتکردنەوەی پۆستی سەرۆک وەزیران، بۆ پاڵاوتن بۆ کورسی سەرۆکی شارەوانی ئەستەمبوڵ، لە مبارەیەوە وتی، ئەو هاوڕێی ڕێگەی خۆی هەڵبژاردووە، بۆ ئەوەی لەو جەنگە بەشداریی بکات. هەروەها ئەردۆغان، دوو وەزیری لە حکومەتی پێشووی بەڕۆژەوەندی پارتی داد و گەشەپێدان یەکلایی بووەتەوە، بە پشتن بەستن بەو خزمەتانەی لە شارەوانی و گەڕەکەکان پێشکەشی کردووە، چونکە فاکتەرێکی دیکە هەیە، کە لە هەموو هەڵبژاردنەکانی تورکیا بەدی دەکرێت، ئەویش دەنگدانی پارتەکانە لەسەر بنەمای پرەنسیپەکانەوە. لە میرال ئەکشنار، سەرۆکی پارتی باش وەنا، بانگی دەنگدەران بکات، بۆ ئەوەی بە ئازادی دەنگ بدەن، چونکە تورکیا ئێستا جێگرەوەی پارتی دەسەڵاتداری لێ هەڵکەوتووە. لەوەش زیاتر، ئێستا بیرۆکەی پێویستی گۆڕین، تەنیا لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە ناخرێتە ڕوو، بەڵکو لەنێو خودی پارتی داد و گەشەپێدانیش ئەو ئاراستەیە هەیە. گفتوگۆکانیش لەبارەی دەرکەوتنی پارتێکی سیاسیی تازە گەرم بوون، کە چەند سەرکردەیەکی کۆنی داد و گەشەپێدان سەرۆکایەتی بکەن، لە پێشەوەی هەموشیانەوە سەرۆکی پێشوو، عەبدوللا گوڵ و سەرۆک وەزیرانی پێشوو، ئەحمەد داود ئۆغلۆ. پێ دەچێت ئەو گفتوگۆیانە ڕاست بن، بەڵگەش ئەوەیە پاڵیان بە ئەردۆغان وەنا بڵێت:"چەند جیابوویەوەیەک لە پارتی داد و گەشەپێدان هەن، کە پێویست ناکات ناویان بێنین، ئەوانە مەحاڵە جارێکی دیکە لەگەڵیان لەسەر یەک ڕێگەدا بڕۆین". ئەردۆغان ویستیشی لە قەبارەی پارتە تازەکە کەم بکاتەوە و وتی:"پێشتر چەندین کەس پارتیان داناوە، خەڵکیش دەزانن چارەنووسیان چی بەسەرهات، ڕاستگۆیی و دڵسۆزیی، دوو شتی زۆر گرنگن، ئەوانە هیچیان نەدەوت، ئەو کاتەی پۆستمان بەرژەوەندی پارتی داد و گەشەپێدان یەکلایی بووەتەوە، بە پشتن بەستن بەو خزمەتانەی لە شارەوانی و گەڕەکەکان پێشکەشی کردووە، چونکە فاکتەرێکی دیکە هەیە، کە لە هەموو هەڵبژاردنەکانی تورکیا بەدی دەکرێت، ئەویش دەنگدانی پارتەکانە لەسەر بنەمای پرەنسیپەکانەوە. لە پێ دەبەخشین، بەڵام کاتێک پێمان وتن، دەبێت پشوو بدەن، دەستیان بە قسەکردن لە بارەی پارتی تازە کرد، ئەوانەی لە شەمەندەفەرەکە دابەزین، ناتوانن جارێکی دیکە سواری ببنەوە".



ژمارەی دانیشتوانی شارەکان:

1- ئەستەمبوڵ: 14.025.747 ملیۆن کەس.
2- ئەنکەرە: 4.587.558 ملیۆن کەس.
3- ئەزمیر: 2.847.691 ملیۆن کەس.
4- بۆرسە: 1.854.285 ملیۆن کەس.
5- ئەدەنە: 1.563.545 ملیۆن کەس.
6- غازی عەنتاب: 1.495.050 ملیۆن کەس.
7- قۆنیە: 1.003.373 ملیۆن کەس.
8- ئەنتالیا: 955.573 هەزار کەس.
9- قەیسەری: 911.984هەزار کەس.
10- میرسین: 842.230هەزار کەس.
11- ئیسکیشەهیر: 617.215هەزار کەس.
12- ئامەد: 614.310هەزار کەس.
13- سەمسون: 511.601هەزار کەس.
14- دەنیزلی: 492.815هەزار کەس.
15- ئۆرفە: 465.748هەزار کەس.
16- ئەدەبازان: 399.022 هەزار کەس.
17- مەلتیە: 388.590 هەزار کەس.
18- مەرعەش: 384.953 هەزار کەس.
19- ئەرزەڕوم: 358.344 هەزار کەس.
20- وان: 352.292 هەزار کەس.

هەڵبژاردنەکانی تورکیا بە ژمارە

- لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، سەرۆکی 30 شارەوانی شاری گەورە، 1351دە دری کارگێڕی، 1251 ئەندامی ئەنجومەنی ویلایەت و 20500 ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی هەڵدەبژێردرێن.
- پارتی داد و گەشەپێدان، بە سەرۆکایەتی سەرۆک ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە 30ئاداری 2014 ڕێژەی 45.6% دەنگەکانی بەدەستهێنا. کەچی ڕاپرسییەکان تاکو ئێستا ئاماژە بەوە دەکەن، لەوانەیە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، ڕێژەی 36و 38لە سەدای دەنگەکان بەدەست بێنێت.
- لە ماوەی 4 ساڵ و 3 مانگ لە تورکیا، 6 هەڵبژاردنی پەرلەمانی، سەرۆکایەتی و یەک گشتپرسی، لەسەر هەمواکردنەوەی دەستوور ئەنجام دراوە.

ژمارەی دانیشتوانی شارەکانی تورکیا

بە گوێرەی مەزندەکانی ساڵی 2015، ژمارەی حەوت شاری تورکیا، لە یەک ملیۆن کەس زیاترە، ژمارەی دانیشتوانی ئێستای تورکیا بە 82 ملیۆن کەس مەزندە دەکرێت.

مانشێت



سکای نیوز:
لە کەرتی شاندۆنجی ڕۆژهەڵاتی چین لە یەکێک لە کارگەکاندا تەقینەوەیەک ڕوویدا و 5کرێکار گیانیان لەدەست دا 3 کەسی دیکەش بریندار بوون .



ڕۆژنامەی ئەلحەیات :
حکومەتی ڕووسیا ڕایگەیاند کە بەناردنی ژمارەیەک سەرباز و کەلوپەلی سەربازی بۆ فەنزویلا وڵاتەکەی هەڕەشە لە کەس ناکات .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت :
بۆ جاری سێیەم ئەنجومەنی عمومی بەریتانیا پرۆژەکەی مای سەبارەت بە بڕێکزت ڕەت کردەوە .



ئیلاف :
دۆنالد ترامپی سەرۆکی ئەمەریکا لە ڕاگەیاندنێکدا وتی: بەهۆی باری خراپی خەڵک بڕیاری لادانی بەشێک لە سزاکانی سەر کۆریای باکورم دا .



ئەی ئێف پی:
ئەمڕۆ بە مەبەستی هەڵبژاردنی سەرۆکی وڵات ، خەڵکی سلۆڤاکیا ڕوو دەکەنە بنکەکانی دەنگدان .



ڕۆیتەرز:
ئەڵمانیا بڕیاری دا ماوەی قەدەغەکردنی فڕۆشتنی چەک بە سعودیە بۆ 6مانگی دیکە درێژ بکاتەوە .

یەکەم جارە لە کوردستان
نۆڕینگەی کەڵەشاخی تایبەت بە ئافرەتان دەکرێتەوە

شەهلا عەبدوللا : تاکە ئافرەت بووم کە بڕوانامەم پێدرا و دانترا بە تواناکانم لەوبوارەدا





خەبات – ڕەسوڵ سالح خۆشناو

سەرەتای زانستی گیا دەرمانی بۆ ئەوسەردەمانە دەگەڕێتەوە کە مرۆڤ جگە لە سروشت هیچی تری لەبەردەست نەبوو و ئەگەر تووشی نەخۆشی و پێکان و ئازار بووبایە، هەوڵیدا هەر لە سروشتدا چارەسەر بۆ نەخۆشی و ئازارەکانی بدۆزێتەوە. ئەم زانستە بەپشتاوپشت، وڵات بۆ وڵات هاتووە و زانستی گیا دەرمانی پێکهێناوە و هەر ئەمەش بۆتە دایکی زانستی پزیشکی نوێ. بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژنامەی خەبات پێی باش بوو، دیمانەیەک لەگەڵ خاتوو شەهلا عەبدوللا ڕسول، خاوەنی نۆرینگەی گیادەرمانی خانم بکات. کە لەتاقیکردنەوەیەکی گشتیدا لەنێوان 56 بەشداربوو تەنها 8 کەس بڕوانامەیان پێدرا و سەرکەتووبوون. تاکە ئافرەتیش بووە کە بڕوانامەی لەبواری ڕووەکناسی پێدراوە.

سەرەتا دەمانەوێ خۆت بە خوێنەرانی خەبات بناسێنیت:

من شەهلا عەبدوللا ڕسول، ساڵی 1969 لە قەڵادزێ لە دایکبوومە و 3کوڕ و 3کچم هەیە و دەرچووی شەشی ناوەندیم لە قوتابخانەی شادانی کچانی قەڵادزێ.

چۆن بوو هاتیتە جیهانە پزیشکییەوە؟

دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی 1991و لەدوای کۆچڕەوەکە، خانەوادەی ئێمە لە ئێران لە شاری نەغەدە گیرسایەوە و لەوێ 6مانگ خوولی پەرستاریم لە نەخۆشخانەی گشتی نەغەدە بینی. دواتر لە ساڵی 1996ـەوە دەستم کردووە بە مەشق و ڕاهێنان لەسەر کەڵەشاخ و زانستی گیادەرمانی و دەرزی ئاژنین (دەرزی چینی).

لەوبارەیەوە هەڵوێستی خانەوادەکەت چۆن بوو؟ هاندەرت بوون یا دژت وەستانەوە؟

خۆشبەختانە هاوسەر و کەسوکارم هاندەرم بوون و هاوکاری زۆریان کردم بۆ ئەوەی بتوانم لەم کارەدا سەرکەوتوو بم و بتوانم خزمەتی ئەو کەسانە بکەم کە پێویستییان پێم هەبوو.

تا ئێستا بەشداری چەند خولت کردووە و چ بڕوانامەیەکت لەو بوارە بە دەست هێناوە؟

بەشدار 4خوولم کردووە، یەکەمیان سەبارەت بە دەرزی ئاژنین بوو لە مانگی 5ی ساڵی 2012 بۆ ماوەی 15ڕۆژ، خولی دووەم سەبارەت بە گیادەرمانی بوو لە مانگی 7ی ساڵی 2018 و 15 ڕۆژی خایاند. لە مانگی 8ی ساڵی 2018بۆ ماوەی 15ڕۆژ خولێکم سەبارەت بە کەڵەشاخ بینی. دوایین خولیش لەبارەی ڕووەکناسی بوو و بڕوانامەم لەشاری قاهیرەی وڵاتی میسر پێبەخشراوە لە 2018 – 2019 لە باشووری کوردستان کە لەلایەن دکتۆر سەید حیلمی محەمەد کە پسپۆرێکی میسرییە بەڕێوەچوو و لەتاقیکردنەوەیەکی گشتیدا کە 56 کەس بەشداربیان تیادا کردبوو، تەنها 8کەس بڕوانامەیان پێدرا و توانیان لە تاقیکردنەکەدا سەرکەتووبن. من تاکە ئافرەت بووم کە بڕوانامەم پێدرا و دانترا بە تواناکانم لەوبوارەدا.

کەڵەشاخ چەند جۆری هەیە و چ سوودێکیان هەیە؟

دوو جۆرە کەڵەشاخمان هەیە: هەوایی و خۆێنی. هەوایی بۆ ئەوانەیە دەماریان دەگیرێ یاخود کەمخوێن یان نەخۆشی دڕێژخایەنیان هەیە، بە تایبەتی شێرپەنجە. کەڵەشاخی خوێنی بۆ ئازاری شان و مل و ژانەسەر و شەقیقە و ڕۆماتیزم و سەوەفان و قۆڵۆن و سووری مانگانەی ئافرەتان بەسوودە. بەڵام نابێت ئافرەتی دووگیان هیچ جۆرە کەڵەشاخێکی بۆ بکرێت.

زانیاریەکانت سەبارەت بە زانستی گیادەرمانی لە چ ئاستێک دایە و بۆ چارەسەری نەخۆشییەکان چ سوودێکی لێوەردەگری؟


زانیاریم لەبارەی هەموو گیای دەرمانی هەیە و دەتوانم هەموشیان بۆ نەخۆشییەکان بەکاربهێنم. تەنانەت دەتوانم لە ڕێگەی گیادەرمانی چارەسەری سووتان و سەدەفیە و سەوەفانیش بکەم.

لە مەراسیمێکدا مۆمی شەشەمین ساڵەی تەلەفزیۆنی زانایان داگیرسێنرا



بەڕێوەبەری داگیرساندنی مۆمی شەشەمین ساڵەی تەلەفزیۆنی زانایان مەراسیمێکی شایستە لەبارەگای سەرەکی تەلەفزیۆنی زانایان بەڕێوەچوو. مەراسیمەکە بەئامادەبوونی د. دیار عزەددین جەباری بەڕێوەبەری گشتی کارگێری دارایی بەوەکالەت و بەڕێرسانی حکومی حزبی و میوانان و ڕاگەیاندکاران و ڕۆژنامەوانان و زانیانی ئایینی بەڕێوەچوو.سەرەتای مەراسیمەکە بە چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەستی پێکرد، دواتر وتەی بەخێرهێنانی میوانان و پیرۆزبایی لەلایەن بەڕێز د. عەبدوللا گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پێشکەش کرا. سوپاسی ئاڕاستەی ستافی ئێستای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی کرد، کە بەردەوام پاڵپشت بوون بۆ بەردەوامی دان و پەخشی تەلەفزیۆنی زانایان .دواتر هەر لەچوارچێوەی یادەکەدا تەلەفزیۆنی زانایان لەبەرامبەر هاوکاری کردنی بەردەوامی کۆمەڵە کەسێکی خەمخۆری پرۆسەی میدیایی لەکوردستان و بەتایبەتی کەناڵی زانایان کە لەرابردوودا بەهەموو توانایەک پشتیوانی کەناڵەکەیان کردووە بۆ بەردەوامی بەکارەکانیان بدەن پاشان ڕێز لێنانی بەخشیە کۆمەڵێک کەسایەتی حکومی حزبی ڕۆژنامەوانان چالاک وانان.جێگەی ئاماژەیە تەلەفزیۆنی زانایان سەر بەیەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانە و پەخشی لە سەرتاسەری هەرێمە و بەرنامەکانی پەروەردەیی و ئایینییە، دوێنێش مۆمی شەشەمین ساڵیادی خۆی داگیرساند.

دیداری ئازیزان



لەورژژانەدا کۆمەڵە چیرۆکی (دیداری ئازیزان) لە نووسینی (ئەسکەندەر مەحمود کانیتوویی) کەوتە بەردەستی خوێنەران وکتێبخانەی کوردیمانی ڕازاندەوە، شایانی باسە ئەو کۆمەڵە چیرۆکە لە دیزاین و بەرگێکی جوان و قەشەنگی گوندی (کانیتوو) ی زێدی نووسەر لە دۆڵی جافایەتی و 30 کورتە چیرۆکی نەتەوەیی لە خۆ گرتووە و بە تیراژی هەزار دانە لە چاپخانەی ڕۆژهەڵات لە هەولێری پایتەخت چاپکراوە، ئەسکەندەر مەحمود، خاوەنی زیاتر لە سێزدە کتێبکی چاپکراوی وەرگێڕدراو وچوار ڕۆمانی حازربەدەستی چاپە و ئەو بەرهەمەی بەردەستیشتان یەکەم بەرهەمی نۆبەرەی قەڵەمی خۆیەتی ، هیوای سەرکەوتن وبەردەوامی و بەرهەمی زیاتربۆ نووسەر دەخوازین و پێبیدەڵێین : پیرۆزە و خەرمان بەرەکەت .

ئا: حەمە ئەحمەد جاف

جینیفەر لۆپێز و مۆنۆکرۆم



بە گوێرەی هەواڵێکی هونەری کەناڵی ئەلعەرەبییە (ئەلیەوم ئەلسابع)ی میسری، جینیفەر لۆپێز ئەستێرەیەکی دەروشاوەی جیهانی گۆرانی ئەمریکیە، جینیفەر لۆپێز بە پێچەوانەی ژنانی دیکەی شۆخ و شەنگ، مۆدیلی مۆنۆکرۆمی هەڵبژاردووە، واتە ئەو جل وبەرگ و ستایلانەی یەک ڕەنگن و ئەو ڕەنگەش ڕەنگی زەقە. وەک پرتەقاڵی و زەردو پەمەیی، هاوکات ستایلی جینیفەر لۆپێز و مۆنۆکرۆم ئێستا بۆتە دیاردەیەکی چاوڵێکەری لە ئەمریکاو ئەورووپا کە مۆدێلستەکان لە جیاتی چەند ڕەنگێک یەک ڕەنگی سەرتاسەری دەپۆشن. جینیفەر لۆپێز لەم بارەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو جۆرە ستایلەی خۆش دەوێ و ئەو ڕەنگە زەقانەش ڕەنگدانەوەی باشیان لەسەر دەروونی هەیە، بۆیە هەڵیبژاردووەو لە زۆربەی ئاهەنگەکانیدا دەیپۆشێت.

هەڵمەتی نەوەی دەسپاک ڕاگەیێنرا





بەرهەم شێخ عزەدین

دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەڵمەتی "نەوەی دەسپاک"یان ڕاگەیاند. لە مەراسیمەکەدا بە ئامادەبوونی دکتۆر پشتیوان سادق وەزیری پەروەردە، دکتۆر ئەحمەد ئەنوەر سەرۆکی دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان وتارێکی پێشکەش کرد و گوتی "قوتابیان و نەوەی نوێ ئایندەی هەرێمی کوردستانن، بۆیە لێرە پێویستە کار لەسەر ئەو نەوەیە بکەین، چونکە توانای وەرگرتنی قوتابیان و نەوەی تازە باشترە بۆ ئەوەی کەسێکی دەسپاکیان لێ دەربچێت، بۆیە لای ئێمە گرنگە بەر لە هەر گەندەڵییەک و دەستدرێژییەک لەسەر ماف و مووڵکی گشتی، کار لەسەر خۆپارێزی بکەین و ئەم هەڵمەتەش لەو چوارچێوەیەدایە". سەرۆکی دەستەی دەست پاکی هەرێمی کوردستان: سوپاسی وەزارەتی پەروەردەی کرد لەوەی کە ئامادەیی تەواویان دەربڕی بۆ جێبەجێکردنی ئەم هەڵمەتە و "لە کابینەی نوێش بەردەوام دەبین لەسەر ڕاهێنان و پەروەردەکردنی نەوەیەکی دەسپاک کە هۆشیارانە بەرامبەر حاڵەت و دیاردە دزێوەکان مامەڵە بکات".پاشان وەزیری پەروەردە و سەرۆکی دەستەی دەسپاکی، ڕێز و سوپاسیان بەخشییە ئەو کەسانەی کە ڕۆڵیان هەبووە لە ڕاهێنانی ٥٠ مامۆستا و ئامادکردنی نامیلکەی "نەوەی دەسپاک" بۆ ئەوەی لە ناوەندەکانی خوێندن بدرێتە قوتابی و خوێندکاران.

سەرۆکی یانەی هەندرێن:

ئەگەرچی یەکەمی خولی نایابی کوردستان بووین، بەڵام هیچ لەبارودۆخەکەی نەگۆڕی!





دێمانە: ئەردەلان هەولێری

ئەم وەرزە یانەی هەندرێن ئاستی وەک پێویست نەبوو لەخولی نایابی کوردستان، ئەمەشیان بۆ چەندین هۆکار دەگرێتەوە لەسەرووی هەموشیان ئامادەکاری پێشوەختەیان بۆ خولەکە نەکردبوو ، بۆیە ئەم وەرزە تیپەکەیان نەیانتوانی ڕکابەری لەسەر پلەکانی پێشەوە بکەن، بۆ ئەم مەبەستە و تیشک خستنە سەر چەند تەورێکی دیکەی گرینگی سەر بەیانەکە، حاکم جەمال جەمیل سەرۆکی یانەی هەندرێن لەبارەی ئاستی تیپەکەیان لەخولی ئەم وەرزەی کوردستان بۆ خەبات گوتی: بۆ ئەم وەرزەی خولی نایابی کوردستان ئامادەکارییەکی تەواومان نەکردبوو کەبەبێتە جێی ڕەزامەندی هەموولایەک، بەڵام خۆشبەختانەش ئەم وەرزە بەهەوڵ وهیمەتی ستافی ڕاهێنەران و سەرجەم یاریزانەکانی نێو تیپەکە توانیوومانە ئاستێکی باش نیشان بدەین ، ئەگەرچی ئەم وەرزە ئاستی یانەکانی کوردستان بەجیاوازی پارسااڵ زۆر جیاواز بوو لەزۆر ڕووەوە، هەندێک یانە هەن کەپارسااڵ ڕکابەری نازناوی خولەکەیان دەکرد، بەڵام ئەمسااڵ ئاستی تیپەکەیان وەک پێویست نەبوو ، بۆیە لەم خولەدا هەندێک یانە بەهێز دەرکەوتن و هەندێکیش لەئاستێکی مامناوەندی دابوون ، بەهەر حاڵ ئەم وەرزە خولەکە تارادەیەکی باش بەهێزی یانەکانی تێدا دەبیندرا، بەتایبەتی یانەکانی دەرەوەی شار ئاستێکی چاوەڕوانەکراو پێشکەش دەکەن ، بۆیە هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم کەبەردەوام بن لەسەر ئەم ڕیتمە.

گوتیشی: ئەم وەرزە زۆر متمانەمان لەسەر یاریزانە لاوەکان دەکرد و هەروەها بەپێی ئیمکانیاتی خۆمان لەگەاڵ تیپەکە دەڕوێشتین، ئەگەرچی ئیمکانیاتی مادەی ومەعنەوی وایکردووە هەموو لەتێو یاری تۆپی پێدا چڕ بکرێتەوە، ئەمەشیان لەهەموو دونیا باوە تۆپی پێش هەموو یاریەکانە.

هەر لەبارەی دەستکەوتەکانی یانەکەیان حاکم جەمال بۆ ئەم مەبەستەش گوتی: لەخولی نایابی کوردستان و خولی تازەپێگەیشتووانی پلەی یەکەمی کوردستانمان بەدەستهێنا ، بەڵام هیچ لەبارودۆخەکە نەگۆڕا و تەنها دەستکەوتێکی مەعنەوی بوو.

دواجار سەرۆکی یانەی هەندرێن لەبارەی خەرجکردنی پارەیەکی زۆر بۆ خولی کوردستان ئەوەی ئاشکرا کرد: لەکاتی بەڕێوەچوونی خولی نایابی کوردستان بێگومان پارەیەکی یەکجار زۆر خەرج دەکرێت بۆ بەڕێوەچوونی یاریەکان بەشێوەی چوون و هاتن، لەگەڵ ئەوەدا ئەو هەموو پارە و خەرجییە زۆرە لەیاریزانان و یاریەکان خەرج دەکرێت، لەبەرامبەردا هیچ شایستەیەکی دارایی بۆیانەکان خەرج ناکرێت.

لەخولی نایابی فوتسااڵی کچانی کوردستاندا

چۆمان گۆڵبارانی پیرەمەگروونی کرد، زانکۆی جیهانیش لەسەرکەوتنەکانی بەردەوامە



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان و لەدەستپێکی هەفتەی چوارەمی خولی نایابی فوتسااڵی کچانی کوردستاندا، ئەم هەینی یە پێنج یاری گرینگ لەشارەکانی کوردستان ئەنجام دران، لەوانە لەهۆڵی داخراوی زانکۆی جیهان هەردوو تیپی فوتسااڵی زانکۆی جیهان و دووکان ڕووبەڕووی یەکتربوونەوە، یارییەکە لەبەرژەوەندی کچانی زانکۆی جیهان بەکۆتایی هات ،دوای ئەوەی کچانی زانکۆی جیهان توانیان سەرکەون بەسەر کچانی دووکان بەئەنجامی 2-7گۆڵ ، بەم سەرکەوتنە کچانی زانکۆی جیهان لەکۆی 3یاری 9 خاڵی کۆکردۆتەوە و لەپلەی دووەمی ڕێزبەندی کروپی یەکەم دەبیندرێت.

لەیاری دووەمدا کچانی زێرەڤانی گۆڵبارانی کچانی دەروازەیان کرد، دوای ئەوەی کچانی زێرەڤانی بەئەنجامی 8 گۆڵی خاوێن توانیان لەکچانی دەروازە ببەنەوە و 3 خاڵی گرینگی یاریی ەکە لەسەر دەستی یانەی دەروازە بەدەستهێنا ،بەم بردنەوەیە زێرەڤانی کۆی خاڵەکانی بوو بە 6خاڵ و لەپلەی سێیەمدا جێگیربووە، هەروەها هەردوو یانەی پیرەمەگروون و چۆمان ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە ،یارییەکە بەئەنجامێکی گەورە لەبەرژەوەندی کچانی چۆمان بەکۆتایی هات و دوای ئەوەی توانی بە 2-10 گۆڵ لەکچانی پیرەمەگروون بباتەوە و 3 خاڵی گرینگی لەسەر دەستی ئەو یانەیە دەستەبەر بکات، ئەنجامی یاریەکانی دیکە بەمشێوەیە بوو:

ئەفرۆدێت *4
سێمێل 3
سیروانی نوێ *4
سەورە 3
ڕێزبەن دی

خولەکە تاگەڕی چوارەم بەمشێوەیە دەبێت:

گروپی یەکەم:
1- سیروانی نوێ 12 خاڵ، زانکۆی جیهان 9 خاڵ، چۆمان 6 خاڵ

گروپی دووەم:
1- ئەفرۆدێت 9 خاڵ2،
سێمێل 6 خاڵ،
زێرەڤانی 6 خاڵ

ڕیال بۆ کڕینی دی لیخت چووە سەر هێڵ



ڕۆژنامەی سپۆرتی نزیک لە یانەی بەرشلۆنە ئاشکرای کردووە، کە ڕیال مەدرید خەریکە شکست بە ئامانجەکەی بەرشا بێنێت و ماتیاس دی لیخت، بەرگریکاری هۆڵەندی یانەی ئەیاکس ئەمستردام، لە هەموکاتێک زیاتر لە ڕیال مەدرید نزیکە. ڕۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنیا ئاشکرای کردووە، سەرەڕای ئەوەی چارەنوسی دی لیختی بەرگریکاری ئایاکس بە بەرشلۆنە بەستراباووەوە، بەاڵم فلۆرنتینۆ پێریزی سەرۆکی ڕیال مەدرید، بەشێوەیەکی چاوەڕوانەکراو لە گواستنەوەی ئەم یاریزانە نزیک بووەتەوە و دەیەوێت بیکاتە شوێنگرەوەی ڕافائیل قارانی فەرەنسی، کە بڕیاری داوە لە کۆتایی ئەم وەرزە لە یانەی شاهانەدا بڕوات. سەرچاوەکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە، کە بەرشلۆنە تا ماوەیەکی نزیکی لەمەوبەر، لەسەر گواستنەوەی دی لیخت، کێبڕکێی یانەکانی یوڤانتس، بایرن میونخ و پاریس سانجێرمانی دەکرد، بەاڵم لە ئێستادا ڕیال مەدرید، بە گرێبەستێکی گەورە جەنگی گواستنەوەی ئەم یاریزانە لە دژی بەرشلۆنە و یانە گەورەکانی دیکە دەست پێ کردووە. ڕۆژنامەکە ئەوەشی خستۆتەڕوو پێریز بە 70 ملیۆن یۆرۆ چووەتە نێو مامەاڵی گواستنەوەی ماتیاس دی لیختی تەمەن 19 ساالن، ئەم نرخەش تا ئێستا لە الیەن هیچ یانەیەک پێشکەشی ئەو یاریزانە نەکراوە. ئەمەو ماتیاس دی لیخت، لە ئەکادیمیای یانەی ئایاکس پێگەیشتووە، لەگەڵ ئەو یانەیە بەشداریی لە 104 یاری کردووە، 10 گۆڵ و 5پاسی یەکالییکەرەوەی هەیە، لەم وەرزەشدا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە گەیاندنی یانەکەی بۆ قۆناخی هەشتی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا گێڕاوە.

ڕەمزی میرەکانی

ئەمڕۆ لە خولەکانی ئەوروپادا

خولی ئیگلیزی:
کاردیف سیتی- چێلسی
لیڤەرپوول- تۆتنهام هوتسپێر

خولی ئیسپانیا:
ریال مەدرید- هویسکا
لیڤانتی- ئیبار
رایۆ ڤالیکانۆ- ریال بیتس
ئیشبیلیە- ڤالێنسیا
بەلەد وەلید- ریال سۆسیداد

خولی ئیتالیا:
پارما- ئەتەلانتا
ڤیۆرنتینا- تۆرینۆ
ڕۆما- ناپۆلی
ئینتەر میلان- لازیۆ

خولی ئەلمانیا:
هانۆڤەر- شالکە
ئینتراخت- شتوتگارت

مارکا: زێدان بەپۆگبا سەرسامە



ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی لەبەرگی یەکەمیدا کە دوێنێ شەمە دەرچوو، نیازی زێدانی ڕاهێنەری ڕیال مەدریدی ئاشکرا کردووە بەوەی زۆر حەز دەکات یانەکەی گرێبەست لەگەڵ پۆگبای ئەستێرەی یانەی مان یونایتد ئەنجام بدات.

ڕۆژنامەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە زێدان زۆر سەرسامە بەشێوازی یاریکردنی ئەو یاریزانە و زۆر گونجاوە لەگەڵ یانەی ڕیال مەدرید، بۆ ئەم مەبەستەش یانەی شاهانە خوازیارە زوو ئەو یاریزانە بباتە ریزەکانیەوە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun, 31. Mar. 2019 No: (5720)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



1991/3/31 کۆڕەو.. ریفراندۆمی ڕەتکردنەوەی ژێردەستەیی بوو

دڵشاد مستەفا وەسانی

بەرەو یادی 60 ساڵەی

خەبات

(14)

قۆناغی دوای 2003

3-1

ڕۆژی 9ی نیسانی 2003 بە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس گۆڕانێکی گەورە ڕوویدا، ئەو ڕۆژە لە ڕێوڕەسمێکدا بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر لە بەغدا، تیمێکی سوپای ئەمەریکا پەیکەری (سەدام حوسێن) ی سەرۆکی عێراقیان ڕووخاند، ئەمەش ئاماژەیەک بوو بۆ کۆتاییهاتنی سەردەمی دەسەلاتی سەدام، ئەم ڕووداوە بۆ گەلانی عێراق گرنگیی خۆی هەبوو، بۆ کوردیش سەردەمێکی نوێ بوو، هەرچەندە کورد لە 1991ـەوە ناوچەیەکی ئارامی لە سەرووی هێڵی پانیی 36 هەبوو، کە توانیبووی ڕۆژنامەگەریی لە قۆناغی شاخەوە بگوازێتەوە قۆناغی شار، بەتایبەتیش ڕۆژنامەی خەبات، کە لەدایکبوونی لە بەغدا بووە و دوو ساڵی یەکەمی تەمەنی لەو شارە بووە، بەڵام لە ماوەی 28 ساڵی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان لە شاخ دەرچووە، دوای ڕاپەڕینی ئاداری 1991 دەرفەتێکی دیکەی بۆ ڕەخسا، کە جارێکی دی لە چاپخانەی گەورە و پێشکەوتوو دەربچێت.

بۆیە قۆناغی دوای 2003 دەروازەیەکی نوێی بە ڕووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا کردەوە، ئەگەر ئەو قۆناغە زەمینەی بۆ بەرەوپێشەوە چوونی ڕۆژنامەگەریی دروستکردبێت، ئەوا بۆ ڕۆژنامەگەریی پارتی دیموکراتی کوردستان گۆڕینێکی دیکە بوو، چونکە ئاڵوگۆڕی لە هەردوو ڕۆژنامەکەی (خەبات) و (برایەتی) کرا، خەبات لە عەرەبییەوە بۆ کوردی و برایەتیش لە کوردییەوە بۆ عەرەبی و بەناوی (التاخی)، یەکێک لەو تێبینییانەی لەبارەی ڕۆژنامەی خەبات هەیە، ئەوەیە کە بەدرێژایی تەمەنی لەسەر ئەو جێگیر نەبووە بە زمانی کوردی یان عەرەبی دەربچێت، هەرچەندە دەرچوونی زۆرترین ژمارەی خەبات لە بەغدا بە عەرەبی پاساوی خۆی هەیە، ئەویش ئەوە بووە کە پارتی دیموکراتی کوردستان دەیویست ڕەوایەتی دۆزی کورد بۆ عەرەب ڕوونبکاتەوە، ئەو ڕاستییە بە گەلانی عێراق بگەیەنێ کە دۆزی کورد مەسەلەیەکی ڕەوایە، لە دوو ساڵی یەکەمی تەمەنی خەبات لە بەغدا (4ی نیسانی 1959 تا 28ی ئاداری 1961) لە کۆی 462 ژمارە 42بە کوردی و 420 ژمارەیش بە عەرەبی بووە، لە هەردوو شۆڕشی ئەیلوول (1961-1975) و گوڵان (1976-1991) یش، ڕۆژنامەی خەبات بە کوردی و عەرەبی دەرچووە. لە سەرەتای قۆناغی دوای ڕاپەڕینی ئاداری 1991یش، خەبات ئەو ناجێگیرییەی لە ڕووی دەرچوون بە کوردی و عەرەبی هەبووە، تا لە ئاداری 1993دا ئەو مەسەلەیە ڕێکخراوە.

دوای ئەوەی لە 9ی نیسانی 2003 کۆتاییهاتنی سەردەمی دیکتاتۆری ڕاگەیەندرا، کورد لە پرۆسەی نوێی سیاسیی عێراق بەشداریی کرد، جارێکی دی وەک قۆناغی دوای 14ی تەمووزی 1958ئامادەبوونی کورد لە بەغدا، پێویستی بەوە بوو لەگەڵ گفتوگۆی ڕۆژانە لە نێوان پێکهاتەکانی عێراق، ڕاگەیاندنی کوردیش قورساییەکی لە بەغدا هەبێت، ئەگەرچی لە سەرەتای قۆناغەکە کورد لەچاو پێکهاتەکانی دی ڕێکخراوتر بوو، بۆیە زوو کەوتەخۆ بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە، پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرەتای مانگی ئایاری 2003 واتە 20 ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی کۆتایی سەردەمی سەدام، تیمێکی ڕاگەیاندن کە پێکهاتبوو لە ستافی ڕۆژنامەی (خەبات) ی عەرەبی نارەد بەغدا، ئەو تیمە لە ڕۆژی 1ی ئایاری 2003 بۆ بەغدا بەڕێکەوت.

یەکێک لە لێکەوتەکانی ئەو قۆناغە، هەڵوەشاندنەوەی (دەزگای ڕۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات) بوو، بە دامەزراندنی ئەو دەزگایە لە 1993 تا هەڵوەشاندنەوەی لە 2003، ڕۆژنامەی خەبات ڕێکخرا بوو، لەوە دەربازی ببوو هەر جارە و بە کوردی یان بە عەرەبی دەربچێت، هەروەها کاتی دەرچوونیشی لەو ماوەیەدا ڕێکخرا بوو و بە بەردەوام هەفتانە دەردەچوو، دەزگای ڕۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات، جگە لە ڕۆژنامەی (برایەتی) ڕۆژانە و (خەبات)ی هەفتانە بە عەرەبی، برایەتی پاشکۆیەکی هەفتانەی (ئەدەب و هونەر) و (وەرزش) ی هەبوو، هەروەها گۆڤاری (سەنتەری برایەتی) وەک گۆڤارێکی وەرزی ئەکادیمی دەردەکرد، ژمارەیەک کتێبیشی چاپ کرد.

سەلاح پایانیانی و لەیلا نورانی ڕێزیان لێ نرا

ڕێوڕەسمی ناساندنی فەرهەنگی زارەکی موکریان بەڕێوەچوو



خەبات- تریفە ئازاد:

ڕۆژی 28ی ئەم مانگە دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، ڕێورەسمی ڕاگەیاندن و ناساندنی گەورە پرۆژەی (فەرهەنگی زارەکیی موکریان)ی بەڕێوەبرد و، هاوکات ئافەرین و ڕێزی پێشکەش بە نووسەری پرۆژەکە (سەلاح پایانیانی) و هاوکار و هاوڕێنی نووسەر خاتوو (لەیلا نورانی) کرد.

سەرەتا وتاری بەخێرهاتن لەلایەن کاروان عەبدوڵڵا بەرپرسی خانەی موکریانی خوێندرایەوە، پاشان وتاری مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لەلایەن ئاریان فەرەج خوێندرایەوە، دواتر وتاری ئەکادیمیای کوردی و پاشان نووسەر سەلاح پایانیانی باسی پرۆژەگەورەکەی کرد.

لەبارەی پرۆژەکە عومەر بەکر ئەندامی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بە خەباتی گوت: پرۆژەکە بە پیداگری و هاوکاری بەردەوام و ڕاستەوخۆی هەقاڵی بەڕێز (مەحمود محەمەد) بەرپرسی دەزگا و خەمخۆری و بەدواداچوونی (خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە) گەیشتە ئەنجام.

گوتی: پرۆژەکە، کە بەرهەمی 23 ساڵ کاری بەردەوامی نووسەرەکەیەتی و تا تەواوبوونیشی چەند ساڵێکی تری دەوێت، ئەلفو بێی کوردی و ئەدەبیاتی زارەکی و کولتووری جل و بەرگ و کشتوکاڵ و خوادنی موکریان لەخۆ دەگرێ، کە نووسەر بە شێوەیەکی مەیدانی و لەئەنجامی لێدوان و بەدواداچوونەکانی لە ناوچەی موکریان وەدەستی خستوون..

ئەو پرۆژەیە، چیتر خەمی گواستنەوەی پشتاو پشتی زار و ورده کلتووری موکریانمان نەهێڵێت و بۆ یەکەمجار ئەو شوناسە نەتەوەییە دیکۆمێنت دەکات و دەپارێزێت.

لەبارەی دیدی دەزگا بۆ ئەو جۆرە پرۆژانە گوتی: دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، بە گرینگییەوە کار لەسەر ئەو بابەتە دەکات و ئومێدەوارە لە داهاتوودا بتوانرێت سەرجەم بنزار و دیالێکتەکانی دیکەی نەتەوەییمان لە چوارچێوەی چەند پرۆژەیەکی هاوشێوەدا کۆبکاتەوە و بپارێزێت، بەمەش کۆڵەکەکانی زمانی شرینی کوردی بەهێز و پتەوتر دەبن..

لەبارەی چۆنیەتی دابەشکردنە فەرهەنگەکە گوتی: بڕیارشە، 100 دانە سێت لەو بەشەی پرۆژەکە ببەخشرێت بە زانکۆ و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و ناوەندە زانستییەکان و کتێبخانە گشتییەکان، بەهیوای سەرکەوتن بۆ هەموو ئەو هەوڵ و هەنگاوانەی کە خزمەت بە زمان و کولتوور و شوناسی نەتەوەییمان دەکەن.

دوو فلیم لەسەر پێشمەرگە بەشداری پێدەکات

بۆ یەکەمجار کوردێک دەبێتە لیژنەی فیستڤاڵی نەهج



خەبات: بۆ یەکەمجار لە مێژووی سازدانی فیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی سینەمایی نەهج کە لە شاری کەربەلا ساز دەکرێ. کوردێک دەبێتە لیژنەی فیلمبژێری و دوو فیلمی گرنگ و هەستیار لەسەر پێشمەرگە بەشداری پێشبرکێی سەرەکیی فیستڤاڵ پێدەکات. کە ئەویش فیلمی بەرەنگاربوونەوەی مەرگ دەرهێنانی سەروەر عەبدوڵڵا و فیلمی یاسر دەرهێنانی ئەیاد جەبارە. کە یەکەمجارە لەو فیستیڤاڵە گەورەو فراوانەی سینەمادا فیلم لەسەر پێشمەرگە بەشداری پێدەکرێت. نووسەرو ڕەخنەگری سینەمایی کورد (پشتیوان عەبدوڵڵا) کە وەک کوردێک شەرەفی ئەوەی پێبەخشرا ئەندامی کاریگەری لیژنەی بەربژێری و فیلم بژێر بێت. ڕایگەیاند کە جگە لەو دوو فیلمە کوردییە فیلمی کوردی کاریگەری تر بەشداری پێکراوە، بەڵام قورسە لە فیستڤاڵێکی وادا بە ئاسانی فیلم لەسەر پێشمەرگە بەشداری پێبکرێت، ئەگەر فیلمەکە لە زۆر ڕووەوە کوالێتی بەهێز نەبێ. هەروەها گوتیشی بە دوری نازانم یەک لەو دوو فیلمە خەڵاتی گەورەی فیستیڤاڵ ببات‌ەوە. جێی باسە فیستڤاڵی نەهج خولی پێنجەمی لە ڕۆژی ٥ی نیسان تا ١٠ی نیسان ٢٠١٩ لەشاری کەربەلا بە بەشداری فیلمی ٨٠ وڵات بەڕێوە دەچێت.



هونەرمەند شاناز جەمال پەیامی پێکەوەژیان دەگەیەنێتە پاپای ڤاتیکان

سەفین حەمید: شاناز جەمال، خانمە هونەرمەندێکی کوردی موسڵمانە، هێمای تەواوی ئایینەکان لە کوردستان، لەسەر عەبایەک نەخشاندووە و بڕیارە پێشکەشی بە پاپای ڤاتیکانی بکات، وەک پەیامێک بۆ پێکەوە ژیانی ئاینی لە کوردستان